دەرویشیان؛

بەزیندوویی بوو بە ئەفسانەی نەمری

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

پێرست؛

١- کەلێنێکی گەورە ..... عەبدوڵڵا حەسەن زادە ٣
٢- ئاشناییەکی کورت بە ژیان و بەرهەمەکانی عەلی ئەشرەف دەرۆیشیان ..... و: ئازاد نەجم ٦
٣- دەرۆیشیان، بە زیندوویی بوو بە ئەفسانەی نەمریی ..... مەریوان هەڵەبجەیی ١١
٤- ئەو پیاوەی ئازاری زۆری چەشت بەڵام هەرگیز ملی کەچ نەکرد ..... ئا: ئەدەب و هونەر ١٥
٥- دەرۆیشیان و ئەدەبی واقیعخواز ..... عادل قادری ١٩
٦- لەبارەی مەرگی دەرۆیشیان؛ من لەسەر ئەم خوانە خوێناوییە دانانیشم ..... مەریوان هەڵەبجەیی ٢٦
٧- دەرۆیشیان، ڕووناکبیرێک هەڵقوڵاو لە هزری چەپ ..... لە فارسییەوە: هۆمەر نۆریاوی ٣٣
٨- هاواری ئازاری هەژاران، لە غەریبییدا سەری نایەوە ..... شەریف فەلاح ٣٨
٩- ڕۆمانی ساڵانی هەورین، وێنەیەکی غەمگینی کرماشان ..... مەحمود نەجمەدین ٤٣
١٠- بەرهەمێکی دیکەی عەلیئەشرەف دەرۆیشیان کرایە کوردی ..... شەریف فەلاح ٥٠
١١- عەلیئەشرەف دەرویشیان حیکایەتخوانی ئازارەکانی کرماشان، لە غەریبی سەری نایەوە .... هێژا سنە ٥٢
١٢- ئارەزووە کاغەزییەکان(کورتە چیرۆک) ..... لە فارسییەوە: محەمەد کەریم ٥٧
١٣- عەلی ئەشرەف دەرۆیشیان لە گفتوگۆیەکی بڵاونەکراوەدا ..... مەریوان هەڵەبجەیی ٦٣
١٤- وتووێژ لە گەڵ عەلی ئەشرەف دەرویشیان ..... و: مستەفا زاهیدی ٧٩
١٥- دیمانە گەڵ عەلی ئەشرەف دەرۆیشیان چیرۆک نووس، نووسەر و پسپۆڕی ئەدەبی ..... عادل محمدپور ٨٧
١٦- دەرۆیشیان: تا کاتێک شتێکی لەو گرنگتر نەخوڵقێت کتێب هەر دەمێنیێتەوە ... سەلاحەدین بایزیدی ٩٣
١٧- گفتو گۆیێک دەگەڵ ئەلی ئەشرەفی دەرۆیشیان ..... وەرگێڕ: ڕێناس جاف ١٠٥
١٨- وتووێژ لەگەڵ ئەلی ئەشرەف دەرۆیشیان ..... ڕۆژنامەی شەرق ١١٦
١٩- عەلی ئەشرەف دەرویشیان ..... لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە ١٢٦
٢٠- عەلی ئەشرەف دەرۆیشیان ..... خاک ١٢٧
٢١- مصاحبه منتشر نشده درویشیان: لباس واقعیت به داستان پوشاندم ..... مختار شکری پور ١٢٩
٢٢- زندگی و آثار علی اشرف درویشیان ١٤٠
٢٣- ناگفته‌های همسر علی‌اشرف درویشیان ١٤٩

کەلێنێکی گەورە

عەبدوڵڵا حەسەن زادە

بەبۆنەی کۆچی دوایی عەلی ئەشرەفی دەرویشیان:

جاروبار بنیادەم هەقیەتی گلەیی لە ڕۆژگار و ئاسمان بکا و ساڵێک لە ساڵان بە ساڵی نەهامەتی بژمێرێ. ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی (٢٠١٧ی زایینی) بۆ ئێمەی کورد یەکێک لە ساڵە بەرلۆمەکانە. ئەو هەموو غەدر و ناهەقییەی لەم ساڵەدا لەلایەن دەوڵەتەکانەوە لە کورد کرا و ئەو شەڕ و مەرگ و ماڵوێرانییە کە بەسەریدا سەپا بەس نەبوو، مەرگی هەڵکەوتە و دەستەبژێرەکانیشی لێبوو بە سەربار. ئاسان نیە هەموو ئەو خەسارە ئینسانییانە کە لەم ساڵەدا لە کورد کەوتوون لە کاتێکی پڕکەسەری وەک ئێستادا وەبیر بێنەوە. بەڵام هەر بۆ نموونە دەڵێین ئەمساڵ لەنێو ڕێبەران و بیرمەندانی دنیای سیاسەتدا ئێمە لە غەمی لەدەستدانی دەستەبژێرانی وەک نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان؛ عەزیز محەممەد، کەسایەتیی گەورەی سیاسی و سکرتێری پێشووی حیزبی شیووعیی عێراق و مام جەلال، سەرکۆماری پێشووی عێراق و سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا دانیشتین. دوایەش نۆرە گەیشتە گەورەگەورەکانی دنیای ئەدەب و لەوەشدا دوێنێ کەریم زەند، ئەدیب وگەڕێدە و مێژوونasی ناسراو و ئەمڕۆ گەورە نووسەر و تۆێژەری بەتوانای ئەدەبی، عەلیئەشرەفی دەرویشیانمان لەدەست چوو.

عەلیئەشرەفی دەرویشیان گەورەنووسەری کوردی کرماشانی بۆ ئۆگرانی ئەدەب و زمان و کەلتووری کوردی لەوە

ناسراوترە پێویستیی بە ناساندن هەبێ و لەوەش زۆر گەورەترە لە وتارێکی کورتی قەڵەمێکی کولدا هەقی خۆی بدرێتێ. ئەوەی لێرەدا دەنووسرێ تەنیا هەڵپشتنی دڵۆپێک لە دەریای کەسەری لەدەستدانی ئەو و باس لە پەراوێزی توانا ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی ئەو بلیمەتەیە. هەوڵ بۆ دەرخستنی قووڵایی ئەدەبی و سیاسیی دەرویشیان کاری تۆێژەر و لێکۆڵەرێکی وەک خۆیەتی کە لە بەرهەمێکی سەدان لاپەڕیدا (ئەگەر نەڵێم هەزاران لاپەڕی) هەقی خۆی بداتێ.

عەلیئەشرەف لەدایکبووی کرماشان و پێگەیشتووی ئەو گەورەشارەی کوردستانە. دەگەڵ ئەوەی وەک هەموو ڕۆڵەکوردێکی ئەو سەردەمە و تەنانەت ئێستای خۆرهەڵاتی کوردستانیش لەمافی خوێندن بە زمانی کوردی بێبەش بووە، بەداخەوە بۆی نەڕەخساوە ببێتە نووسەرێکی کوردی کوردینووس. بۆیە بەرهەمەکانی لەباری فۆرمەوە بەشێکن لە ئەدەبی فارسی و چبەشێکیش! بەڵام لەبواری نێوەرۆکدا لە هەرباڕێکەوە لێیان بڕوانی لە خزمەتی زمانی کوردی، مێژووی کورد، خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد و خەباتی مافخوازانەی چینە چەوساوەکانی کۆمەڵی کوردەواریدان. ئەو لە ناساندنی کەلەپووری ئەدەبیی کوردیدا بە کۆکردنەوەی پەند و مەتەڵ و ئەفسانە کوردییەکان بەڕاستی ڕەنجی فەرهادی کێشاوە و کوردی وەک نەتەوەیەکی خاوەنزمان و ئەدەب و حیکمەت و مێژوو بە جیهانییان نیشان داوە.

بە حوکمی ئەوەی چەند ساڵێک وەک مامۆستای قوتابخانە لە گوند و لەنێو چەوساوەترین چینەکانی کۆمەڵ خزمەتی کردوە و دەگەڵ غەم و ئێشوئازاری خەڵکی بێبەشی لادێ ژیاوە، لە بەرهەمە بەهێز و بەپێزەکانیدا توانیویەتی پانۆڕامایەک لە ژیانی پڕمەینەتیی چەوساوەکان بەتایبەتی گوندنشینە هەژار و بێدەرەتانەکان بخاتە بەر چاوی خوێنەران و ئۆگرانی نووسینەکانی خۆی. جگە لەمانە ئەندامەتی یان لایەنگری لە حیزبی تووەی ئەو سەردەمەدا کە بە حیزبی چین و تۆێژە بێبەشەکانی کۆمەڵی ئێران دەژمێردرا ئەوی بۆ هەمیشە کردە نووسەرێکی چەپ و زمانحاڵی چەوساوانی دەستی سەرمایەداری و فیئۆدالیزم و ڕێژیمی پاشایەتی، نوێنەری بەرهەقی جیهانخۆران لە ئێراندا. خوێندنەوەی ڕۆمانی چواربەرگی و هەزاران لاپەڕیی (سالهای ابری) «هەورە سانەکان» کە بەجۆرێکی شیرین و دڵگیر مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران لەو ڕۆژگارەدا دەگێڕێتەوە، ئەم ڕاستییە بە جوانی نیشان دەدا.

بە خۆیندنەوەی بەرهەمەکانی عەلیئەشرەفی دەرویشیانیش مرۆڤ کەموزۆر دەتوانێ پەی بە گەورەیی و توانا و زانایی ئەو ئینسانە بەرێ. بەڵام ئەوکاتە دەتوانی بزانی عەلیئەشرفی دەرویشیان کێیە کە بەخت یارت بووبێ لە نیزیکەوە لەگەڵی ئاشنا بی (خۆزگەم بەو کەسانە کە بۆیان ڕخساوە زۆرتری ببینن و بدوێنن). نووسەری ئەم دێڕانە تەنیا سێ جار (جارێک لە باشووری کوردستان و دووجار لە ئوروپا) شانسی ئەوەی هەبووە لە نزیکەوە بیدوێنێ، ئەویش هەر جارە بۆ سێچوار سەعات و دواجاریشیان دوای تووشبوونی بەو نەخۆشییە کە بەداخەوە سەرەنجام بەچۆکیدا هێنا. بەهەق ئەم چەند سەعاتە بۆ من دەرفەتی تەمەن بوون و تا ماوم لەبیریان ناکەم، چونکە تەنیا لەو دەرفەتانەدا بوو کە بنیادەم دەیتوانی بزانێ ئەو پیاوە چەرمایەکە لە زانست و ئاگایی و مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی.

ڕەنگە هەر نەبێ بەشێک لە ڕووناکبیرانی کورد بزانن کە ئەمن کۆمەڵە چیرۆکی (از این ولایت)ی مامۆستام لەژێر ناوی «هەتاو»دا کردە کوردی و چاپ و بڵاوم کردەوە. یەکێک لە خۆشییەکانی ژیانم بوو کە هەم بە نووسین هەم لەکاتی دیدارماندا ئەم وەرگێڕانەی پەسند کرد. لە دوادیدارماندا ئەو پێشنیاری کرد و بۆخۆشم دەمێک بوو حەزم دەکرد ڕۆمانی (سالهای ابری)یش بکەمە کوردی. بەڵام گیروگرفتی من ئەوە بوو کە پەند و مەتەڵ و گۆرانییە کوردییەکانی نێو ئەو ڕۆمانەی کردبوونە فارسی و ئەمنیش نەمدەویست لە فارسییەوە بیانکەمەوە کوردی چونکە پێم وابوو ڕەسەنایەتییەکەیان دەچێ. بۆیە داوام لێکرد کە بە هاوکاریی شاناز خانمی هاوسەری هەموو دەقە کوردییەکانم بە ژمارەی لاپەڕەوە بۆ بنێری تا وەرگێڕانەکەم بەکەلک و بێئیراد بێ. هەرچەند پێشنیارەکەمی پەسند کرد بەڵام بەداخەوە پێموایە بەهۆی نەخۆشی و گرفتارییەوە نەیانتوانی بۆم بنێرن و ئەمنیش ئەو دەرفەتەم لەدەست چوو.

بە هەموو پێوانەیەک لەدەستچوونی عەلیئەشرەفی دەرویشیان بۆ زمان و ئەدەب و مێژووی کوردی خەسارێکی گەورەیە و کەلێنێکی بەجێ هێشتوە کە پڕکردنەوەی وەختێکی درێژ دەخایەنێ. بەوبۆنەیەوە پرسەدڵ سەرەخۆشی لەبنەماڵە بەڕێزەکەی بەتایبەتی شانازخانمی هاوسەری و کاکە بێهرەنگی کوڕی دەکەم و لەوەش زیاتر سەرەخۆشی لە کۆڕی ئەدیبان و ئەدەبدۆستان و خەڵکی بەشەرەفی کوردستان دەکەم. دڵنیام ناو و یادی ئەو گەورە نووسەرە بۆ هەمیشە لە کانائی بەرهەمە ناوازەکانیەوە لە دڵی دڵسۆزانی زمان و ئەدەب و مێژووی کوردیدا دەمێنێتەوە.

ڕووحی مامۆستای نەمر شاد و تەمەنی ئازیزانی درێژ، ڕێگاکەی ڕێگای ژیاندنەوە و بووژاندنەوەی کەلەپووری

نەتەوەیی کورد بەردەوام بێ و سەبووری بۆ هەمووان.

(لە ژمارەی ٧١٣ی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

ئاشناییەکی کورت بە ژیان و بەرهەمەکانی عەلی ئەشرەف دەرویشیان.

وەرگێڕانی بە دەسکارییەوە: ئازاد نەجم

عەلی ئەشرەف دەرویشیان لەساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لەشاری کرماشان هاتۆتە دونیاوە. لەساڵی ١٣٣٧ دوای تەواوکردنی خوێندن، بە پیشەی مامۆستایی و بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەدێهاتەکانی گەیلان غەرب (اسلام اباد)، وانە دەڵێتەوە.

لەتەمەنی منداڵیەوە، هاوکات لەگەڵ خوێندندا، لەگەڵ زۆر کاردا دەستوپەنجەی نەرم کردوە. لەساڵی ١٣٤٥ دا دەچێتە زانکۆی تاران و لەبەشی ئەدەبیاتی فارسی دریژە بەخوێندن دەدات و سەرکەوتوانە قۆناغەکانی خوێندن دەبڕێ. لەساڵەکانی ١٣٥٠ تا ١٣٥٧ بەهۆی نوسینی کۆمەڵە چیرۆکی (لەم ویلایەتە) و هەڵسوڕان و چالاکی سیاسیەوە، سێ جار دەسگیر دەکرێت و دەخرێتە بەندیخانەوە و مافی نوسینی لێ زەوت دەکەن و لەجاری سێیەمی

بەندکردنیشیدا فەرمانی یانزە ساڵ بەندکردنی بەسەردا دەدرێ و دوای تەواو کردنی شەش ساڵ، بە هۆی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە ڕزگار دەبێت. بەشێکی زۆر لەبەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانگەلێکی وەک ئنگلیزی، فەڕەنسی، ڕوسی، ئەڵمانی، عەرەبی و ئەرمەنی و لەم دواییانەشدا وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فینلاندی.

بەرهەمە چاپکراوەکانی لە بوارەکانی ڕۆمان و چیرۆکدا بریتین لە: لەم ویلایەتە، ئاشۆرا، وەرزی نان، لەگەڵ گۆرانیەکانی باوکمدا، چیرۆکەکانی زیندان، ژوری تاکەکەسی ژمارە هەشت، گەورەیی، سائە هەوریەکان، لە نەداریەوە تا دارایی، هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکەکان، چوار کتێب.

لەبواری نوسینی چیرۆکی منداڵانیشدا خاوەنی بەرهەمەکانی وەک: هەوری ڕەشی هەزار چاو، ڕەنگینە، کەی دەگەڕێیەوە براگیان، ئاگر لە کتێبخانەی منداڵان و چەندانی تر ...

لە بوارەکانی فەرهەنگ و کلتوردا چەند بەرهەمێکی وەک: پەند و ئەفسانە کوردیەکان، فەرهەنگی ئەفسانەکانی گەلانی ئێران، کە ئەمەیانی بەهاوکاری ڕەزا خەندانی مەهابادی تەواو کردوە و خۆی لەبیست بەرگدا دەبینێتەوە. جگە لە نوسینی چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و دو کتێبیش لەبارەی بەرهەمەکانی سەمەدی بەهرەنگیەوە.

بەڕێز مامۆستا عەبدوڵای حەسەن زادە لەپێشەکیەکەی کۆمەڵە چیرۆکی هەتاودا لەبارەی دەروێشیانەوە دەنوسێ:

(زۆربەی خوێنەرانی کورد چیرۆکنوسێکی پایەبەرز و پێشکەوتنخوازی ئازەربایجانی ئێران بەنێوی سەمەدی بەهرەنگی دەناسن کە بیر و قەڵەمی خۆی بۆ خزمەت بە چەوساوەکان و لەوەش واوەتر بۆ پەروەردەکردنی شۆڕشگێڕانەی منداڵان تەرخان کردبوو. بەڵام ڕەنگە کەم کەس لەخوێنەرانی کورد، چیرۆکنوسێکی شۆڕشگێڕی کورد لەئێراندا بەنێوی (عەلی ئەشرەف دەروێشیان) بناسن. کەژیان و بەسەرهاتی زۆر لە سەمەدی بەهرەنگی دەچێت. ئەویش نوسەری هەژاران و چەوساوەکانە، ئەویش دەرد و داخی ستەملێکراوان دەردەبڕێ و دەیەوێ منداڵان بەڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەپەروەردە بکرێن. ئەو دۆست و هاوڕێ و هاوبیری سەمەد بووە. نوسینەکانی کاریگەری سەمەدیان پێوە دیارە و دەکرێ بڵێین ئەویش سەمەدێکی ترە. ئەویش وەک سەمەد نەیتوانیوە بە زمانی زگماکی خۆی بخوێنێت و لەئاکامدا هەموو نوسینەکانی بەزمانی فارسین. بەڵام بەشی هەرە زۆریان ئاوێنەی باڵانوێنی ژیانی نێو کۆمەڵی کوردەواری و تەنانەت هەندێک جار، کەم تا زۆر باس لە ستەمی نەتەوایەتیش دەکات*).

دەرویشیان لەیەکێک لەچیرۆکەکەکانیدا کە لەزمانی مامۆستایەکەوە دەگێڕدرێتەوە نیشاندەری ئەو پشتیوانی و هاوسۆزیە کە دەرویشیان لەگەڵ خەڵکانی هەژار و بەشمەینەتدا هەیەتی.

یەکێک لەقوتابییەکان، بەنێوی نیاز عەلی کوڕێژگەیەکی هەمیشە نەخۆش و بیمارە، لەپۆلی دوی سەرەتاییە و لەوانەکانیدا بەباشی دەچێتە پێش. ئەو ناتوانی لەگەڵ منداڵەکانی تردا بکەوێتە یاری کردن، چونکە هەرکاتێک یاری دەکات، کۆخەیەکی توند دەیگرێ و خوێن هەڵدێنێتەوە. تاکەهۆکاری یاریکردنی نیاز عەلی ئەو تۆپەیە کە لە کاغەزی نوسراو، دروستی کردوە. هەل ومەرج و گوزەرانی ماڵەوەیان خراپە و کاغەزی فڕێدراوی نێو تەنەکەی خۆڵەکان بۆ نوسینەوەی وانەکانی بەکاردێنێ.

هەمیشە کاتێ بەیانیان ناوی منداڵەکان دەخوێندرێتەوە نیاز عەلی ئامادەیە و کاتێ مامۆستا دەڵێ: نیازعەلی نەدار، ئەم ڕادەچەنێ و بەشەرمەوە لەکاتێکدا ئەو قەڵەم و دەزوە دەشارێتەوە کە بەکراسەکەیوە دوریوە، بەدەنگێکی کزۆڵکەوە دەڵێ: بەڵێ.

ڕۆژێکیان مامۆستاکەی لەنێو پۆلدا هەڵیدەستێنی و ئەو کاغەزەی پێ دەخوێنێتەوە کە لەبری شوشە بەپەنجەرەی پۆلەکەوە چەسپاندویانە.

ئەویش بەدروستی بێ هەڵە دەیخوێنێتەوە: چاکەتی دوسەد و پەنجا تمەنی لەتاراندا هەڕاج کرا.

باوکی نیاز عەلی بێکارە و دایکیشی پێشتر ڕۆژانە بەبیست وپێنج قڕان لەلای مەشهەدی باقر کاری (تەقاندنی فستەق) ی کردوە و ئێستا بەهۆی کەوتنی ددانەکانیەوە، لەماڵێدا دانیشتوە و بێکارە. براگەورەکەشی ساڵی پێشتر لەکاتی کارکردندا کەوتۆتە ژێر خاک وخۆڵەوە و مردوە.

ڕۆژێکیان مامۆستا داوا لەقوتابییەکان دەکات خەونەکانیان بگێڕنەوە. نیاز عەلی خەونەکەی خۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن لەخەونیدا لەگەڵ باوکیدا بونەتە چۆلەکە و بەنێو ژوورێدا هەڵفڕیون و چۆن دایکی سەرەتا پێدەکەنێ بەڵام دواتر دەست بەگریان دەکات و لەناکاو هەژدیهایەکی گەورە خۆی بەژوورێدا دەکات و دایکی بەبینینی هەژدیهایەکە زارەترک دەبێت و هاوار دەکات: ئەی هاوار مەشهەدی باقر هات.

مەشهەدی باقر خاوەن کارە و دایکی نیاز عەلی لەلای ئەو کار دەکات. دایکی نیاز عەلی بەبینینی مەشهەدی باقر دەترسێت و خێرا چنگێک فستەق لەکۆشی خۆی دێنێتە دەرێ دەست بەتەقاندنیان دەکات و نیاز عەلی دەبینێ کە چۆن لەئەنجامی تەقاندنی فستەقەکاندا خوێن بەپوکەکانی دایکیدا دێتەخوارێ. فستەقەکان لەنێو خۆیاندا بڕیار دەدەن لەڕقی مەشهەدی باقر، نەتەقن و دەم نەکەنەوە. مەشهەدی باقریش کاتێ دەبینێ هەمو فستەقەکان دەمیان داخستوە و ناقەڵشێن تورە دەبێت و دەچێ داربک لە فستەقەکان هەڵدەگرێ و دەیەوێ دارکاریان بکات بەڵام لەو کاتەدا بەرپێیەکانی پڕدەبن لە ددانی کەوتو و لەسەریان هەڵدەخلیسکێ و بەپشتدا بەردەبێتەوە. لەئەنجامی بەربونەوەی مەشهەدی باقردا فستەقەکان پێکەنین دەیانگرێ و دەم دەکەنەوە. مەشهەدی باقر ئیدی کەیفی ساز دەبێ و دەکەوێتە سەر ئەو فێڵەی کە چۆن کاربکێ وابکات فستەقەکان دەم بکەنەوە، هەربۆیە دەست دەکات بەئەنجامدانی چەندین کار وکردەوەی سەیر سەیر وەک ئەوەی ملی درێژ دەکات بۆ ئاسمان و ئەستێران هەڵدەلوشێ و سەرمەقولاتان دەکا و چاوەکانی چەپ و چوێڕ دەکا. نیاز عەلیش بەبینینی ئەم کاروکردەوە گاڵتەجارپانەی مەشهەدی باقری هەژدیها، پێکەنین دەیگرێ. بەهۆی پێکەنینەکەیەوە مەشهەدی باقر دەیبینێ و ئیدی دەگاتە ئەو ئاکامەی کە هەمو ئەو کاروکردەوانە لەژێر سەری نیاز عەلییدان. بۆیە دەیەوێ بیگرێت. نیاز عەلیش کە لەوخەونەیدا بۆتە چۆلەکە، دەیەوێت لەپەنجەرەکەوە بفرێت و خۆی ڕزگار بکات، بەڵام لەوکاتەدا دەمی پەنجەرەکە بەخێرایی بچوک دەبێتەوە و نیازعەلیش زۆر ترسی لێ دەنیشێ. ئیدی لەوکاتەدا یەکێک لە فستەقەکان دەبێتە باڵۆنێک و بەنیاز عەلی دەڵێ وەرە سەر پشتم با ڕاکەین. ئەویش لەسەر باڵۆنەکە دادەنیشێ و پاشان لە لولەی سۆبەکەوە دەیباتە دەرێ و بەرەو ئاسمان بەرزی دەکاتەوە. لەو خەونەدا نیازعەلی لە ئەستێرەکان نزیک دەبێتەوە و دەیەوێت دانەیەکیان لێبکاتەوە و بیهێنێتەوە بۆ دایکی تا بیکاتەملی، بەڵام لەوکاتەدا قاچی هەڵدەخلیسکێت و سەرەوبن بەر دەبێتەوە و وردە وردە شۆڕ دەبێتەوە خوارێ و دەبینێ ئەوا باوکی خەریکی گرتنەوەی قوڕی سواقە و نیازی هەیە سەربانەکەیان سواق بدات. لەئەنجامدا دەکەوێتە نێو قوڕی سواقەکەوە و وەخەبەردێ و دەبینێ سەربانەکەیان لەئاستی سەری ویدا دڵۆپان دەکا.

دوابەدوای گێڕانەوەی خەونەکەی، هەمو قوتابیەکان پێدەکەنن و چەپڵەی بۆ لێدەدەن.

چەند ڕۆژ دواتر کاتێ مامۆستا دێتەوە نێو پۆل و نێوی منداڵەکان دەخوێنێتەوە، کاتێ دەگاتە سەر نیازعەلی، منداڵەکان وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن ئامادە نیە. کاتێ مامۆستا لەهۆکاری نەهاتنەکەی دەپرسێ، منداڵەکان لەوەڵامدا دەڵێن: دوێنی ئێوارێ، بەدەم گوتنەوەی ئەستێرەم دەوێ، ئەستێرەم دەوێ بۆ دایکم، لەسەرمان مرد.

ئەم چیرۆکە بەسەرهاتی خەمگینی کوڕێژگەیەکە کە هەژاری و نەداری بڕستی لە خۆی و خێزانەکەشی بڕیوە و لەهەمان کاتیشدا لەشارەکان چاکەتی دوسەد و پەنجا تمەنی دەفرۆشرێ. جیاوازیەکی بەرچاوی چینایەتی لەم چیرۆکەدا بەدی دەکرێ. پەنجەرەکانی قوتابخانە بەو سەرمای زستانە شوشەیان پێوە نیە و ڕۆژنامەیان تێگرتون. منداڵەکان بەو سەرمایە لەڕێگایەکی دوورەوە بە ڕەنج و کوێرەویەکی زۆر خۆیان دەگەیەنەنە قوتابخانە، جل و بەرگەکانی نیازعەلی کۆن و دڕاون و دەفتەری نوسینی نیە و کاغەزی نێو تەنەکە زبڵەکان کۆدەکاتەوە بۆ نوسین.

خستنەڕوی ئەم ڕاستیانە، هاوکات لەگەڵ خوێندنەوەی ئەودێڕەی سەر ڕۆژنامەکە و گێڕانەوەی خەونە سیمبولیەکەی نیاز عەلی، نیشاندەری پشتیوانی نوسەرن لە منداڵانی هەژار و خەڵکانی هەژار و کەمدەرامەت.

دەرویشیان بۆخۆی لەبارەی نوسینی ئەم چیرۆکەیەوە دەڵێ: لەڕاستیدا ئەوە زیندانی کرماشان بو وای لێ کردم ئەو چیرۆکە بنوسم. لەساڵی ١٣٥٠ لە کەنگاوەری کرماشان دەسگیر کرام، لەوێدا سەرگەرمی کۆکرنەوەی ئەفسانە کوردیەکان بوم، شەوانە لەچایخانەکاندا دەنوستم و پۆلیس ناسیمیانەوە و ڕادەستی ساواکیان کردم... دوای تێپەڕینی قۆناغی لێکۆڵینەوە توانیم لەنێو زیندانیە ئاسایی و سیاسیەکاندا جێگای خۆم بکەمەوە و لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژەکاندا و ئەزمونی ژیانی ڕابردوم، لەناکاو لەو گۆشە دلگیرە، دور لەچاوی سیخوڕان، ڕقی خۆم لە ڕێی قەڵەمەکەمەوە ڕشت و چیرۆکی نەدارم نوسی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوونی ٢٠١٢

دەرویشیان، بە زیندوویی بوو بە ئەفسانەی نەمریی



مەریوان هەڵەبجەیی

عەلی ئەشرەف دەرویشیان ساڵی ١٩٤١ لە شاری کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان و لە خێزانێکی هەژار و لە یەکێک لە پەراوێزترین و نەدارترین گەڕەکەکانی ئەو شارە لە دایک بووە. لە تەمەنی شەش ساڵییەوە خراوەتە بەرکار. شاگردیی بەقاڵی و تەنەکەچی و مسگەری و دەستگێڕیی و دەیان کاری جیاوازی ئەزموون کردووە. لەگەڵ خوێندندا کرێکاری کردووە هەمیشە یارمەتیدەر و هاوکاری باوکی و ئەندامانی خێزانەکەی بووە تا زانکۆی تەواو کردووە و بووە بە مامۆستا لە گوندەکانی کوردستان. ژیانی دژوار و ناخۆشی گوندنشینەکان و نەهامەتی و نەدارییەکانیان، ئەو زوڵم و ستەمەی لێیان دەکرا، کاریگەرییەکی زۆر لەسەر ژیان و ئەندێشەی دەرویشیان دادەنێت و ئەمەش وادەکات هەر لە سەرەتای خوێندن و دەستپێکی نووسینەوە، ئەو باوەڕەی لا دروست بێت، لە خزمەت خەڵکدا بێت و ئەدەبیات و کار و چالاکی مەدەنی و سیاسی لە پێناوی پەردە هەڵماڵین بێت لە نادادپەروەریی و نایەکسانی لە کۆمەڵگەکەیدا. دەرویشیان لەو نووسەرە دەگمەنانەی وڵاتەکەی بوو کە تاکۆتایی ژیانی بە وەفا بوو بەرانبەر بیروباوەڕی. جگە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و باری ئابووری خراپی خێزانەکەی و بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەکەی، ئەوەی وایکرد دەرویشیان ببێتە یەکێک لە دیارترین و کاریگەرترین نووسەرە بەرپرسیارەکانی ئێران و ناوچەکە، ناسینی سەمەدی بێهرەنگی و سیمینی دانیشوەر و جەلال ئالی ئەحمەد و چەندین نووسەر و رۆشنبیری دیاری ئەو رۆژگارەبوو. بێهرەنگیش کوڕی خێزانێکی هەژاری تەبرێزیی بوو لە زانکۆی تاران، وەک دەرویشیان زمان و ئەدەبیاتی فارسی و دەخوێند و دانیشوەر و ئالی ئەحمەد بە یەکیان دەناسێنن و جگە لەوەی وەک مامۆستا لە زانکۆ وانە بەم دووڵاوە کورد و تورکە دەڵێنەوە، ماڵەوەشیان دەبێتە جێگایەکی تر بۆ پێگەیاندن و ناسینی زیاتری

مانای نووسین و بەرپرسیارێتی.

دەرۆێشیان بەرەو زیندانی ساواک

هەر لەو قۆناغەدا چەند جارێک دەرۆێشیان دەستگیردەکرێت و رەوانەی بەندیخانە دەکرێت، بێهرەنگی گەڕاوەتەوە گوندەکانی ئازەربیجان و لە ژێرچاودێری بەردەوامی ساواکدایە و چەند جارێک لەسەر بیرو بۆچوونەکانی دووردەخرێتەوە و بەردەوام پەروەردە سزای دەدات و لەم گوندەوە بۆ ئەو گوند و هیچ کات نایەڵن سێ ساڵ لە گوندێک وانە بڵێتەوە. دەرۆێشیان لە گوندەکانی کوردستان دۆخێکی خراپتر لە بێهرەنگی هاوڕێی دەبێت و چەندجارێک دەکرێتە بەندیخانەوە و یەکەمین چیرۆکەکانی لە بەندیخانەدا دەنووسێت و هەر لەوێش لەناو دەچن. پاش بڵاوبوونەوەی یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی، ساڵی ١٩٧٤(لەم هەرێمەدا) جارێکی تر پەلکێشی بەندیخانە دەکرێتەوە و بە فەرمی نووسین و بڵاوکردنەوەی لێ یاساغ دەکرێت. دووەم کۆمەڵە چیرۆکی بە ناوی خوازراوی لەتیف تەڵخستانییەوە، بە ناونیشانی ئابشوران بڵاودەبێتەوە و وەک یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی، پێشوازییەکی زۆری لە لایەن خوێنەران و رەخنەگرانەوە لێدەکرێت و لە ماوەیەکی کەمدا چەندینجار بە تیراژی بیست هەزار نوسخە چاپ دەکرێتەوە. لە پاش دووهەم کتێبەوە بە هۆی چاودێری بەردەوامی ساواکەوە بەرهەمەکانی بە چەند ناوێکی خوازراوی ترەوە بڵادەکاتەوە. ئازار و نەداری و نادادپەروەریی و ستەمکاریی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی دەرۆێشیان دەکاتە نووسەرێکی بەرپرسیارو بەدەر لە نووسینی وتارو چیرۆک بۆ منداڵان و گەورە و دەرکردنی گۆڤار بۆ منداڵان و مێرمنداڵان، کارو چالاکی مەدەنی و سیاسی دەکات. گەرچی هیچ کاتێک نەبوو بە ئەندامی هیچ گروپ و حزبێکی چەپ بەڵام هەمیشە وەک نووسەرێکی بەرپرسیار و خەباتگێڕێکی سۆسیالیست مایەوە و وەفادار بوو بەرانبەر بەو رێبازە. ترسی رژێمی شاهەنشاهی لە کەسانێکی وەک دەرۆێشیان و بێهرەنگی و ئەو جۆرە نووسینە، کە راستگۆیانە و بێ هیچ سانسۆرێک و بە زمانێکی کاریگەر، نادادپەروەری و گرفتە کۆمەڵایەتیی و ئابووری و سیاسییەکان دەخاتەڕوو. کاریگەری لەسەر زۆرترین چین و توێژی کۆمەڵگە دادەنێت لە ئاگادارکردنەوە و هوشیارکردنەوەیان لەو دۆخەی خۆیان و هانیشتمانییەکانیان تیایدا دەژین. ئەو باوەڕی بەو روانینەی کامۆ هەبوو کە دەڵێت:» ئەوکەسەی ئازادی لێ زەوت کردوویت هەر ئەویشە نانەکەتی زەوتکردووە«. ریالیستی رەخنەگرانەی دەرۆێشیان لە کۆی بەرهەمەکانیدا سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە ئەو چەشنە لە ئەدەبیاتی هەڵبژارد بۆ گەیاندنی بیر و هزری بە تاکی کۆمەڵگەکەی، کە زۆرترین کەس هەست بە بەرپرسیارێتی بکات بەرانبەر بە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و مافە مەدەنییەکانیان.

کاریگەریی ئەفسانە و فۆلکلۆر

رەنگە زیادەڕەوی نەبێت گەر بڵێم هیچ نووسەرێکی ئێرانی هێندەی دەرویشیان نووسین و کۆڕو سیمینار و بابەتی جۆراوجۆری دەربارەی ئازادی و سانسۆر و نادادپەروەریی و مافەکانی مرۆڤ نە نووسیوە و بە شێوەیەکی پراکتیکی خەباتی نەکردووە و نەجەنگاوە لە پێناویدا. لە بەرهەمەکانیدا بۆ منداڵان (ئاگر لە کتێبخانەی منداڵاندا، کەی دەگەڕێتەوە کاکە گیان، گوڵتەڵاو کڵاشە سوورە، رەنگینە، رۆژنامەی دیواری قوتابخانەکەمان، هەوری رەشی هەزارچاو) کە درێژە پێدەرێکی بەوەفای ڕێگاو ڕێبازی سەمەدی بێهرەنگی بوو، تا چیرۆک و رۆمانەکانی بۆ گەورە سااڵن، وەک کۆچیرۆکی لە نەدارەوە تا دارا و رۆمانی سااڵنی هەورین و رۆمانی قاوشی ١٨، ئەدەبیاتێکی بەرپرسیارانە و ئاگایی بەخش و رەخنەگرانەن. لە کۆی بەرهەمەکانیدا کاریگەری ئەفسانە و فۆلکلۆر بە شێوەیەکی گشتی دەبینرێت و زۆر بە جوانی لەو بوارەدا کاری کردووە، بەتایبەتیش ئەفسانە و فۆلکلۆری کوردستان. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی نووسەر بۆ ئەو بوارانە کە ماوەی زیاتر لە چڵ ساڵ ئەفسانەی کۆکردۆتەوە و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نووسیوە و چاالکترین کەس بوو لەو بوارەدا، تا ئەو جێگایەی لەگەڵ باڵوبوونەوەی هەواڵی مەرگی دا، رۆژنامەیەک بە مانشێتی گەورە دەنووسێت:» ئەفسانەی ئێران بێ باوک کەوت». ئەزموونی ژیانی مامۆستایەتی لە هەژارترین گوندەکانی کوردستان و منداڵی و میرمنداڵی لە هەژارترین و پەراوێزترین کۆاڵنەکانی کرمانشاندا و ئەزموونی سااڵنێکی زۆری بەندیخانە، ناوەڕۆکی گشتی بەرهەمەکانی پێکدەهێنن. سااڵنی هەورین، قاوشی ١٨، کەی دەگەڕێتەوە کاکە گیان، ئارەزووە کاغەزەییەکان و دەیان چیرۆکی تری بە وردی ئازار و ئەشکەنجەدانی ناوبەندیخانەکانی ئێران نیشان دەدەن.

هەرگیز ملکەچی زەڕ و زۆر نەبوو

ئەگەر بزورگی عەلەوی یەکەم چیرۆکنووسە کە بە دامەزرێنەری ئەدەبیاتی زیندانی دابنێین، دەرویشیان دیارترین و کاریگەرترین نووسەری هاوچەرخە لەبواری ئەدەبیاتی زیندانداندا نووسیوێتی. هەر ئەمەش هۆکارێک بووە رژێمە سیاسییەکانی ئێران بەردەوام گرفتیان هەبێت لەگەڵ نوسینەکانیدا و سااڵنێکی زۆر بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی لە پاش چاپ قەدەغە کراون، لەوانەش هەشت ساڵی سەرکۆماری ئەحمەدی نەژاد بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی قەدەغەکران. زۆر لە چاالکانی سیاسی و مەدەنی و رۆژنامەنووسان و نووسەرانی ئێران، چ لە سەردەمی شادا، چ

پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە بەندیخانەکاندا و لە ژێر گوشاردا تۆبەیان کردو ناو نران (تەواب) و پاشگەز بوونەوە لە بیروباوەڕ و بۆچوونەکانیان. دەرویشیان لەبەرهەمەکانی دا ئەمەی لەبیر نەکردووەو بە جوانی تۆماری کردووە. بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە مرۆڤ و ئازادییەکانی و خەباتکردن لە پێناوی ئازادی بیرو رادەربڕیندا، دەرویشیانی کرد بە ئەفسانەیەک لە ژیاندا بە نەمریی بگات و تا کۆتایی تەمەنی تەسلیمی گوشار و زەڕ و زۆرو نەبێت. چەندین ساڵ سەرۆکی نووسەرانی ئێران بوو، ئەو ساڵانەی هەمووان بە ساڵانی زێڕینی ناوەندی نوسەرانی ئێرانی دەزانن، ساڵانێک چەندین شەهیدیان لە پێناوی بەرگری لە ئازادی و یەکسانی و مافە رەواکانی گەلانی ئێراندا بەخشی و هەرگیز پاشەکشیان نەکرد لە ویست و داواکانیان. ئەوەی دەرویشیانی کرد بەو نووسەرەی خۆشەویستی هەمووان بێت و کاریگەری لەسەر چەندین نەوە دابنێت و هەمووان بە سمبولی بەرگری و راستگۆیی و تەسلیم نەبوونی بزانن، تەنیا نووسینی چیرۆک و رۆمان، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە ئەفسانە، رەخنەی ئەدەبی و وتاری سیاسی و کۆمەڵاتی نەبوو. راستگۆیی و نەترسان و هەڵوێستی ئازایانە و خۆنەویستانەی بوو. تەنانەت دە ساڵی کۆتایی ژیانی و پاش ئەوەی تووشی جەڵتەی مێشک بوو، ماوەی دە ساڵ بەسەر (ویلچر) عەرەبانەوە بوو، لە باریکی ئابووری زۆر خراپدا تا ئەو رادەیەی پارەی دەرمان و دکتۆری نەبوو، هاوسەرەکەی رۆڵی دکتۆری بۆ دەدی لە ماڵەوە! هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی رۆژ بە رۆژ لاوازتر بێت و بەرەو مەرگ بڕوات، بەو دۆخەشەوە هەرگیز بێدەنگ نەبوو، گەر دەستی قەڵەمی نەدەگرت، بە گفتوگۆ لەگەڵ میدیاکانی دەرەوەی ئێراندا گفتوگۆی دەکرد و بە تونتترین شێوە گوشاری سەر ژیانی نووسەران و هاووڵاتیانی وڵاتەکەی مەحکوم دەکرد و هێزە ئەمنییەکانیش چەندین جار بە عەرەبانەکەی و لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەیان بردن و هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد چیتر دۆخی تەندروستی لە بەرچاوناگرن و زیندانی دریژخایەنی بۆ دادەنێن. زۆر نووسەر هەن لە ژیاندا بە نەمریی دەگەن و مەرگی فیزیکییان سەر لەنوێ لە دایکبوونەوەیانە، زۆر نووسەریش هەن لە ژیاندان و مردوون. دەرویشیان لە چەشنی یەکەمیانە، ئەو بۆ هەمیشە لە دۆناودۆن دایە و بەردەوام لە دایک دەبێتەوە و هاوشێوەی خۆی بەرهەم دێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ژمارە: ٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

عەلی ئەشرەف دەرویشیان
ئەو پیاوەی ئازاری زۆری چەشت بەڵام هەرگیز ملی کەچ نەکرد



ئا: ئەدەب و هونەر

عەلی ئەشرەف دەرویشیان، چیرۆکنووس و رۆماننووس و تۆیژەری ئەدەبیات، یەکێکە لە نووسەرە ناودارەکانی کوردی کرماشان، دوای تەمەنێک لە داهێنان و نووسین لە بواری ئەدەبیاتدا لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا لە نەخۆشخانەیەکی کەرەج کۆچی دوایی کرد. زایەڵەی کرماشانییەکان لە نەخۆشخانەیەکی کەرەج خامۆش بوو، دەنگ و ئاوازی هەژاران و بەشمەینەتانی کرماشانێک کە ساڵەهایە ئەو گۆرانییە دەچڕن خۆم کرماشانی فارسی نییەزانم.. دەرویشانیش وەکو کرماشانییەکان حەزی دەکرد بە مانی کوردی بنووسێ و بیژێت بە زمانی شیرین قەزات لە گیانم، ئەفسووس نەیتوانی، دەرفەت نەبوو.

دەرویشیان ساڵی ١٩٤١ لە گەڕەکی « ئابشووران» لە کرماشان لە دایک بووە. زوو باوکی کۆچی دواییکردووە، بەو حوکمەی کوڕە گەورەی خێزانەکەی بووە، بە هاوکاری دایکی شانی داوەتە بەر بەخێوکردنی خێزانەکەی، میترا دەرویشیان کە خوشکی بچووکی دەرویشیانە و ئێستا لە ئەڵمانیا دەژی دەڵێت: «من باوکم نەدیوە، هەتا چەند ساڵێکی قوتابخانەی سەرەتایی وام دەزانی عەلی ئەشرەف واتە کاکم باوکمە، دوایی لە مەسەلەکە تێگەیشتم». ساڵی ١٩٥٨ خوێندنی خانەی مامۆستایان تەواو کردووە، پاشان رەوانەی گوندەکانی دەوروبەری کرماشان و گەیلانی رۆژئاوا کراوە. ساڵی ١٩٦٦ لە بەشی وێژە و ئەدەبی فارسی زانستگەی تاران دەستی بەخوێندن کردووە و دوای وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، لە بەشی دەروونناسیی پەروەردەدا دریژەی بەخوێندنی ماستەر داوە. ساڵی ١٩٧٣ یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بڵاو کردۆتەوە.

لەبەر نووسینی کتێبی «از این ولایت - لەم هەرێمەوە» و بەهۆی چالاکیی سیاسی، سێ جار قۆڵبەست کراوە و ڕێی نووسینی لێ گیراوە. جاری یەکەمی لە ساڵی ١٩٧٠ لە کرماشان بۆ ماوەی هەشت مانگ زیندانی کراوە، پاشتر لە تاران گیراوە و حەوت مانگ لە گرتووخانەدا ماوەتەوە. دەروێشیان دوای ئەوە لە زانکۆ دەرکراوە، لە پیشەی مامۆستایەتیش دوور خراوەتەوە. ساڵی ١٩٧٤ دیسان ڕووبەڕووی زیندان و گرتن بۆتەوە و یانزە ساڵ زیندانی کراوە تا سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە گرتووخانە ماوەتەوە.

بەرهەمەکانی دەرویشیان

سەرجەمی کتێب و بەرهەمە نووسراوەکانی دەرویشیان کە تا ئێستا چاپ و بڵاوکراونەتەوە، زیاتر لە ٦٠ بەرهەمە، کە لە بوارەکانی «چیرۆک بۆ منداڵان و مێرمنداڵان»، «ئامادەکردن»، «کورتە چیرۆک و ڕۆمان» و «کەلتووری خەڵکی ئاساییین. گرنگترین و بەرچاوترین بەرهەمی «عەلی ئەشرەف دەرویشیان» نووسین و کۆکردنەوەی پڕۆژەیەکی گەورەیە بە ناوی «فرهنگ افسانه های مردم ایران» لە ٢٠ بەرگدا» کە بەرهەمی ٢٢ ساڵ هەوڵ و تێکۆشانی ئەم نووسەرەیە.

هەندێ لە بەرهەمەکانی تری بریتین لە:

١- ڕۆمانی دوو بەرگی ساڵانی هەورین.
٢- قاوشی ژمارە ١٨.
٣- لەم هەرێمەوە. (کۆمەڵە چیرۆک).
٤- لە هەژارەوە بۆ دەوڵەمەند (کۆمەڵە چیرۆک).
٥- ئابشوران (کۆمەڵە چیرۆک)
٦- درشتی (کۆمەڵە چیرۆک).
٧- شەوی ئاوس بوونە (کۆمەڵە چیرۆک).
٨- لەگەڵ گۆرانییەکانی باوکمدا (کۆمەڵە چیرۆک).
٩- کتێبی بێستوون.
١٠- بۆچی و چۆن (وتار، ڕەخنە، گفتوگۆ)

١١- فەرهەنگی کوردی کرماشانی (کوردی فارسی).

بەرهەمی چاپ نەکراو

١- بیروباوەڕ و نەریتی کرماشان. لێکۆڵینەوە.
٢- دایکی هەمیشەیی (همیشه مادر) رۆمان.

دەرویشان چی نووسی

ئەزموونی نووسینی دەرویشان کە یەکێکە لە ئەدیبە نێودارەکانی ئێران، جێی داخە کە کوردبووں لە دێرزەمانەوە یاساغە ئەم نووسەرە فرە بەرهەمەیش وەکو زۆرێک لە نووسەرانی دیکە بەرهەمەکانی بە زمانی دایک نەنووسیوە. بۆ خۆشی ئازاری ئەوەی چەشتووە ئەوەتا لە بۆنەی وەرگێڕانی رۆمانی سالانی هەورینداا نامەیەکی پڕ لە داخ و سوێ دەنێرێتە کوردستانی باشوور تێیدا دەڵێت « کاتێک بیستم رۆمانی سالانی هەورین وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی، جارێکی تر چێژی بە ئازاری نووسینی ئەو رۆمانەم هەست پێ کردەوە، ئەم جارەیان هاوڕێی وەرگێڕم عەزیز گەردی ئەو ئازارە دەچێژێت و منی بەهرەمەند کرد لەوەی دیسانەوە لە دایکبوونی سالانی هەورین نوێ بکاتەوە لەناو خەڵکێکدا کە هەردەم خۆم بە بەشێک لەوان زانیوە. پێدەچێت هەر ئەمەش گۆشەیەک لە بایەخی وەرگێڕانی ئەم رۆمانە لای من و سوپاسم بۆ زەحمەتییەکانی وەرگێڕ پیشان بدات، رۆمانەکان نەوەی نووسەرەکانن و من ئێستا نەوەیەکم هەیە کە بە کوردی قسە دەکات، لە کوردستان دەژی و لە نێوان خەڵکەکەیدایە. بەم جۆرە ئێمە بەر لە رابردوو لەگەڵ یەکتردا بووین بە ناسیاو.»

دەرویشان کۆمەڵێک بەرهەمی هەیە کە بەشی زۆری نووسینەکانی گوزارشتن لە ژیانی خەڵکی، ئەو حیکایەتی ئەو مرۆڤە هەژار و بەشمەینەتانەی نووسییەوە، کە لەژێر باری ستەم و هەژاریدا ژیانیان گوزەراندووە، لە نووسینەکانیدا چیرۆکی کرماشانییەکان و خەڵکانی هەژارو ستەم دیدە و برسی دەنووسییەوە. یەکێک لە بەرهەمەکانی رۆمانی سالانی هەورینە، ئەم بەرهەمە لە نێو ئەدەبیاتی ئێراندا ناوونابانگی دەرویشیانی زیاتر بڵاوکردوەتەوە و ئەم رۆمانە لەدوو بەرگ پێکدێ، دەتوانین بڵێن لە نێو ئەو نەوەیەی ئێراندا لە دوای مەحمود دەولەت ئابادییەوە دەرویشان خاوەنی رۆمانی قەبارە ئەستوور و گەورەیە. سالانی هەورین چیرۆکی ژیانی

کرماشانییەکانە لە رۆژگاری دەسەڵاتدارێتی شا و حوکمی داگیرکاری ئینگلیزەکان لە ئێران، نووسەریش هاتووە چیرۆکی ئەو ساڵانە و ژیانی خەڵکی لە دووتوێی کارێکی ئەدەبیدا دەگێڕێتەوە. قارەمانی سەرەکی ئەم رۆمانە منداڵێکی چوار ساڵانە بە ناوی شەریف دەورێش کە کوڕی بنەماڵەیەکی هەژارەو لە کەشێکی هەژارانەدا پەرەوەردە بووە. ئەم رۆمانە بەسەرهاتی ژیانی شەریفە تا تەمەنی چل ساڵان، شوێن لەم رۆمانەدا شاری کرماشانە.

روداوەکانی ناو رۆمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی هاتنی ئیمپراتۆریەتی ئینگلیز و کێبڕکێی هێتلەر بۆ داگیرکردنی دنیاو جەنگی جیهانی دووەم. ئەوەی وادەکات هەست بکەین ئەم رۆمانە چیرۆک و سەرگوزەشتەی خودی نووسەرو ژیانی کرماشانییەکانە، حیکایەتە پەژمووردە و نەهامەتییەکانی ناو رۆمانەکەیە بەسەر کارەکتەرەکاندا هاتووە. هەر لە گێڕانەوەی ئەم رۆمانەوە وێنەیەک لە ژیانی نووسەر دەبینرێ، ئەمەش لەو سونگەیەوە نا ژیانی نووسەر و کارەکتەری رۆمانەکە لە یەک دەچێ، بەڵکە لەو روانگەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نووسەر زۆر بەجوانی و بە باشی توانیوێتی وێنەی ژیانی هەژارانە و پەژموردانەی مرۆڤێک باس بکات کە ئەگەر خودی نووسەر تامی تاڵی هەژارانەی نەچەشتبێت ناتوانێ بەو شێوازە گوزارشتی لێ بکات. ئەو کوڕی ئەو ژیان و زەمان و گوزەرانە بووە بۆیە زۆرباش وێنەی کرماشانێکی هەژار و پەژموردەمان بۆ دەکێشێت. بە زمانێکی سادە و ساکار دەچێتەوە نێو ئەو حیکایەتانە و بە کۆڵانەکانی کرماشاندا دەمانگێڕێ. دەروێشان لەو نووسەرانەیە زۆر بەقووڵی لەگەڵ خەڵکی خۆیدا و لەگەڵ شوێنی رەسەنی خۆیدا ژیاوە و رۆچووەتە نێو رۆحیانەوە. لە کۆی بەرهەمەکانیدا ژیانی سادەی خەڵکی دەگێڕێتەوە.

دەروێشان پیاوێک ناشنای زیندان

هەڵوێستی مرۆڤدۆستی و جوانی خەسڵەتێکە لای زۆرێک لە ئەدیبان دەبینرێ، دنیای ئەدەبیات بەوە ناسراوە کە دووەرە لە ستەمی دەسەڵات و لەسەر هێڵی مرۆڤدۆستی دەڕوات، زۆرجار باس لەوە کراوە شاعیرەکان یاخین لەدەسەڵات، واتە ئەدیبی راستەقینە بەگشتی ئەو جۆرە مرۆڤن کە ناچنە ژێر رکێفی دەسەڵاتەوە و لەگەڵ دنیای ناشیرینی سیاسەتدا ناگونجێن، خوڵاسە لەگەڵ پیاوی دەوڵەت و سیاسەتدا دانوویان بەیەکەوە ناکوڵێ. لێ هەندێک ئەدیبیش هەن لەگەڵ ئەوەی جواننووس و خاوەن بەرهەمی ناوازەن، بەڵام لە سایەی دەسەڵاتدا وەکو کاربەدەست هەڵسوکەوت دەکەن و دەحەوێنەوە. زۆرجار باس لە نووسەرێک دەکرێت کە داهێنەرە و خاوەنی دەقی ناوازەیە، لێ پیاوی دەسەڵات بووە، جا ئەمەیش شتێکە رێی تێدەچێ. دەشێ ئەو جۆرە نووسەرانەیش هەبووبێ. لێ

نووسەری سەربەرز و ئازا و ئازادیش هەبوون و زۆریش بوون، یەک لەو نووسەرانە عەلی ئەشرەفی دەروێشانییە، کە لە تەمەنی خۆیدا چەندین جار رووبەرووی زیندان بووەتەوە، هەر لەزەمانی شا دا لەسەر نووسین و هەڵوێستی جوامێرانەی سێ جاران گیراوە و زیندانی کراوە، تا ساڵی ١٩٧٩ کاتێ تەختی دەسەڵاتی شا روخا و مەلاکان هاتن و ئێرانیان لەبن دەستی شا دەرهێنا، ئەو زەمانە دەروێشان نووسەرێکی جوامێری خاوەن هەڵوێست بووە و لە نێو تەلبەندی زیندانی شادا بووە، ئەمەیش واتە دەروێشان کوڕی هەڵوێست راست و دروستی دژە دەسەڵات بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

دەروێشیان و ئەدەبی واقیعخواز

عادل قادری

لە کولتووری ئێمەدا ئەوەندەی مەرگی نووسەرێک پەرۆش و پەشێومان دەکات، نیو ئەوەندە ژیانی نابێتە مایەی سەرنج و وردبوونەوەمان، ئەگەرچی خودی دیاردەیەکی رازاوی و سڕۆک بەناوی "مەرگ" مەودای نێزیکبوونەوەیەکی ئەوتۆشمان نادات تاکوو فامێکی واقیعی و راستمان لێی هەبێت، ئەوەی کە بە نیسبەتی مەرگەوە هەیە تەنها کۆمەڵێک وێنا و تەسەور و خەیاڵکردنە کە کولتوور و ئایین و ئەدەب بەشێوەگەلی جۆراوجۆر بیچمیان پێ داوە، ئەگەرچی لە روانگەیەکەوە ئەدەب و ئایینیش بە بەشێک لە "کولتوور" حسێب دەکرێن و هەر ئەمەشە وای کردووە بەو قەناعەتە بگەین کە داریوشی ئاشووری گوتەنی: "کولتوور لە مەرگیش بەهێزترە". کەواتە ئەوە کولتوور و

جومگەکانێتی دیاری دەکات ئێمە چۆن لە مەرگ بڕوانین و چۆناوچۆن جومگە پێچەوانەکەی واتە ژیان بخوێنینەوە.

هەمیشە رووداو و دیاردەی مەرگ شتێک لە حەپەسان و هەوڵەقبوون بۆ هەموو مرۆڤێکی زیندوو بەجێدێڵێت کە لە کاتی نغرۆبوون لەناو ژیاندا بەدەگمەن وەها شتێکی ئەزموون کردووە، وەک گوتم ئەمە بەندە بە ماهییەتی نەناسراوی و رازاویی مەرگەوە و هەروەها وابەستەی ئاست و کوالێتی کولتووری ئێمەشە. شتێکی سەیر نییە کە ئانوسات دوای مردنی کەسێکی ئاسایی زۆربەی (ئەگەر نەڵێم هەموو!) گێڕانەوەکان لەبارەی کەسی مردوو بەراوەژوو و پێچەوانە دەبنەوە، ئەم حاڵەتە بۆ نووسەرێک کە ژیانیشی هەڵگری چەشنێک لە راز و ئاڵۆزییە، زۆرتر زەق و پێچەڵپێچ دەبێتەوە.

نووسەر وەکوو بوونەوەرێک کە بەشێک لە سیحر و رازەکانی ژیانی گێڕاوەتەوە، لە کولتووری ئێمەدا خەرمانەیەکی ڕێز و ستایش (تۆ بڵێ تەمێک لە قودسییەت و پەرەستش!)ی بەدەوردا کێشراوە و ئەمەش پرسی "تابۆی مەرگ"مان بیر دەخاتەوە، واتە نووسەران بۆیە مەرگیان رووداوتر و ڕاچڵەکێنەرترە، چوون "نووسین" خۆی لەخۆیدا لەگەڵ کۆمەڵێک سیحر و جیهانی بڤە و تابۆ دەستەویەخەیە. لە کاتی مەرگی نووسەرێکدا زۆر کەم رووەدات کە داوەری و قسەکردنێکی بێ لایەنانە و دوور لە ستایش و ئینکار بێتە ئاراوە، چوون ژیانی لە باوەش مەرگدا گێڕاوەتەوە، واتە لە شێوەژیانی نووسەردا مەرگ و ژیان وەکوو دوو هاوزا و هاوڕێ بەردەوام لە تەنیشت یەکدا بووگن، نووسەر بۆیە گێڕاویەتییەوە و ژیانی نووسیوە، چوون بە پلە و ئاستێک لە وشیاریی مەرگ یان مەرگ-وشیاری گەیشتووە و هەوڵی داوە ئەمانە بکات بە وشە و وێنە و ئایدیۆم و بیرەوەری و پێکهات و ناوەرۆکێک کە لە دواجاردا خەرمانە و تەمێکی رازاوی و تابۆئاسا و قودسی بەدەوریدا کێشاوە، لێرەدایە نووسەر لەگەڵ ژیان و مەرگی دەبێت بە یەک و وەکوو کۆیەک لە سێ جومگەی مرۆڤ، ژیان و مەرگ دەخوێنرێتەوە. بێگومان ساتەوەختی مەرگی نووسەرێک ساتەوەختێکی گرینگە، دەروازەیەکە بۆئەوەی ئێمە هەوڵ بدەین زۆرتر لەو مرۆڤە (نووسەر) و ژیانی ورد بینەوە.

ئەم حاڵەتە بۆ نووسەرانی کورد و ئاخێوەرانی زمانێک کە هەنووکە لە هەموو دونیا و لە چوارپارچەی وڵاتی خۆیاندا وەکوو کەمینە ئەژمار دەکرێن، هاوکێشەیەکی جیاوازتر و حاڵەتێکی غەریبترە. بێگومان ئەمە چارەنووسی نەخوازراوی گەل و زمانی بندەستە کە زمان و گەلی سەردەست وەکوو کەمینە قبووڵیان دەکات و هەموو بوون و مەرگ و ژیانیشیان بە پێوەری خۆی دیاری دەکات و دەیخوێنێتەوە، واتە کەمینە و زمانی کەمینە لە ڕێگەی زمان و دەسەڵاتی زۆرینەوە، مەرگ و ژیان و گێڕانەوەشیان دەستکاری دەکرێت. هەموومان کاتی مردنی محەممەد قازیی

وەرگێڕ و نووسەری کوردمان لەبیرە کە چۆناوچۆن مەرگەکەی لە ئاستی نووسەرێکی ناو بازنەی کەمینەکان رووماڵ کرا و بەڕێوە برا. ئەگەرچی قازی هەموو ژیانی بۆ زمان و ئەدەبی فارسی جوولایەوە و وەریگێڕا و نووسی، بەدەر لەوەی کە قازی بۆ لە هەڵبژاردنی زماندا بۆ نووسین و وەرگێڕان و گێڕانەوە زمانی گەلەکەی هەڵنەبژارد، ئێمە لێرەدا لە دژوازی و تەناقوزێک تێدەگەین کە زمانی زۆرینە و دەسەڵاتی سەردەست تووشی بووە و دەبێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەو تەنها بایەخ بە بەرهەم و کاری بوونەوەرێک دەدات بەناوی نووسەر نەک بایەخ بە کائین و مەوجوودێک بە ناوی مرۆڤ.

واتە ئەم نووسەرانە لە تێڕوانینی ئەواندا سەربازی ناو دیسکۆرسێکی کولتووری و زمانین و گرینگ نییە ژین و مەرگیان چۆناوچۆن دەبێت و ئەمە ئەو حاڵەتە خۆپەرستە هیستریکە شاراوەیەی نەتەوەی سەردەستە کە هەموو کەمینەکان بە بەردەست و قەرزاربارە خۆی دەزانێت. گرینگ لێرەدا بۆ ئێمە وشیارییەکە کە لە ئاست نەتەوەی بەناو سەردەست هەمانبێت، وشیاری ئەوەی کە ئیلیت و نوخبەکانمان چۆن لەناو گێژەنی کولتووری زمانی سەردەستدا هەڵبژاردنە بنەڕەتییەکانی خۆیان بکەن و گرینگترین ئەو هەڵبژاردنانەش، هەڵبژاردنی "زمان"ە بۆ نووسین و بوون و گێڕانەوە و مانەوە.

ئەگەرچی بێگومان ئەم باس و بابەتانە لایەنی هەستیار و ئاڵۆزیان زۆرە و لێرەش دەرفەتی خستنەڕوویان نییە، بەڵام پرسی سەرەکی باسەکەی من ئەوەیە کە ئەو نووسەرانەی بەڕەچەڵەک کوردن، واتە لە جیهان و کولتوور و لەناو زمانی کوردیدا باڵایان کردووە و تەنانەت لە ڕێگەی زمانی کوردیشەوە زمانی دیکە (زمانی سەردەست واتە فارسی، تورکی و عەرەبی) فێر بووگن، چۆناوچۆن لەکاتی گێڕانەوە و نووسیندا لەبەردەم بژاردەکردنێکی سامناک و کوشندەدا دادەنیشن. بێگومان ئەوە شتێکی روونە کە نووسەران بێ نیشتمانن هەر وەکوو کرێکاران و گرینگ نییە نووسەر بە چ زمانێک نیشتمانی مانایی و مرۆیی خۆی ڕۆدەنێت، بەڵام ئایا ئەم تێڕوانینە ئایدیالیستە بۆ کولتووری پڕ کارەسات و چەوساندنەوە و کۆڵۆنیالیستی ڕۆژهەڵاتی ناوین و لەو ناوەندەدا کوردیش، ڕەوا و دروستە؟ ئایا دەکرێ ئێمە جیهانی نووسەران لە ڕێگەی نەفسی ئەو زمانەی کە هەڵیانبژاردووە بۆ گێڕانەوە، بخەینە بەردەم ڕەخنە و پرسیارەوە؟

ئایا مەیل و ئارەزووی نووسەرانی بە ڕەچەڵەک کورد بۆ نووسین بە زمانی دیکە بابەتێکی مەعریفی و ڕۆحی بووە یان سەپاندنێکی وشیارانە و ناوشیارانەی کولتوور و زمانی باڵادەست؟ ئایا بزووتنەوەی چەپ وەکوو جیهانبینییەکی

دەرەنەتەوەیی و ئەنتەرناسیونالّ لە ئێران تووشی ئەم دژوازییە نەبووە و ئایا دەتوانێ خۆی لە بێلایەنی ببوێرێ؟یان وەکوو هەموو تێڕوانینەکانی ناو دیسکۆرسی بالّادەست هەڵگری رەگەزێکی قووڵ و ئەفسانەیی ئیمان بە رەگەزی خۆر و نەتەوەی زێڕینی سەردەست بووە؟... ئەم کورتە باس و پرسیارانە وەکوو بەراییەکی سادە و گشتی بوو بۆ ئەوەی باسێکی کورت و سادەی پرسیارساز لەسەر مەرگی نووسەر و مرۆڤێکی مەزنی بەڕەچەڵەک کورد بەڵام فارسینووس بکەم.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان، نووسەری کوردی فارسینووسی کرماشانی لە ئازاری ژیان و بوون و نەخۆشی رزگاری بوو و مالّاوایی لێکردین. دەرویشیان لە ریزی ئەو نووسەرانە دێتە ئەژمار کە خەم و ئازار و حەسرەتی چینی هەژار و بندەستی کۆمەڵگای سەردەمی خۆی گێڕایەوە هەم پێش شۆڕشی کۆماری ئیسلامی و هەم پاش ئەوەش. پێداگری و شێلگیریی دەرویشیان لە گێڕانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و شێوەژیانی جیهانی ژینکراوی خۆی دەنگێکی جیاواز و بێ وێنەی لە کۆمەڵگای تاکخواز و فەردگەرای هەنووکەی ئێراندا بۆ گەرەنتی کرد و بەگشتی وەکوو نووسەرێکی سەر بە ئەدەبیاتی موتەعەهید ناسرا. ئەگەرچی لە پاش خۆی رێباز و نیگایەکی لەجیهانی پڕ لە ئاژاوە و ناهومێدی ئێستەدا بۆ ئێمە بەجێهێشت، بەڵام ئەم نووسەرەش وەکوو نووسەرانی گەورەی تری کورد: ئیبراهیمی یوونسی، یەشار کەمال (کوردی باکوور)، محەممەد قازی (وەرگێڕ) و.

بە زمانی زگماکی خۆی و گەلەکەی نەینووسی، یان هەلی لەباری بۆ نەڕەخسا لەو زمانەدا بگێڕێتەوە، بەڵام هەموو تێم و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی دەرویشیان هەڵگری خەم و هەناسەساردی و کولەمەرگیی کۆمەڵگای کوردی بوو، سەرەڕای ئەمانەش دەرویشیان هەمیشە وەکوو کەسایەتییەکی "موعتەریز" و ناڕازی لە هەمبەر سیستەمە سیاسییەکان "لە نێوان دوو سیستەمی سیاسی کە لە تەمەنیدا بینیبووی"، مایەوە و ئەمەش هەر وەکوو تێم و ناوەڕۆکێک باڵی بەسەر تێڕوانینیدا کێشابوو. چاک بوو جەستەی لەو ئازارە رزگاری بوو، رۆحیشی لەم جیهانە پڕ نسکۆیەدا نەمایەوە. بوونی جاویدان.

لە کولتووری ئێمەدا ئەوەندەی مەرگی نووسەرێک پەرۆش و پەشێومان دەکات، نیو ئەوەندە ژیانی نابێتە مایەی سەرنج و وردبوونەوەمان، ئەگەرچی خودی دیاردەیەکی رازاوی و سڕۆک بەناوی "مەرگ" مەودای نێزیکبوونەوەیەکی ئەوتۆشمان ناداتێ تاکوو فامێکی واقیعی و راستمان لێی هەبێت، ئەوەی کە بە نیسبەتی مەرگەوە هەیە تەنها کۆمەڵێک وێنا و تەسەور و خەیاڵکردنە کە کولتوور و ئایین و ئەدەب بەشێوەگەلی جۆراوجۆر بیچمیان پێ داوە،

ئەگەرچی لە روانگەیەکەوە ئەدەب و ئایینیش بە بەشێک لە "کولتوور" حسێب دەکرێن و هەر ئەمەشە وای کردووە بەو قەناعەتە بگەین کە داریوشی ئاشووری گوتەنی: "کولتوور لە مەرگیش بەهێزترە". کەواتە ئەوە کولتوور و جومگەکانێتی دیاری دەکات ئێمە چۆن لە مەرگ بڕوانین و چۆناوچۆن جومگە پێچەوانەکەی واتە ژیان بخوێنینەوە.

هەمیشە رووداو و دیاردەی مەرگ شتێک لە حەپەسان و هەوڵەقبوون بۆ هەموو مرۆڤێکی زیندوو بەجێدێڵێت کە لە کاتی نغرۆبوون لەناو ژیاندا بەدەگمەن وەها شتێکی ئەزموون کردووە، وەک گوتم ئەمە بەندە بە ماهییەتی نەناسراوی و رازاویی مەرگەوە و هەروەها وابەستەی ئاست و کوالێتی کولتووری ئێمەشە. شتێکی سەیر نییە کە ئانوسات دوای مردنی کەسێکی ئاسایی زۆربەی (ئەگەر نەڵێم هەمووی!) گێڕانەوەکان لەبارەی کەسی مردوو بەراوەژوو و پێچەوانە دەبنەوە، ئەم حاڵەتە بۆ نووسەرێک کە ژیانیشی هەڵگری چەشنێک لە راز و ئاڵۆزییە، زۆرتر زەق و پێچەڵپێچ دەبێتەوە.

نووسەر وەکوو بوونەوەرێک کە بەشێک لە سیحر و رازەکانی ژیانی گێڕاوەتەوە، لە کولتووری ئێمەدا خەرمانەیەکی ڕێز و ستایش (تۆ بڵێ تەمێک لە قودسییەت و پەرەستش!)ی بەدەوردا کێشراوە و ئەمەش پرسی "تابۆی مەرگ"مان بیر دەخاتەوە، واتە نووسەران بۆیە مەرگیان رووداوتر و راچڵەکێنەرتر، چوون "نووسین" خۆی لەخۆیدا لەگەڵ کۆمەڵێک سیحر و جیهانی بڤە و تابۆ دەستەویەخەیە. لە کاتی مەرگی نووسەرێکدا زۆر کەم رووەدات کە داوەری و قسەکردنێکی بێ لایەنانە و دوور لە ستایش و ئینکار بێتە ئاراوە، چوون ژیانی لە باوەش مەرگدا گێڕاوەتەوە، واتە لە شێوەژیانی نووسەردا مەرگ و ژیان وەکوو دوو هاوزا و هاوڕێ بەردەوام لە تەنیشت یەکدا بووگن، نووسەر بۆیە گێڕاویەتییەوە و ژیانی نووسیوە، چوون بە پلە و ئاستێک لە وشیاریی مەرگ یان مەرگ-وشیاری گەیشتووە و هەوڵی داوە ئەمانە بکات بە وشە و وێنە و ئایدیۆم و بیرەوەری و پێکهات و ناوەرۆکێک کە لە دواجاردا خەرمانە و تەمێکی رازاوی و تابۆئاسا و قودسی بەدەوریدا کێشاوە، لێرەدایە نووسەر لەگەڵ ژیان و مەرگی دەبێت بە یەک و وەکوو کۆیەک لە سێ جومگەی مرۆڤ، ژیان و مەرگ دەخوێنرێتەوە. بێگومان ساتەوەختی مەرگی نووسەرێک ساتەوەختێکی گرینگە، دەروازەیەکە بۆئەوەی ئێمە هەوڵ بدەین زۆرتر لەو مرۆڤە (نووسەر) و ژیانی ورد بینەوە.

ئەم حاڵەتە بۆ نووسەرانی کورد و ئاخێوەرانی زمانێک کە هەنووکە لە هەموو دونیا و لە چوارپارچەی وڵاتی خۆیاندا وەکوو کەمینە ئەژمار دەکرێن، هاوکێشەیەکی جیاوازتر و حاڵەتێکی غەریبترە. بێگومان ئەمە چارەنووسی نەخوازراوی گەل و زمانی بندەستە کە زمان و گەلی سەردەست وەکوو کەمینە قبووڵیان دەکات و هەموو بوون و

مەرگ و ژیانیشیان بە پێوەری خۆی دیاری دەکات و دەیخوێنێتەوە، واتە کەمینە و زمانی کەمینە لە رێگەی زمان و دەسەڵاتی زۆرینەوە، مەرگ و ژیان و گێڕانەوەشیان دەستکاری دەکرێت. هەموومان کاتی مردنی محەممەد قازیی وەرگێڕ و نووسەری کوردمان لەبیرە کە چۆناوچۆن مەرگەکەی لە ئاستی نووسەرێکی ناو بازنەی کەمینەکان رووماڵ کرا و بەڕێوە برا. ئەگەرچی قازی هەموو ژیانی بۆ زمان و ئەدەبی فارسی جووڵایەوە و وەریگێڕا و نووسی، بەدەر لەوەی کە قازی بۆ لە هەڵبژاردنی زماندا بۆ نووسین و وەرگێڕان و گێڕانەوە زمانی گەلەکەی هەڵنەبژارد، ئێمە لێرەدا لە دژوازی و تەناقوزێک تێدەگەین کە زمانی زۆرینە و دەسەڵاتی سەردەست تووشی بووە و دەبێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەو تەنها بایەخ بە بەرهەم و کاری بوونەوەرێک دەدات بەناوی نووسەر نەک بایەخ بە کائین و مەوجوودێک بە ناوی مرۆڤ.

واتە ئەم نووسەرانە لە تێڕوانینی ئەواندا سەربازی ناو دیسکۆرسێکی کولتووری و زمانین و گرینگ نییە ژین و مەرگیان چۆناوچۆن دەبێت و ئەمە ئەو حاڵەتە خۆپەرستە هیستریکە شاراوەیەی نەتەوەی سەردەستە کە هەموو کەمینەکان بە بەردەست و قەرزاربار خۆی دەزانێت. گرینگ لێرەدا بۆ ئێمە وشیارییەکە کە لە ئاست نەتەوەی بەناو سەردەست هەمانبێت، وشیاری ئەوەی کە ئیلیت و نوخبەکانمان چۆن لەناو گێژەنی کولتووری زمانی سەردەستدا هەڵبژاردنە بنەڕەتییەکانی خۆیان بکەن و گرینگترین ئەو هەڵبژاردنانەش، هەڵبژاردنی "زمان"ە بۆ نووسین و بوون و گێڕانەوە و مانەوە.

ئەگەرچی بێگومان ئەم باس و بابەتانە لایەنی هەستیار و ئاڵۆزیان زۆرە و لێرەش دەرفەتی خستنەڕوویان نییە، بەڵام پرسی سەرەکی باسەکەی من ئەوەیە کە ئەو نووسەرانەی بەڕەچەڵەک کوردن، واتە لە جیهان و کولتوور و لەناو زمانی کوردیدا باڵایان کردووە و تەنانەت لە رێگەی زمانی کوردیشەوە زمانی دیکە (زمانی سەردەست واتە فارسی، تورکی و عەرەبی) فێر بووگن، چۆناوچۆن لەکاتی گێڕانەوە و نووسیندا لەبەردەم بژاردەکردنێکی سامناک و کوشندەدا دادەنیشن. بێگومان ئەوە شتێکی روونە کە نووسەران بێ نیشتمانن هەر وەکوو کرێکاران و گرینگ نییە نووسەر بە چ زمانێک نیشتمانی مانایی و مرۆیی خۆی رۆدەنێت، بەڵام ئایا ئەم تێڕوانینە ئایدیالیستە بۆ کولتووری پڕ کارەسات و چەوساندنەوە و کۆڵۆنیالیستی رۆژهەڵاتی ناوین و لەو ناوەندەدا کوردیش، ڕەوا و دروستە؟ ئایا دەکرێ ئێمە جیهانی نووسەران لە رێگەی نەفسی ئەو زمانەی کە هەڵیانبژاردووە بۆ گێڕانەوە، بخەینە بەردەم ڕەخنە و پرسیارەوە؟

ئایا مەیل و ئارەزووی نووسەرانی بە رەچەڵەک کورد بۆ نووسین بە زمانی دیکە بابەتێکی مەعریفی و رۆحی بووە یان سەپاندنێکی وشیارانە و ناوشیارانەی کولتوور و زمانی بالادەست؟ ئایا بزووتنەوەی چەپ وەکوو جیهانبینییەکی دەرەنەتەوەیی و ئەنتەرناسیونالێ لە ئێران تووشی ئەم دژوازییە نەبووە و ئایا دەتوانێ خۆی لە بێلایەنی ببوێرێ؟یان وەکوو هەموو تێڕوانینەکانی ناو دیسکۆرسی بالادەست هەڵگری رەگەزێکی قووڵ و ئەفسانەیی ئیمان بە رەگەزی خۆر و نەتەوەی زێڕینی سەردەست بووە؟... ئەم کورتە باس و پرسیارانە وەکوو بەراییەکی سادە و گشتی بوو بۆ ئەوەی باسێکی کورت و سادەی پرسیارساز لەسەر مەرگی نووسەر و مرۆڤێکی مەزنی بەڕەچەڵەک کورد بەڵام فارسینووس بکەم.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان، نووسەری کوردی فارسینووسی کرماشانی لە ئازاری ژیان و بوون و نەخۆشی رزگاری بوو و مالاوایی لێکردین. دەرویشیان لە ریزی ئەو نووسەرانە دێتە ئەژمار کە خەم و ئازار و حەسرەتی چینی هەژار و بندەستی کۆمەڵگای سەردەمی خۆی گێڕایەوە هەم پێش شۆڕشی کۆماری ئیسلامی و هەم پاش ئەوەش. پێداگری و شێلگیریی دەرویشیان لە گێڕانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و شێوەژیانی جیهانی ژێنکراوی خۆی دەنگێکی جیاواز و بێ وێنەی لە کۆمەڵگای تاکخواز و فەردگەرای هەنووکەی ئێراندا بۆ گەرەنتی کرد و بەگشتی وەکوو نووسەرێکی سەر بە ئەدەبیاتی موتەعەهید ناسرا. ئەگەرچی لە پاش خۆی رێباز و نیگایەکی لەجیهانی پڕ لە ئاژاوە و ناهومێدی ئێستەدا بۆ ئێمە بەجێهێشت، بەڵام ئەم نووسەرەش وەکوو نووسەرانی گەورەی تری کورد: ئیبراهیمی یوونسی، یەشار کەمال (کوردی باکوور)، محەممەد قازی (وەرگێڕ) و.

بە زمانی زگماکی خۆی و گەلەکەی نەینووسی، یان هەلی لەباری بۆ نەڕەخسا لەو زمانەدا بگێڕێتەوە، بەڵام هەموو تێم و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی دەرویشیان هەڵگری خەم و هەناسەساردی و کولەمەرگیی کۆمەڵگای کوردی بوو، سەرەڕای ئەمانەش دەرویشیان هەمیشە وەکوو کەسایەتییەکی "موعتەریز" و ناڕازی لە هەمبەر سیستەمە سیاسییەکان "لە نێوان دوو سیستەمی سیاسی کە لە تەمەنیدا بینیبووی"، مایەوە و ئەمەش هەر وەکوو تێم و ناوەڕۆکێک بانگی بەسەر تێڕوانینیدا کێشابوو. چاک بوو جەستەی لەو ئازارە رزگاری بوو، رۆحیشی لەم جیهانە پڕ نسکۆیەدا نەمایەوە. بوونی جاویدان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

لەبارەی مەرگی دەرویشیان؛ من لەسەر ئەم خوانە خوێناوییە دانانیشم



مەریوان هەڵەبجەیی

شاعیرێکی کەتەلۆنی بە منداڵەکانی گوتووە: "من بۆ ڕزگارکردنی ئەم چەند پەیڤە ژیاوم کە بە میرات جێیدەهێڵم: عەشق، دادپەروەریی، ئازادی."

١

سارتەر دەڵێت مرۆڤ مەحکومە بە ئازادی، ئازادییش ئاسان بەدەست نایەت، پێویستی بە ئاگایی و شعووری بەرز و ڕوانینی تاکخوازانە و مرۆڤگەرایانە هەیە، بەرانبەر نەبوونی یەکسانی و ئازادی، دادپەروەری و ستەمکاری، پێویستە بێدەنگ نەبیت و بەردەوام بە دەنگی بەرز هاوار بکەی تا بەرگری لە مافی خۆت و هاوچەشنەکانت بکەی. عەلی ئەشرەف دەرویشیان لەو نووسەر و ڕۆشنبیرانە بوو بە مانا سارتەرییەکەی، سەر بەو قوتابخانەیە بوو کە هەرگیز نەیتوانی بەرانبەر نادادی و ستەمکاریی کۆمەڵگەکەی بێدەنگ بێت. دەرویشیان لە خێزانێکی هەژار و کرێکاری کۆڵانی عەلاقەبەندان"ی گەڕەکی "ئابشووران"ی کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. ئابشووران لە هەژارنشینترین گەڕەکەکانی کرماشان بوو کە دواتر دەبێتە سەرچاوەی نووسینی زۆربەی چیرۆکەکانی و ناهێڵێت خەڵکی ئێران و جیهان لە هەر جوگرافیایەکی دیکە، بێبەش بن لە زانینی ئەو ڕاستیانەی کە کەسانی تر لە جێگای تری ئەم جیهانەدا چۆن ستەمیان لێ دەکرێ، چەند بە دژواری دەژین و گرفتی پەیداکردنی نانی شەویان هەیە، منداڵەکانیان چۆن لەبەر هەژاری واز لە قوتابخانە دێنن، ئەوانەشی دەخوێنن چۆن لەبەر لاوازی و کاری

زۆر و نەبـوونی وزە لە پۆلـدا بەلادادێـن و بێهـۆش دەبـن، وەک لە چیرۆکـی "نیەتـی"دا دەیبینـین. منـدالّی و مێرمندالّیی دەرویّشیان لە هەژارترین کۆلّانەکـانی کرماشـان لە کـۆچ و هەلّهـاتنی بەردەوام لە تـاو خـاوەن قەرز و گـۆڕینی بەردەوامی قوتابخـانەدا تێـدەپەڕێت. منـدالّیی دەرویّشیان پـڕە لە تەنیـایی و هەمیشـە بـێ هـاوڕێیە. لە گفتوگۆیەکمدا لەگەڵی (گۆڤاری تەجرەبە، فارسی، ژمارە: ٣١ هاوینی ٢٠١٤) دەربـارەی ئەزموونی تـاڵ و ناخۆشیی منداڵی دەڵێ: "یەکێ لە خاوەن قەرزە هەلپەرستەکان بە باوکمی گوت: تۆ بێکـاری و پـارەیەکی زۆریش قەرزداری، وەرە با بڕێ تلیاکت بدەمێ بیبە بۆ تـاران! باوکم تریاکەکەی برد بۆ تـاران، تـا لەوێـوە بیبـات بـۆ ڕەشت، پـۆلیس تلیاکەکەیان گرت و باوکمیان خستە زیندان، ئەو کابرا بێویژدانە خاوەن قەرزە هات بۆ ماڵمان و بە دایکمی گوت: "ئێستا مادام هاوسەرەکەت لە زیندانە، دەبێ کوڕەکەت درێژە بە کـارەکە بـدات." کـوڕە گەورەی مـاڵ بـووم و دوانـزە ساڵان بووم، ئەوە یەکەم سەفەری من بوو بۆ تـاران. تلیاکەکەیان لەنێو تـرۆمبێلەکە شـاردەوە و من و کەسێکی تـر بەڕێکەوتین بۆ تـاران، لە ڕێگە لەتـاو ترس نەمتوانی بنووم، لەوە دەترسام پۆلیس بێت و تریـاکەکە بـدۆزێتەوە و ئێمەش بگیرێین. بیرم لەوە دەکردەوە گەر من بگیرێم کێ لەبری من کار دەکات و خەرجیی ماڵ دەردێنێ!".

منداڵێک لە دۆخێکی ئاوادا دەژی و گەورە دەبێ و تـا سەر ئێسک هەژاری و نایەکسانی و دڵڕەقی دەچێژێت! شەوان لەتـاو هاواری ئەشکەنجەدانی ئەو زیندانییانەی زیندانی تەنیشت ماڵیان ناتوانێ بخەوێ، کودەتـای ساڵی ١٩٥٣ و دوورخسـتنەوەی موسـەدەق دەبینـێ، پەنجاکـانی سـەدەی ڕابـردووی ئێـران و ئەو بێهیـواییەی وا بـاڵی بەسـەر وڵاتـدا کێشاوە، داخستنی چەندین بڵاوکراوە و قەدەغەکردنی هەموو چەشنە چالاکییەکی مەدەنی و سیاسی، کێشکردنی لاوە خـوێندکارەکـان بـۆ نێـو بەنـدیخانەکان، گەنجێکی بەرپرسیار و هۆشیار و جەسـوور و ئاگـادار لە خەمی هاوڵاتیان و ئەو ستەمەی لێیان دەکرێ، دێنێتە وجود. عەلی ئەشرەف دەرویّشیان ئەو گەنجەی هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ چـوونە بەر خوێنـدن خـراوەتە بەر کـاری قـورس و تـاقەتپڕووکێن، شـاگردی و تەنەکەچێتـی و بەقـاڵی و دەستفرۆشی و دەیان کاری دیکە ئەزموون دەکات، تـا ئەوکاتەی دەبێتە مامۆستا، لە پەنای وانەگوتنەوەدا کرێکاریی کردووە و یـارمەتیی خێزانەکەیـانی داوە و نانهێنەری ماڵ بـووە. دەرویّشیان درێژەپێـدەری ڕێبـازی نووسـەری گەورەی ئێران سەمەد بێهرەنگی دەبێت و تـا کۆتـایی بەرانبەر بەو ڕێبازە وەفادار دەبێت.

٢

دەرویشیان و بیرەنگی:

سەمەد بیرەنگیش وەکو عەلی ئەشرەف دەرویشیان لە خێزانێکی کرێکار لەدایک بووە، هەرلە منداڵییەوە بە هەژاری و نەداری ئاشنا بوو، لە یەک زانکۆدا خوێندیان و کەڵکیان لە ناسینی هەردوو نووسەر و ڕۆشنبیری دیاری ئێران سیمین دانیشوەر و جەلال ئال ئەحمەد وەرگرت، کە مامۆستا وهاوڕێ و ڕێنیشاندەری ئەو دوو قوتابییە تازە پێگەیشتووە بوون و پردێک بوون بۆ ئاشنابوون بە زۆر نووسەر و ڕۆشنبیری دیاری ئەو ڕۆژگارە و کاریگەریی بەرچاویان لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی دەرویشیان و بیرەنگی دانا. لێکچوونی ژینگەی ژیان، خەم و ئازارەکانی خۆیان و هاوزمانەکانیان، پەراوێزبوونی هاوشارییەکانیان، نغرۆبوونیان لەناو بێکاری و هەژاری و نادادپەروەری و نایەکسانیدا، کاریگەری لەسەر تێڕوانینیان بۆ ئەدەبیات و سیاسەت و پرسە گرنگەکان دانا و بووە هۆی ئەوەی بیروباوەڕیان زۆر لەیەکەوە نزیک بێت و پاش خنکانی سەمەد بەشێوەیەکی گوماناوی لە ئاوی ئاراسدا، دەرویشیان یەکەم کتێبی لەساڵیادی کۆچی ناوادەی هاوڕێکەیدا بە ناونیشانی "سەمەد بە نەمری گەیشت" بڵاودەکاتەوە و لە ماوەیەکی کەمدا و بە تیراژی بیست هەزار دانە چەندین جار چاپ دەکرێتەوە و ناوبانگێکی زۆر بۆ دەرویشیان بەدەست دەهێنێت، هەر ئەو کتێبەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەرویشیان لەسەرەتای نووسینییەوە بکەوێتە ژێر چاودێریی ساواکەوە و مەمنوع قەڵەم بێت (بڵاوکردنەوەی لێ یاساغ دەکرێت). دەرویشیان پاش مەرگی سەمەد درێژەپێدەری ڕێگا و ڕێبازەکەی دەبێت و ئەو چەشنە لە ئەدەبیات دەنووسێت کە جیاوازە و پەردە لەسەر نەوتراوەوکان لادەدات، ئەوەی میدیاکان باسی ناکەن و سانسۆر دەیشارێتەوە و نیشان نادرێت، دەبێتە چەقی کارکردنی چیرۆک و ڕۆمانەکانی دەرویشیان و ئەو نەهامەتی و کارەساتەی دەیان ساڵە دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان بەسەر هاووڵاتییەکانی وڵاتەکەیدا هێناویانە، لە چوارچێوەی ڕیالیستی ڕەخنەگرانەدا و بە زمانێکی پڕ لە هەست و ڕەوان و کاریگەر بڵاودەکاتەوە. لەبەرئەوەی زۆر زوو دەکەوێتە بەندیخانەوە، یەکەم چیرۆکەکانی لە بەندیخانەدا لەناو دەچن و ناگەنە بەردەست و دیدەی خوێنەران.

٣

گەڕانەوە بۆ گوندەکانی کوردستان

پاش خوێندن لە زانکۆی تاران و ناسینی زۆر نووسەری گەورە و چەندین بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەشداریکردن لە چەندین میتینگدا، کاتێک جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکانی کوردستان بۆ وانە گوتنەوە، ژیان و نەهامەتی و بێکاری و نەداریی هاوزمانەکانی دەبێتە بابەتی سەرەکیی ڕۆمان و چیرۆکەکانی و تا کۆتایی ژیانیشی ئەو کاریگەرییە بەسەرکۆی نووسینەکانییەوە دەبینرێت.

پاش چەندین ساڵ، یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی لەساڵی ١٩٧٤ دا بڵاودەبێتەوە و لە سەرتاسەری ئێراندا دەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێت و مژدەی هاتنی نووسەرێکی سەرکەوتووی سەر بە ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە دەدات. ئەم کۆمەڵە چیرۆکە لە ماوەیەکی کەمدا هەژدە جار چاپ دەکرێتەوە و دواتر قەدەغە دەکرێت. بە تۆمەتی ئەوەی ناڕاستەوخۆ سووکایەتی بە دەسەڵاتدارانی ئێران کردووە، دەخرێتە بەندیخانەوە. لەبەر سانسۆر و قەدەغە لەسەر بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی، کۆمەڵە چیرۆکی دووەمی بە ناونیشانی ئابشووران، بەناوی خوازراوی لەتیف تەڵخستانییەوە بڵاودەکاتەوە، بە هەمان شێوەی کتێبی یەکەمی پێشوازییەکی زۆری لێ دەکرێت، بەهۆی ساواک و چاودێریکردنی بەردەوامی، ناچار دەبێت بە چەند ناوی دیکەی وەک عەلی کرماشانی، بێهرۆز نیکگۆ و چەندین ناوی خوازراوی دیکەوە بەرهەمەکانی بڵاوبکاتەوە، لەسەر نووسینەکانی دەستگیر دەکرێت و دواییین جار سزای یانزە ساڵ بەندکردنی بەسەردا دەدرێت، لەپاش حەوت ساڵ بەندکردن، لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران و شکاندنی زیندانەکاندا ئازاد دەبێت. ئەزموونی بەندیخانە یەکێکی دیکە لە تێمای سەرەکییەکانی چیرۆک و ڕۆمانەکانی دەرونشیانە و یەکێکە لەو دیارترین نووسەرانەی ئێران کە زۆر بەجوانی کەشی پڕلە ترس و دڵەڕاوکێی ناو بەندیخانەکانی ئێران و جەلادەکانی ناو زیندانی نیشان داوە.

٤

دەرویشیان پاش شۆڕشی گەلانی ئێران:

دەرویشیان پاش شۆڕشی گەلانی ئێران درێژەی بە ڕێبازەکەی دا، هەمیشە بە نووسین و کاروچالاکییەکانی لە ناوەندی نووسەرانی ئێراندا دژی سانسۆر و نادادپەروەری و نەبوونی ئازادی خەباتی کرد و لەو پێناوەشدا باجی زۆری دا، بۆ هەمیشە لە پیشەی مامۆستایەتی دوورخرایەوە کە پیشەی دڵخواز و خۆشەویستی ژیانی بوو. لە کاریگەرترین ئەندامانی ناوەندی نووسەرانی ئێران بوو، چەند ساڵێکیش بەرپرسی گشتیی ئەو ناوەندە بووە. ئەو باوەڕی وابوو سەرلەبەری سیستەمی پەروەردەی ئێران نادروست و نامرۆییە و دەبێت هەڵوەشێتەوە و پەروەردەیەکی مرۆیی و ئاشتیخوازانە جێگای بگرێتەوە، تا بتوانێت لە خزمەت سەرجەم نەتەوەکانی ئێراندا بێت، باوەڕی وابوو بۆ گۆڕانکاریی بونیادی لە کۆمەڵگەدا، دەبێت لە پەروەردەی منداڵانەوە دەست پێ بکرێت و ئەو تۆڕە کاریگەرە لە ماف و ئازادی و ئارەزووەکانیان ئاگادار بکرێنەوە و خاوەن پەروەردەیەکی تەندروست بن. لەبەر قەدەغەبوونی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا و لە هەموو سەردەمەکاندا، ئەو و چەندین هاوزمانی تری بە ناچار بە زمانی فارسی دەیانخوێند و دەیاننووسی، بەڵام هیچ کات ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی عەلی محەممەد ئەفغانی، لاری کرماشانی، مەنسوور یاقوتی و چەندین نووسەری تری کورد و لەسەروو هەموویانەوە دەرویشیان، بەدەر نەبوون لە غەمەکانی مرۆڤی کورد و نەهامەتییەکانی. سەرتاسەری چیرۆک و ڕۆمانەکانی دەرویشیان پڕن لە پەند و گوتە و داستان و فۆلکلۆری کوردی و گەنجینەی دەوڵەمەندی کولتووری نەتەوەکەی و زۆر بە وردی کاری لەسەر کردووە و کاریگەریی زمانی دایکی و تایبەتمەندییەکانی ناسنامەی کوردی زۆر باش نیشان داوە.

٥

دەرویشیان و ناوەندی نووسەرانی ئێران:

دەرویشیان پاش شۆڕشی گەلانی ئێران شێلگیرانەترلە پێش شۆڕش خەباتی کرد لەپێناوی ئازادیی بیروڕا دەربڕین و مافەکانی و مرۆڤ و جگە لە نووسینی زۆر لە بڵاوکراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات و بەستنی چەندین سیمینارو کۆڕو کۆبوونەوە لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران، بەشێکی زۆر لەکاتی خۆی تەرخان دەکات بۆ ناوەندی نووسەرانی ئێران و بەرگریکردن لە مافی ژنان و منداڵان و بەندکراوانی سیاسی و چالاکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە

مەدەنییەکان تا هاوینی دووهەزارو شەش و ئەو کاتەی تووشی جەڵدەی مێشک دەبێت، سەرۆکی ناوەندی نووسەرانی ئێران بوو، بەهۆی کاروچالاکیی زۆری دەبێتە هۆی بێزاریی زۆری دەسەڵاتدارێتی ئێران و دەکەوێتە ژێر چاودێریی دەزگا سیخوڕییەکانی دەوڵەتەوە. لە ساڵانی نەوەدەکاندا لیستێک ئاشکرا دەبێت کە ناوی چەند نووسەرو کەسایەتییەکی دیاری تێدایە و بەپێی فەرمانەکە دەبێت تیرۆر بکرێن، یەکێک لەو کەسانە عەلی ئەشرەف دەروێشیانە. پاش شەهیدکردنی شاعیر و ڕەخنەگر محەممەد موختاری و کۆمەڵناس و وەرگێڕی دیار محەممەد جەعفەر پوینده و چەند نووسەرو ڕۆژنامەنووسی دیکە، ژیانی دەرویشیان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی ڕاستەوخۆ، بەڵام ئامادە نییە ئێران بەجێبهێڵێت و باوەڕی بەوە هەیە لە ناوەوەی وڵات درێژە بە خەبات بدات. دەسەڵاتدارانی ئێران هەر لە درێژەی گوشارەکانیاندا بۆ سەر دەرویشیان، بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی لەو ساڵانەی دواییدا قەدەغە دەکەن. بەڵام سەرەڕای نەخۆشیی درێژخایەن و باری ئابووریی زۆر خراپی، بەردەوام بوو لە کاروچالاکییەکانی و سەفەری بەردەوام بۆ شارەکانی ئێران و دەرەوەی وڵات.

٦

دەرویشیان و کوردبوون

لە ماوەی بیست ساڵ ناسین و هاوڕێیەتی نزیک و هاتوچۆی بەردەواممدا بۆ ماڵەکەی و سەفەری زۆرم لەگەڵی، دەرویشیان هەمیشە شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە کردووە و عشق و ئینتیمایەکی زۆرم تێدا بەدی دەکرد بۆ کورد. غەمگین دەبوو بە ناخۆشییەکانی نەتەوەکەی و شاد دەبوو بە شادییەکانی. ساڵی ٢٠٠٦ بۆ یەکەم جار هاتە باشووری کوردستان، سلێمانی و هەولێری بینی و بەشداریی فێستیڤاڵی دەیەمی گەلاوێژی کرد و دڵخۆش بوو بەو ئازادیەی لەم بەشەی کوردستاندا هەبوو. لە کاتێکدا باری تەندروستی زۆر خراپ بوو، ساڵی ٢٠١٤ جارێکی دیکە بەشداریی فێستیڤاڵی گەلاوێژی کردەوە و ئەمجارەشیان هەفتەیەک لە سلێمانی مایەوە و خەڵاتی زێڕینی ئەحمەد هەردی و خەڵاتی گەورەی کوردستانی پێشکەش کرا. دەرویشیان لە گفتوگۆیەکمدا لەگەڵی گوتی کە سلێمانی شاری خەونەکانی منە و خەڵاتی گەورەی زۆرم لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی ئێراندا وەرگرتووە، بەڵام ئەم خەڵاتەی کوردستانی ئازادم لە هەموو خەڵاتەکانی دیکە لەلا خۆشەویستتر و گرنگتره.

٧

دەرویشیان بە نەمری گەیشت

دەرویشیان یەکەم کتێبی بەناونیشانی سەمەد بە نەمریی گەیشت، ٤٨ ساڵ لەمەوبەر دەربارەی هاوڕێ نزیکەکەی خۆی سەمەد بێهرەنگی بڵاوەکاتەوە و بەو کتێبە وەکو نووسەر و ڕەخنەگر دەردەکەوێت. پاش ٤٨ ساڵ، خۆی بە نەمریی دەگات، لە ماوە ی نزیک بە نیو سەدە نووسین و خەباتی مەدەنی و سیاسی، توانی کاریگەری لەسەر چەند نەوەیەک دابنێت و مەرگیشی جارێکی دیکە دەبێتەوە بە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتداران و دوو ڕۆژ بەسەر مردنیدا تێدەپەڕێت و دەسەڵاتدارانی ئێران ناهێڵن لەو گۆڕستانەی خۆی ویستبووی لەپەنای هاوڕێ ئازادیخوازەکانی: ئەحمەد شاملو، محەممەد موختاری، محەممەد جەعفەر پوینده، ئەحمەد مەحمود، هۆشەنگ گوڵشیری - دا بەخاک بسپێردرێت و ناچارن لە گۆڕستانێکی دووری نێوان کەرەج و قەزوینەدا بەخاکی بسپێرن. دەرویشیان لە ژیانی پڕ کارو بەرهەمیدا زیاتر لە بیست کتێبی نووسی و بیست بەرگ ئەفسانەی ئێرانی کۆکردەوە و یەکێک بوو لە دیاترین نووسەرانی ئەدەبیاتی منداڵان و مێرمنداڵان و لێکۆڵەری بواری ئەفسانە و فۆلکلۆر. بەرهەمەکانی وەرگێڕدراون بۆ بیست زمان، خاوەنی خەڵاتی هلمت - همت. خەڵاتی میهرەگان، خەڵاتی هۆشەنگی گوڵشیری و خەڵاتی هەردی و چەندین خەڵاتی تر‌ە و پاش دە ساڵ نەخۆشی و مانەوە لەسەر (عەرەبانە) بەهۆی جەڵتەی مێشکەوە، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٨ - ١٠ - ٢٠١٧ لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

دەرویشیان، ڕووناکبیرێک هەڵقوڵاو لە هزری چەپ

(بۆ ساڵیادی لەدایکبوونی "عەلی ئەشرەف دەرویشیان")

سووکە ناوڕێک بۆ سەر ژیان و بەرهەمەکانی



لە فارسییەوە: هۆمەر نۆریاوی

وەرگێڕ و چەند پەیڤێکی پێویست:

دەمێکە ئاشنا بە هاژەی ڕۆحێکم، هەتا دێت زێتر وەبەر شەپۆلانی گیانە بێگەردەکەی دەکەوم. لەو دەمەوەی بۆ یەکەمجار گیان،ئاشنا بە دەڤەرەکانی دەروونی ئەم زاتە نیگا ئەرخەوانییە بوو هەتا ئەو ساتەی لە نێزیکەوە چاوم بە فرمێسکی نیگای کەوت،بەردەوام هەر ڕێبوارێکی شەیدا بە لق و پۆی دارئەرخەوانەکانی ئەو هەناسە پاکە بووم. هەنووکە ،گەلێک ساڵان بەسەر ئەو ڕۆژانە و ئەو دەمانەدا تێپەڕیوە و ئێدی وەک جاری جاران،کوا بۆم دەلوێت،لەژێر نسێی گیانیدا،تاوێک بەدەم گفتی دڵپاکانەیەوە،ئۆقرەیەک بەم گیانە شەکەتەم ببەخشم!! بەڵام هەر جارەو لەودیو شووشەی نیگارینی دڵستانەکەی کتێبەوە،چاوم بە تیشکی هەسارەیەکی دەکرێتەوە(دەگەشێتەوە)، ئۆخژێنێکم دێتێ و پڕ بە گیان،لە هەناسەکانی ئەو هەسارە ڕووناکە هەڵدەمژم و لە بۆنی دارئەخەوانەکانی پێ بناری ڕۆحی، مەستی مەست ئەبم. ئەم چەند پەیڤەی نێو ناخ، ڕووی لە نووسەری تا سەر ئێسقان مرۆدۆست و نیشتمانپەروەر "ئەلی ئەشرەف دەرویشیان"ە.

"عەلی ئەشرەف دەرویشیان" رۆژی سێهەمی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی (١٩٤١ زایینی) لە کرماشان دیدەی لە ڕووی ژیان هەڵێناوە. پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی لە فێرگەی مامۆستایان، ڕوو دەکاتە پیشەی مامۆستایی قوتابخانان و لە فێرگە و قوتابخانەکانی ئاوایی و گوندەکانی گیلانی ڕۆژاوا و شاباد خەریکی وانەوتنەوە دەبێت کە هەر دۆخی تایبەتی ئەو ناوچانە و هەژاری و دەستکورتی خەڵکەکەی ئەو ناوە، دەبێت بە هەوێنی چیرۆکەکانی. ئەلی ئەشرەف دەرویشیان پاشان لە بەشی وێژە و ئەدەب لە زانستگەی تاران درێژە بە خوێندنەکەی دەدات. بۆ تەمەنێک دەڕوات خزمەتی بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری دەکات و لە باری هەرە ئاڵۆزی تەندروستیی ئێستایشیدا دیسانەوە هەر مژول و خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوەیە. بۆ وتن دەشێت مامۆستا دەرویشیان دەرچووی بەشی دەروونناسیی پەرەوەردە و هەروەها بەشی ڕاوێژکاریی خوێندن بە پلەی بکالۆریۆس و ماستەرە. چەند بەرهەمێکی وەک "هەورە ساڵان" و "چیرۆکی وان ساڵان"ی ئەم نووسەرە چەندین جار لە چاپ دراونەتەوە.

دەرویشیان، فەرهەنگی ئەفسانەکانی گەلانی ئێرانی بە یارمەتی و هاوکاری ڕەزا خەندان لە چاپ داوە کە نزیکەی ٢٠ بەرگە. هەروەها ئاواتی قاقەزین، بەرهەمێکی دی نووسەرە کە پەخشکاری "چەشمە" ئەم کتێبەی چاپ و بڵاو کردۆتەوە. لە بەرهەمەکانی دی دەرویشیان دەکرێ ئاماژە بکەینە: "لەم هەرێمەوە"، "پەڕەموویج"، کە داگری نزیکەی ١٢- ١٠ کورتە چیرۆکێکە،"ئاوشووران"، "قەسڵی نان" و " هاوڕێی گۆرانییەکانی باوکم" کە گەلێک جاران لە چاپ دراونەتەوە. هەروەها چەندێک لە بەرهەمەکانی دەرویشیان دەچنە خانەی وێژەی منداڵان؛ لەوانەش دەکرێت ئەم بەرهەمانە نێو بەرین: بۆرە هەوری هەزار چاو، ڕەنگینە، ڕۆژنامەی دیواری قوتابخانەکەی مە(ڕۆژنامەی دیواریی خوێندنگەکەمان)، کاکە گیان کەی دەگەڕێیتەوە؟، گوڵ تەڵا و کڵاشی سوور و کۆمەڵە کتێبێک بۆ منداڵان و مێردمنداڵان.

مامۆستا دەرویشیان بەم ساڵانە خزمەتێکی شیاوی زمان و وێژەی کوردیشی کردووە و بە لە چاپدانی چەند بەرهەمێک، ئەوپەڕی دڵسۆزی بۆ گەلەکەی بە ئەنجام گەیاندووە. مامۆستا دەرویشیان بە وەرگێڕانی هەڵبژاردەی کورتە چیرۆکی هاوچەرخی کوردی، هەستی نیشتمانپەروەری خۆی بەو چەشنە لای هەمووان دەسەلمێنێت. ئەم نووسەرە کۆڵنەدەرە خاوەنی چەندین بەرهەمی توێژینەوەییشە، لەو بەرهەمانەشی دەکرێت ئیشارەتێک بەمانە بدەین: کۆمەڵە وتار، چلۆن و بۆچ، کورتە چیرۆکەکانی لەبەردڵانی لام لە ٨ بەرگدا بە هاوکاری ڕەزا خەندان، بیرەوەرییەکانی سەفەرخان، یادەوەری سەمەد بێهڕەنگی، قامووسی کوردی - فارسی(کەڵھوڕی)، کتێبی بێستوون و سەمەد چووە ڕیزی نەمران. بەشێکی فرە لە بەرهەمەکانی مامۆستا دەرویشیان لە لایەن دەیان نووسەر و وەرگێڕی

کوردەوە کراون بە کوردی. نموونەی هەرە بەرچاویش دوو بەرهەمی "هەتاو" کە داگری کۆمەڵە کورتە چیرۆکێکی ئەم نووسەرەیە و مامۆستا "عەبدوڵلا حەسەنزادە" بەرگی کوردی کردووەتە وەر و ساڵی 1990 چاپخانەی "حەوادیس" لە بەغا چاپی کردووە و ڕۆمانی دوو بەرگیی "ساڵانی هەورین"ە کە نووسەر و وەرگێڕی ناوئاشنای کورد "عەزیز گەردی" لە فارسییەوە بەرگی کوردی کردۆتە بەر و ئەم بەرهەمەش ساڵی ٢٠١٥ لە لایەن ناوەندی "غەزەلنووس"ەوە لە سلێمانی لە چاپ دراوە. جێی خۆیەتی ئاماژە بەو خاڵەش بدەین کە مامۆستا دەرویشیان لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوییەوە دەکەوێتە زیندانی ڕژێمی شا بەڵام بە سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران، ساڵی ١٣٥٧ ی هەتاوی لە بەندیخانە بەر دەبێت. ئەوەی دەخرێتە بەرچاوی خوێنەر، چەند کورتە نووسینێکی فارسییە بۆ ساڵیادی لەدایکبوونی ئەم نووسەرە مرۆڤدۆستە کە بۆ یادی ٧٤ ساڵیی ئەم زاتەیە و نووسەری ئەم دێڕانە وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی. "دەرویشیان"ی مەزن وا ئێستا پێی ناوەتە نێو تەمەنی ٧٥ ساڵییەوە و ئەم چەند پەیڤە بە نیشانەی وەفا بەرانبەر بەو کەسایەتییە پەرۆش و خەمخۆرە، پێشکەشی دەکرێت.

دەرویشیان لە بەرهەمەکانیدا ڕوخساری بێبەزەییانە و ناوێتە بە زەبر و زەنگی هەژاریی و بەلەنگازی دەخاتە بەر دیدە و چەندە جوان،هەژێنەر و کاراش دەست بۆ خامەکەی دەبات.

"ڕۆژێک مامۆستا بە قوتابییان دەڵێت خەوەکانیان بگێڕنەوە. "نیاز ئەلی" خەوێکی سەرنجڕاکێش دەگێڕێتەوە. خەوی بینیوە کە خۆی و باوکی بوون بە چۆلەکە و خەریکە دەفڕن و دایکی دەگریی و لەپڕێک، مەشەیی باقر کە پێشتر هەرمانی بۆ کردوون لە سیمای ئەژدیهایەکدا دەبینێت و لە ترساندا، گورج گورج دەست دەکات بە پستەتەقاندن و خوێن،لە دەم و ددان و پووکی دەچۆڕێت(دەڕژێت، فیشقەی دێت). پستەکان دەست بە دەستی یەکەوە دەدەن دەم بقوچێنن(بقوجێنن) تا مەشەیی باقر دڵی ڕێش نەبێت . مەشەیی باقر، چاوی بە نیاز ئەلی دەکەوێت و دەیەوێت بیگرێت، یەک لە پستەکان بۆی دەبێتە بالۆن و لەگەڵ خۆیدا بۆ ئاسمانی بەرز دەکاتەوە. لەوێندەرێ گەرەکیەتی هەسارەیەک دابگرێت(هەسارەیەک لە ئاسمان بکاتەوە)، بەڵام بەر دەبێتەوە و لە خەو ڕادەچڵەکێت. چەند ڕۆژ دواتر نیاز ئەلی،لەسەر پۆلەکەی ئامادە نابێت. منالانی قوتابی دەڵێن: دوێنێ ئێوارە لە سەرماندا مرد کەچی بەردەوام ئەیوت، هەسارەم گەرەکە،هەسارەم گەرەکە، هەسارەیەک بۆ دایکم".

دەقی سەرەوە بەشێک بوو لە چیرۆکی "نیاز ئەلی نەدار" بە خامەی چەلەنگ و بەپێزی ئەلی ئەشرەف دەرویشیان،

ئەو کەسایەتیی و سیمایەی بە یەک لە ئەستوونەکانی تۆرە و وێژەی هاوچەرخی ئێمە(فارسی) دادەنرێت و چەندە دڵهەژێنە کە ئەو نیستا لە سەرەتای تەمەنی ٧٤ ساڵاندا ،دەبێت چەمەڕای لەچاپدرانی بەرهەمەکانی بێت کە هێشتا هیچ هەواڵێک لە بڵاوبوونەوەیان بەرگوێ ناکەوێت.

بەرهەمەکانی دەرویشیان دژایەتی دیکتاتۆر دەکەن

دەرویشیان، نووسەرێکی هزرڕوون و ڕووناکبیرە کە بە درێژایی تەمەنی، بەرەنگاری دیکتاتۆرییەت و ملهوڕییەتی بۆتەوە. ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی(١٩٤١)لە خێزانێکی کرێکاری گەڕەکی "ئاوشووران"ی شاری "کرماشان" دیدەی لە ڕووی ژیان هەڵهێناوە. ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی(١٩٥٨)خوێندنی خانەی مامۆستایان کۆتایی پێ دێنێت و پاشان بۆ مامۆستایەتی، ڕەوانەی ئاوایی و گوندەکانی دەوروبەری کرماشان و گیلانی ڕۆژاوا دەکرێت. ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی(١٩٦٦)لە بەشی وێژە و ئەدەبی فارسیی زانستگەی تاران دەست بە خوێندن دەکات و دوای وەرگرتنی بڕوانامەی بکالۆریۆس، لە بەشی دەروونناسیی پەروەردە دا درێژە بە خوێندنەکەی لە خولی ماستەردا دەدات و هاوکاتیش لە خوێندنگەی باڵای تاران لە بەشی ڕاوێژکاریی و ڕێنمایی فێرکاری درێژە بە خوێندنەکەی دەدات.

ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی(١٩٧٣) یەکەمین کۆمەڵەی چیرۆکی بڵاو دەبێتەوە. لە ساڵی ١٣٥٠ تا ١٣٥٧(١٩٧١ تا ١٩٧٨)دەوە لەبەر نووسینی کتێبی "لەم هەرێمەوە" و چالاکیی سیاسی، سێ جار قۆڵبەست و خامەی یاساخ دەکرێت. یەکەمجار لە کرماشاندا بۆ ماوەی ٨ مانگ دەخرێتە بەندیخانەوە، دواتر دەرویشیان لە تاران دەردەست دەکرێت و ٧ مانگ لە گرتووخانەدا دەمێنێتەوە. دەرویشیان هەروەها دوابەدوای ئەم پرسە لە زانستگە دەر دەکرێت و لە پیشەی مامۆستایەتیش دوور دەخرێتەوە. دواتر ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی (١٩٧٤)هەمدیس قۆڵبەست دەکرێتەوە و ١١ ساڵ زیندانی بۆ دەبڕدرێتەوە. دەرویشیان ئیدی لەو دەمەوە دەخرێتە بەندیخانە و تا سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕش لە زیندانداندا دەمێنێتەوە.

دەرویشیان لە بەرهەمەکانیدا ڕوخساری ئاوێتە بە زەبر و زەنگ و بێبەزەییانەی هەژاریی و بەلەنگازیی دەخاتە بەر دیدە و چەندە جوان،هەژێنەر و کاراش دەست بۆ خامەکەی دەبات. ئەو زۆر جوان پەی بە هەژاریی دەبات و دەیناسێت، ساڵەهای ساڵ بەلای منالانی گوندەوە ژیان وەپشت سەر دەنێت و ڕەنج و مەینەت و چەرمەسەریی ئەوان

بەردەوام گیان و ناخی وەژان دەخات. زۆر چیرۆکی دەرویشیان شەرح و ڕاڤەی ئەو وێنە دڵەڕۆنانە دەکات کە بە درێژایی ژیان بەر دیدەی کەوتوون؛ چ ژیانی خۆی و چ ئەو ڕەنج و ئازارەی کە خەڵکانی دی لەبەر ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان بە تووشیانەوە بووە و ئەم هەموو مەینەتە لە نێو بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. جگە لەمە، دەرویشیان، مامۆستای فەرهەنگی جەماوەرییە و لەم بوارەشدا خاوەنی چەندین بەرهەمە. بۆ خۆی زۆر جار ڕایگەیاندووە کە هۆکاری سەرەکی هۆگریی بە فەرهەنگی جەماوەری، چیرۆکەکانی دا پیرەیە کە بۆی گێڕاوەتەوە بۆیە لەم سۆنگەوە خۆی بە قەرزباری دەزانێت.

ڕیالیزمی دەرویشیان، ڕیالیزمێکی سۆزدارییە

ڕەزا خەندان مەهابادی

سااڵیادی لەدایکبونی ئەلی ئەشرەف دەرویشیان پیرۆز دەکەم. دەرویشیان لەو دەستە مرۆیانەیە کە تا نموونەی لەم جیهانەدا زۆرتر بێت، باشترە. ئەو بۆ جوانترکردن و مرۆییترکردنی ئەم جیهانە هەنگاوی ناوە و گەر بەرهەمەکانی باس لە کوێرەوەریی و تاڵییەکانی ژیان دەکات،تەنیا لەبەر ئەوەیە جوانییەکانی ژین زێتر بخاتە بەرچاوان. دەرویشیان ئەو کەسەیە کە لەبن کارتێکەری کەشوبای ئەدەبیی و ڕەوتی ڕووناکبیریی چەپدا کە چەکێک بۆ خەبات و بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆرییەت دێتە ئەژمار، بوو بەو نووسەرەی کە بەردەوام بەرەنگاری هەلومەرجی زاڵی سەردەمی خۆی دەبووەوە.

دەرویشیان لە خێزانێکی هەژاری کرماشانییدا لەدایک دەبێت و لە دۆخ و ڕەوشێکی هەرەسەخت و ئاڵۆزدا گەورە دەبێت. تەمەن ١٨ ساڵان دەبێت کە لە گوندەکاندا دەبێتە مامۆستای قوتابخانە و سیمای دڵەڕۆنی هەژاریی بەر دیدە دەکەوێت. ڕەنگە هەر لەبەر تێگەییشتن بۆ ئەو جۆرە ژیانە بێت کە دواتر دەرویشیان، ئینسان و کەسایەتییەکی ئارمانجخوازی لێ دەردەچێت. ئەو جیاوازییە چینایەتییەی کە لەو سەردەمەدا بوونی هەبووە و هەستی پێ کردووە، کار لەسەر هەست و نەستی مرۆیی دەرویشیان دەکات. لە ئاخر و ئۆخری چلەکانی هەتاوی (کۆتایی شەستەکان)ەوە چالاکیی و خەباتی نووسینی خۆی دەست پێ دەکات و سەرەتای پەنجاکان (هەفتاکانی زایینی) دەبێت کە یەکەمین کۆمەڵە کورتە چیرۆکی خۆی بڵاو دەکاتەوە. لە بەرهەمەکانی دەرویشیاندا تایبەتمەندییەک زۆر بە زەقی بەرچاو دەکەوێت. ئەویش ئەوەیە کە نووسینەکانی لە بەرگێکی سۆزداریەوە خۆ

دەنوێنن. دەرۆیشیان ئەوەی لە چوارتەنیشتی خۆیدا دەیبینێت، هەست و سۆزی دڵەکەی دەخاتە سەر و لە ڕێی نووسینەکانیەوە، بۆ خوێنەری دەگوێزێتەوە. هەر لەبەر تێپەڕبوونی بەرهەمی دەرۆێشیان بەو فیلتەر و کەناڵە سۆزدارییەدا، نووسینەکانی زۆر هەستناکن. تەنانەت گەر بەرهەمەکە لۆژیکیانە و بەڵگەییش بێت. بوونی هەمان فیلتەر بۆتە هۆکار تا بەرهەمەکانی زۆر کاریگەر بن. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێم کە ڕیالیزمی دەرۆێشیان، چەشنە ڕیالیزمێکی سۆزدارانەیە. خۆزی ئەوەندە زیندوو بمێنێتەوە و تەمەن یارمەتی بدات تا بەو جیهانەی بگات کە بۆ کۆمەڵگەکەی بەتایبەت بۆ منالان بەئاواتی دەخوازێت".

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی هەواڵی کاری ئێران(ئیلنا) - ڕێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

هاواری ئازادی هەژاران، لە غەریبییدا سەری نایەوە

شەریف فەلاح

نووسەرێک لە ڕەگەزی داربەڕوو، قەڵەمێک کە گێڕەرەوە و حیکایەتخوانی بەرک و ئازارەکانی نیشتمانی کوردان بوو. کورتەباڵا و سەروسیما سپی، بەڵام باڵای خەم و ئازارەکانی هێندەی پەڕاو و بێستوون بڵند. لە گوندەکانی "شانابات" و کرماشان کە مامۆستای قوتابخانە بوو، تێکەڵی ئازار و مەینەتیی قوتابیانی ڕەش و ڕووت و خەڵکی هەژار و بێدەرتان دەبێت و هەر ئەو ئەزموونانە بوونە بنەما و هەوێنی ڕاستەقینەی نووسینەکانی و بە یەکێک لەو دەگمەن نووسەرە واقیعبینانە دێتە ئەژمار کە زمان و قەڵەم و کرداری یەک بوو.

ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی دەیەکانی ٥٠ و ٦٠ی زایینی و زاڵبوونی فکری چەپ لە ئێران و کوردستان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر بیروباوەڕ و نووسینەکانی هەبوو. لە ڕۆمانی چواربەرگیی (سااڵنی هەورین)دا کە بەسەرهاتی ژیانی خۆیەتی، بە شێوەیەکی ورد و هونەری ڕیالیزمیانە پەرژاوەتە سەر باری سیاسی، کۆمەاڵیەتی فەرهەنگیی کرماشان و شارەزایانە کەلێن و قوژبنە وردەکانی ژیانی الدێ، شار، وردە کولتووری کوردی وێنا کردووە کە زۆر لێکۆڵەر و ڕەخنەگر لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە ڕۆمانی (سااڵنی هەورین)یان تاوتوێ کردووە، کە دوای (کلیدەر)ی مەحمود دەوڵەتئابادی، بە دووەمین ڕۆمانی بەقەبارە دێتە ئەژمار.

دەرویشیان لەو دەگمەن نووسەرە دەگمەنانەیە کە هیچ مەودایەک لەنێوان ژیان و بیروباوەڕ و نووسینەکانیدا بەدی ناکرێت، یەکێک لە ڕاستگۆترین نووسەر و ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆی بوو. لەپێناو هەڵوێستەکانیشیدا سااڵنێکی زۆر زیندان و دەربەدەری و ئاوارەیی چێشتووە. هەژاری و بێدەرتانیی سەردەمی منداڵی و پاشان زیندان و ئەشکەنجە لەپێناو بیرباوەڕکانی، دەبنە هۆی چوارچێوە و پێکهاتەی فکریی دەرویشیان و لە هەموو ڕۆمان، چیرۆکەکانیدا بەجوانی ڕەنگیان داوەتەوە.

دەرویشیان لە بەرهەمەکانیدا ڕووخساری ئاوێتە بە زەبر و زەنگ و بێ بەزەییانەی هەژاری و بەلەنگازی دەخاتە بەردیدە و چەندە جوان، هەژێنەر و کاراش دەست بۆ خامەکەی دەبات. ئەو زۆر جوان پەی بە هەژاری دەبات و دەیناسێت، سااڵنەهای سااڵ بەالی منداڵانی گوندەوە ژیان بەڕێ دەکات و ڕەنج و مەینەت و چەرمەسەریی ئەوان بەردەوام گیان و ناخی ئازار دەدات. زۆر چیرۆکی دەرویشیان ڕاڤەی ئەو وێنە دڵهەژێنانە دەکات کە بە درێژایی ژیان بەردیدەی کەوتوون.

عەلئ ئەشرەف دەرویشیان، لە ڕیزی ئەو نووسەرانە دێتە ئەژمار کە خەم و ئازار و حەسرەتی چینی هەژار و بندەستی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی "هەم پێش شۆڕشی گەالنی ئێران و هەم پاش ئەوەش"، گێڕایەوە. پێداگری و شێلگیریی دەرویشیان لە گێڕانەوەی واقیعی کۆمەاڵیەتی و شێوەژیانی جیهانی خۆی دەنگێکی جیاواز و بێ وێنەی لە کۆمەڵگەی تاکخواز و فەردگەرای هەنووکەی ئێران بۆ گەڕەنتی کرد و بەگشتی وەکوو نووسەرێکی سەر بە ئەدەبیاتی دەروەست و بەرگری ناسرا.

ئەگەرچی ئەو پاش خۆی ڕێباز و نیگایەکی لە جیهانی پڕ لە ئاژاوە و نائومێدی ئێستای بۆ ئێمە بەجێ هێشت،

بەڵام ئەم نووسەرەش وەکوو نووسەرانی گەورەی تری کورد؛ ئیبراهیمی یوونسی، یەشار کەماڵ (کوردی باکوور) و محەمەد قازی (وەرگێڕ) و... بە زمانی زگماکی خۆی و گەلەکەی نەینووسی، یان هەلی لەباری بۆ نەڕەخسا خەم و ئازارەکانی نیشتمانەکەی بە زمانی دایکیی خۆی بگێڕێتەوە، بەڵام هەموو تێم و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی دەرویشیان، هەڵگری خەم و هەناسە ساردی و کولەمەرگیی کۆمەڵگەی کوردستانە.

سەرەڕای ئەمانەش دەرویشیان هەمیشە وەکوو کەسایەتییەکی "ناڕازی" لە هەمبەر سیستەمە سیاسییەکان "لە نێوان دوو سیستەمی سیاسی کە لە تەمەنیدا بینیبووی"، مایەوە و ئەمەش هەر وەکوو تێم و ناوەڕۆکێک باڵی بەسەر تێڕوانینیدا کێشابوو.

بوێری، ڕاستگۆیی لە کردار و نووسین و ملکەچ نەکردن بۆ دەسەڵات، هەروەها بەکارنەهێنانی نووسین و کەسێتیی خۆی بۆ پلە و خەڵات و خۆدوورگرتن لە خوانی دەسەڵاتداران، بوونە هۆی ئەوەی لە هەردوو سیستەمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا نووسینەکانی بکەونە بەر تیغی سانسۆر و بەشێکیان بەنهێنی چاپ بکرێن و بۆ ئەمەش گرفت و ئاستەنگی زۆری بۆ ساز بوو.

بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی کە باسمان کرد، دەکرێ بڵێین خەسڵەت و کەسێتیی دەرویشیان، ئاوێنەی باڵانوێنی نووسینەکانی خۆیەتی. دەرویشیان ئاسمانی هەور و پڕ تەمی ژیانی خۆی دەکاتە ئاسۆگی نووسین بیر لە کارەسات و تراژیدیای تاڵی "نەداری، برسێتی، بێدەرەتانی" دەکاتەوە، ئەو دەبێتە تریبوونی چینی چەوساوەی کۆمەڵ و بە نووکی خامەکەی دەبێتە چقڵی چاوی دەسەڵاتی ملهوڕ.

ئەم نووسەرە دەروەستە خەمخۆرە، بەرهەمەکانی پڕ بوون لە تاڵییەکانی ژیان، ئەو تاڵ ژارانەی کە دەبوونە خوەن دەسەڵاتەکان. قەڵەمێک کە حیکایەتخوانی ژانی پڕ ئازاری "نەداری" بوو، ئەو ژانەی کە هیچکات ساڕێژ نەکرا و لە سینەیدا کەڵەکە بوون و بوونە ئازاری جەستە و سەرەنجام بەو دەردانە و لە غەریبیدا سەری نایەوە.

هەرچەند زمانی نووسینی فارسییە، بەڵام سەرلەبەری ناوەڕۆک و کاکڵەی ڕۆمان و چیرۆکەکانی، خەمی مرۆڤی کورد و بەتایبەت کۆمەڵگەی کرماشانن. دەرویشیان حیکایەتخوانی خەڵکی کەناری ڕووبارەکانی "ئابشووران، لەبئاو و

قەرەسوو"یە. دەرویشیان مامۆستایەک بوو لە ڕەگەزی "سەمەد بێهرەنگی" و ڕێڕەوی جەلالی ئال ئەحمەد و ئەحمەد مەحمود بوو.

قەڵەمە دڵسۆز و خەمخۆرەکەی دیاری بیستوون، هەرچەند ڕۆمان و چیرۆکەکانی بە زمانی بێگانە (فارسی) نووسیوە، بەڵام لە بواری کۆکردنەوەی ئەفسانە، حیکایەت، بەیت و باو و مەتەڵەکانی دەڤەری کرماشاندا کارێکی گرنگ و بەنرخی کردووە کە بە قەڵەمی وەرگێڕی بەتوانا (عەزیز گەردی) کراونەتە کوردی.

لە بواری ئەدەبی منداڵانیشدا چەندین کۆمەڵە چیرۆکی وەک (هەوری ڕەشی هەزار چاو، گوڵزەڕ و کڵاشسوور، ڕەنگینە و ڕۆژنامەدیواریی قوتابخانەی ئێمە) و حیکایەتەکانی ئەو ساڵانەی چاپ و بڵاو کردووەتەوە کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر کۆمەڵگەی ئەدەبیی ئێران هەبووە.

دەرویشیان لە ماوەی شەست ساڵ کاری نووسین و خزمەت بە ئەدەبی کوردی و فارسی، زیاتر لە 50 بەرهەمی لە بوارەکانی ڕۆمان، چیرۆک، تۆێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە کە گرنگترینیان ڕۆمانی (ساڵانی هەورین)، ئەفسانە کوردییەکانی و ئەفسانەی گەلانی ئێران کە 22 بەرگە و بە یارمەتیی (ڕەزا خەندان مەهابادی) کۆی کردوونەتەوە.

دەرۆێشیان ساڵی ١٩٤١ لە خێزانێکی کرێکاری گەڕەکی (ئاوشووران)ی شاری کرماشانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٨ خوێندنی خانەی مامۆستایان تەواو دەکات و بۆ مامۆستایی، ڕەوانەی گوندەکانی دەوروبەری کرماشان و گێڵانی ڕۆژئاوا و شائاباد دەکرێت. ساڵی ١٩٦٦ لە بەشی وێژە و ئەدەبی فارسیی زانستگەی تاران دەست بە خوێندن دەکات و دوای وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، لە بەشی دەروونناسیی پەروەردەدا درێژە بە خوێندنی ماستەر دەدات، هاوکات لە خوێندنگەی باڵای تاران لە بەشی ڕاوێژکاری و ڕێنمایی فێرکاری دەخوێنێت. ساڵی ١٩٧٣ یەکەمین کۆمەڵەچیرۆکی بڵاو دەبێتەوە. لە ساڵی تا ١٩٧٨، لەبەر نووسینی کتێبی (لەم هەرێمەوە) و بەهۆی چالاکیی سیاسی، سێ جار قۆڵبەست و خامەی یاساخ دەکرێت. یەکەم جار لە کرماشان بۆ ماوەی هەشت مانگ دەخرێتە گرتووخانەوە، دواتر دەرۆێشیان لە تاران دەگیرێت و حەوت مانگ لە گرتووخانەدا دەمێنێتەوە. دەرۆێشیان دوا بەدوای ئەمە لە زانکۆ دەردەکرێت و لە پیشەی مامۆستایەتیش دوور دەخرێتەوە. ساڵی ١٩٧٤ دیسان قۆڵبەست دەکرێتەوە و ١١ ساڵ زیندانی بۆ دەبڕدرێتەوە. دەرۆێشیان ئیتر لەو دەمەوە دەخرێتە گرتووخانە و تا

سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە گرتووخانە دەمێنێتەوە.

سەرجەمی کتێب و بەرهەمەکانی دەروێشیان کە تا ئێستا ئامادە و چاپ و بڵاو کراونەتەوە، زیاتر لە ٦٠ بەرهەمە کە بریتین لە بوارەکانی (چیرۆک بۆ منداڵان و مێرمنداڵان)، (کۆکردنەوە)، (کورتەچیرۆک و ڕۆمان) و (فەرهەنگی خەڵکی ئاسایی، ڕەخنە و ئەفسانەی کوردی و گەلانی ئێران).

گرنگترین و بەرچاوترین بەرهەمی عەلی ئەشرەف دەروێشیان، نووسین و کۆکردنەوەی پرۆژەیەکی گەورەیە بەناوی (فەرهەنگی ئەفسانەکانی خەڵکی ئێران) لە ٢٠ بەرگدا کە بەرهەمی ٢٢ ساڵ هەوڵ و تێکۆشانی ئەم نووسەرەیە.

سەرەنجام دەریشیانی بوێر و دەروەست، پاش زیاتر لە شەش دەیە چالاکیی نووسین و خزمەت بە ئەدەبی کوردی و فارسی، پاش نزیکەی دە ساڵ نەخۆشی و تلانەوە بەدەم ئازاری جەستە، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٦ - ١٠ - ٢٠١٧ لە نەخۆشخانەیەکی تاران لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. هەرچەند خۆی وەسیەتی کردبوو لەلای سەفەر قەهرەمانیان کە هاوبەندیی خۆی بووە، لە تاران یان لەلای شاملوو بە خاک بسپێردرێت، هاوکات بنەماڵەکەی داوایان کردبوو تەرمەکەی ببرێتەوە کرماشان، بەڵام بە گوتەی خوشکەکەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران هەر لە نەخۆشخانە دەستیان بەسەر تەرمەکەیدا گرتووە و نەیانهێشتووە لە هیچکام لەو شوێنانە بنێژرێت. بۆ خۆیان کات و شوێنی ناشتنی دەرویشیانیان دیاری کردووە.

هۆکاری ئەو ڕێگەگرتنەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دەرویشیان لە ڕیزی ئەو نووسەرە بوێر، ناڕازی و کۆڵنەدەرانە بوو کە قەت ملکەچی دەسەڵات نەبوو، هاوڕێی ئازار و خەڵک و دژی ستەم و چەسانەوە بوو. بۆیە دوژمنانی ئازادی تەنانەت لە تەرم و جەستەی بێ گیانیشی دەترسان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ڕێکەوتی: ٦ی تشرینی دووەم ٢٠١٧

رۆمانی سالّانی هەورین، وێنەیەکی غەمگینی کرماشان



مەحمود نەجمەدین

بەر لەوەی قسە لەسەر رۆمانی سالّانی هەورین و نووسەرەکەی بکەین، با قسەیەک لەسەر عەزیزگەردی بکەین، کە بەحەق وەرگێڕێکی بەتواناو خاوەن سەلیقەو پڕ کارەو نزیکەی سەد بەرهەمی ئەدەبی جیهانیی بۆ خوێنەری کورد وەرگێڕاوە. عەزیز گەردی تەمەنی خۆی بۆ وەرگێڕان تەرخان کردووە. من نا، شارەزایانی بواری وەرگێڕان مەدحی وەرگێڕانە جوان و نایابەکانی دەکەن، کە چێژی تێکستە ئەسڵییەکەی هەیە، بۆ من کە ئەم رۆمانەم خوێندۆتەوە واتە سالّانی هەورین چێژی زۆرم هەم لە زمانەکەی وەرگرتووەو هەم لە رۆمانەکەو رووداوەکانی ناوی، کە دەمانباتەوە بۆ رۆژگاری داگیرکاری و جەنگی جیهانی و ژیانی ئەو رۆژگارەی کرماشان. عەلی ئەشرەف دەرویشیان لەو نووسەرە پڕ کارانەیە بە تەمەنی خۆی کۆمەڵێک بەرهەمی پێشکەشی خوێنەری فارسی زمان کردووە لە نێوەندی ئەدەبی ئێرانیدا لە دوای مەحمودی دەوڵەت ئابادی-ەوە بۆ رۆمانی درێژ ناوی دەرویشیان دێتە پێشەوە. عەلی ئەشرەفی کرماشانی کوردەو ئەویش وەکی هەموو ئەو نووسەرانەی بە کوردی نەیاننووسی، نەبوون بە موڵکی کوردو ئەدەبیاتی کوردی. گەرچی عەلی ئەشرەف شانازی بەکوردبوونی خۆیەوە دەکات و ئینکاری کوردبوونی نەکردووە.

لە مەراسیمی بڵاوبوونەوەی سالّانی هەورینداا لەلایەن وەرگێڕ مەریوان هەڵەبجەییەوە پەیامێکی دەرویشیان خوێندرایەوەو لە بەشێکی ئەو پەیامەدا دەرویشیان گوتی: کاتێک بیستم رۆمانی سالّانی هەورین وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی، جارێکی تر چێژی بە ئازاری نووسینی ئەو رۆمانەم هەست پێ کردەوە، ئەم جارەیان هاوڕێی وەرگێڕم عەزیز گەردی ئەو ئازارە دەچێژێت و منی بەهرەمەند کرد لەوەی دیسانەوە لە دایکبوونی سالّانی هەورین نوێ بکاتەوە لەناو خەڵکێکدا کە هەردەم خۆم بە بەشێک لەوان زانیوە. پێدەچێت هەر ئەمەش گۆشەیەک لە بایەخی

وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە لای من و سوپاسم بۆ زەحمەتییەکانی وەرگێڕ پیشان بدات، ڕۆمانەکان نەوەی نووسەرەکانن و من ئێستا نەوەیەکم هەیە کە بە کوردی قسە دەکات، لە کوردستان دەژی و لە ئێوان خەڵکەکەیدایە. بەم جۆرە ئێمە بەر لە ڕابردوو لەگەڵ یەکتردا بووین بە ناسیاو.

ڕۆمانی سااڵنی هەورین، بەرهەمە قەبارە ئەستوورەکەی عەلی ئەشرەف دەرویشیانە، نووسەری کوردی فارسینووس. عەزیز گەردی وەریگێڕاوە بۆ کوردی و لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووسە. ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بەسەر بیست بەشدا دابەش دەبێت و هەر بەشە ناونیشانی خۆی هەیە. لە کۆتاییدا وەرگێڕ فەرهەنگێکی داناوە بۆ وشەکان. ئەم ڕۆمانەی عەلی ئەشرەف دەرویشیان ساڵی ١٩٩١ بەفارسی چاپ و بڵاوبووەتەوەو تا ئێستا چەندین جار چاپ کراوەتەوە. زۆرێک لە ڕەخنەگرەکانی نێوەندی ئەدەبیات پێیان وایە ئەم ڕۆمانە بە جۆرێک لە جۆرەکان ژیانی خودی نووسەرە لە چوارچیوەی ڕۆمانێکدا.

چیرۆکی پەژمووردەیی

قارەمانی سەرەکی ئەم ڕۆمانە منداڵێکی چوار ساڵانە بە ناوی»شەریف دەورێش» کوڕی بنەماڵەیەکی هەژارەو لە کەشێکی هەژارانەدا پەروەردە بووە. ئەم ڕۆمانە بەسەرهاتی ژیانی شەریفە تا تەمەنی چل ساڵان، شوێن لەم ڕۆمانەدا شاری کرماشانە. ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی هاتنی ئیمپراتۆریەتی ئینگلیزو کێبڕکێی هێتلەر بۆ داگیرکردنی دنیاو جەنگی جیهانی دووەم. ئەوەی وادەکات هەست بکەین ئەم ڕۆمانە چیرۆک و سەرگوزەشتەی خودی نووسەرو ژیانی کرماشانییەکانە، حیکایەتە پەژمووردەو نەهامەتییەکانی ناو ڕۆمانەکەیە بەسەر کارەکتەرەکاندا هاتووە. چیرۆکی نەهامەتی و هەژاری و بەدبەختییەکانی بنەماڵەیەکە لە سەردەمی جەنگ و کاولکارییدا. چیرۆکی ژیانی شەریفە لە مەڵۆتکەییەوە تا گەورە بوون و ڕاکردن بە دوای کارو کەسابەت و هەژاری و زیندان.

گێڕانەوە بە زمانێکی سادەو ڕەوان

گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا زمانێکی سادەو ڕەوانی هەیە. حیکایەتەکانی نەنەو بەسەرهاتە تاڵەکەی و دیالۆگ و مەنەلۆگەکان لە نێوان شەریف و نەنەو حامیدو سەلیم و.. هەموو کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە حیکایەتی

پەژمووردەیی و نەهاتی و بەدبەختی مرۆڤەکانە لە سەردەمی جەنگ و داگیرکاریدا، چیرۆکی بنەماڵەیەکی هەژارە. حیکایەتێک لە داپیرەیانەوە دەست پێدەکات کە چۆن لە وەختی خۆیدا نەنە مێردی بە پیاوێک کردووە رووی لە عیراق - کازمییە کردووەو پاشان گەڕاونەتەوە بۆ ئێران و مێردەکەی بەجێهێشتووە. قسەوباسی سەفی خانم و سوغراخانم. شەریف و حامید و... باسوخواسی شەڕو هەژاری و ستەمی زۆرداری ئاغاو کوێخاکان بەسەرهاتەکانی کرماشانە، چیرۆکی خاڵۆ سەلیم و خاڵۆ حەمیدو چوونی خاڵۆ حەمید بۆ جەنگ وەک سەرباز، چیرۆکی جەنگێک کە دنیای وێران کردو پریشکی بەرئێرانیش کەوت. گێڕانەوەی رووداوەکانی رۆژگاری هاتنی ئینگلیزو ژیانی خەڵکی کرماشان لەو سەردەمەداو هەستی خەڵکی بەرانبەر بە ئینگلیز. لە رۆمانەکەدا هاتووە (ئینگلیز چی بۆ هاوردووین؟ مەلاریا، قات و قڕی و برسێتی. نەخۆشی و سەرگەردانی وخەلا و گرانی. ئێمە هیچ مان نەبوو لە کاتی جەنگ گران ببێ. جەنگ بۆ هەندێک کەس بوو بە چیایەک خێر. بۆ ئەوانەی عەنبارەکانیان پڕبوو. نرخی شت دە قات زیادی کردووە. ئێستا حەجیان لەسەرە) لە بەشێکی تری رۆمانەکەدا دەڵێت (بابام دەڵێ، بە کورتی، لەو جەنگەدا، ئێمە شکستمان خوارد، نەک پارەدارەکان.). هاتنی ئیمپراتۆریەتی ئینگلیز کە دوای شکست پێهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی لە ناوچەکەدا دەرکەوت سەدان حیکایەتی خوێناوی و ناخۆشی خوڵقاندووەو لە رۆمان و شیعرو نووسینی ئەو نەوەیەدا ڕەنگی داوەتەوە. دەرویشیانیش چیرۆکی ئەو ئیمپراتۆرە گەورەیە دەگێڕێتەوە. چیرۆکی دەرکردنی عەمو ئولفەت لە کۆمپانیای ئینگلیزەکان و چیرۆکی مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیاو دەرکردنیان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە. کە چۆن لەسەر مانگرتنی کرێکاران میستەر رۆبنسۆن دەرگای کۆمپانیا لەو کرێکارانە دادەخات. چیرۆکی میستەر فلیپ کە هەر کرێکارێک ژنی ببات یانە بۆ سەما پاداشتی دەکات. چیرۆکی ئازایەتی و بەرپەرچدانەوەی مەردان عەلی لە بەرانبەر میستەر فلیپ دەگێڕێتەوە. مەنەلۆژ ودیالۆگەکانی نێو رۆمانەکە حیکایەتی شەڕو برسێتی و نەداریيە. باسوخواسی هیتلەرو ئینگلیزە، لە زاری کارەکتەرە سادەو سافیلکەکانی ناو رۆمانەکەوە.

لەبەشی دووەمی رۆمانەکەدا کاتی بیبی دەیەوێت ژن بۆ خاڵۆ حامید بهێنی، نووسەر خوێنەر دەباتە ناو کەشی کۆمەڵایەتی کرماشانەوە، لە ڕێگای بیبییەوە چیرۆکی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەی خەڵکی نیشان ئەدات لەسەر ژن. بیبی ژنێکی کرماشانییەو وەکی کرماشانیان بیر دەکاتەوە، بە دووی ژنێکی جوان و نازدارەوەیە تا خوازبێنی بکات بۆ حامید؟ کچی ئوسا لە پێشەوە باشەو لە پاشەوە قوونی هیچ نییە، و کچی میرزا نەسووری کەللەی بچووکە. کچی ملووک خانم لەڕو لاوازە. کچی ئوسا نەجەفی ڕێک و پێک و جوانە بەس ددانەکانی نارێکە. کچەکانی میرزا پۆڵا زۆر جوان و نایابن بەس ئاخ کێ دەرقەتی تڕوتۆپی ئەوان دێت. ئەم بیرکردنەوەیەی بیبی لە بارەی ژنەوە

رۆمانەکە دەباتە کەشێکی کۆمەڵایەتییەوە. حەزو شانازی خەڵکی بە ژنی جوان و ناسک و گۆشتنەوە.

لەبەشێکی دیکەی رۆمانەکەدا نووسەر دەمانباتە نێو باسوخواسی سیاسەت و شۆڕشەوە، باسی دکتۆر موسەدەق و دروستکردنی بەرەی میللی و پەیدابوونی حزبی تودەو ئیمپریالیزم دەکات. لەبارەی ململانێی موسەدەق و شاو داگیرکاری ئینگلیزەوە دەدوێت. باسی پەیام و هەوڵەکانی موسەدەق دەکات.

لە بەشێکی تردا چیرۆک و بەسەرهاتی شاعیری کرماشانی شامی دەگێڕێتەوە، نووسەر نموونەی لە شیعرەکانی شامی هێناوەتەوە. باس لەوە دەکات کە شامی بە کوردی شیعر دەڵێت و شیعرەکانی چیرۆکی نەهامەتی و ئازارەکانی خەڵکییە، شیعری بۆ هەژاران گوتووە.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان

دەرویشیان لەپەیامێکدا بەبۆنەی وەرگێڕانی ئەم رۆمانەوە دەڵێت: کاتێک بیستم ڕۆمانی سالانی هەورین وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی، جارێکی تر چێژی بە ئازاری نووسینی ئەو ڕۆمانەم هەست پێ کردەوە، ئەم جارەیان هاوڕێی وەرگێڕم عەزیز گەردی ئەو ئازارە دەچێژێت و منی بەهرەمەند کرد لەوەی دیسانەوە لە دایکبوونی سالانی هەورین نوێ بکاتەوە لەناو خەڵکێکدا کە هەردەم خۆم بە بەشێک لەوان زانیوە. پێدەچێت هەر ئەمەش گۆشەیەک لە بایەخی وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە لای من و سوپاسم بۆ زەحمەتییەکانی وەرگێڕ پیشان بدات، ڕۆمانەکان نەوەی نووسەرەکانن و من ئێستا نەوەیەکم هەیە کە بەکوردی قسە دەکات، لە کوردستان دەژی و لە نێوان خەڵکەکەیدایە. بەم جۆرە ئێمە بەر لە ڕابردوو لەگەڵ یەکتردا بووین بە ناسیاو.

١٩ی مای ٢٠١٦

دەرویشیان شامی دەناسێنێت

با بزانین شامی کێیەو عەلی ئەشرەف دەرویشیان بۆچی و چۆن باسی ئەم شاعیرەی کردووە. شامی کرماشانی

کوردێکی هەژاری کرماشانییەو ناوی خۆی شامرادی موشتاقەو نازناوی شامییە، لە تەمەنی سێ ساڵیدا تووشی نەخۆشی ئاوڵە دەبێ و بەو هۆیەوە چاوەکانی لە دەست دەدات و لە جوانی دنیاو سروشت و بینین مەحروم دەبێ. هەر لە منداڵیدا دایکی دەمرێ و پاش ئەویش بە چەند ساڵێک بابیشی دەمرێ. ئیتر شامی سیلسیلەی بەدبەختی بەدووی یەکدا ڕووی تێدەکات و پاش مردنی بابی دەچێتە لای ئامۆژنی و ئەویش پاش ماوەیەک دەینێرێتە لای حاجی ئەمانوڵڵای موعتەزیدی و ئەو چاودێری دەکات. لەوێ وردە وردە گەورە دەبێ و دەچێتە کۆڕی شاعیران کە ئەو کات لە ماڵان بەستراوە. بە گوێگرتن لە شیعرەکانی مەلا ئەڵماس خان و غوڵام ڕەزا لوڕ و سەید سەڵاح بۆ خۆشی نازانی چۆن دەکەوێتە ناو دنیای شیعرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا وردە وردە کاسپی کردووە. ئەم پیاوە بەدبەخت و کوێر و هەژارە یەکێکە لە شاعیرانی فەرامۆشکراو شاعیرێکی نەخوێندەوارە بەهۆی نابیناییەوە دیارە شیعر لای ئەم پیاوە هەر لە زاریبەوە بووەو بۆخەڵکی گوتووە. شامی هەژارێکی پەراوێزخراوە کە هیچی شک نەبردووە بۆ ژیانی خۆی وەک خۆی گوتویەتی جارێکیش نامەردێک شیعرەکانی لێسەندووەم بە حیساب بۆم چاپ دەکات و کەچی بەناوی خۆیەوە بەڵاوی کردۆتەوە. ئەم ژیانە پڕ لە ناموردی و بەدبەختی و هەژاری و نابیناییەی شاعیرو ئەو فەرامۆشکراوییەی لەلایەن نێوەندی ئەدەبیاتەوە دەشێ هۆکاری سەرەکی بن بۆ عەلی ئەشرەف دەروێشیان تا شیعرەکانی ئەو لە زۆمانەکەیەوە بەیان بکات و پانتاییەکی باشیشی لە زۆمانەکەیدا پێداوە. هەڵبەت عەلی ئەشرەف باسی زۆژگارێکی کرماشان دەکات کە شامی ئامادەیی هەبووە، بۆیە نابێ فەرامۆشی بکات، چوون عەلی ئەشرەف چیرۆکی زۆژگارێکی کرماشان دەگێڕێتەوە، بەڵام لە بەرگی زۆمانێکی شیرین و پڕ لەزەتی گێڕانەوە کە چاپە کورددییەکەی پتر لە هەزار لاپەڕەیەو چاو ودڵ وەڕس نابێ لەخوێندنەوەی. من وا خەیاڵ دەکەم یەکێ لە هۆکارەکان بۆ ئەوەی کە دەرویشیان گرنگی بە شامی داوە لە زۆمانەکەدا لەبەر ئەوەیە کە نووسەر ویستویەتی پەردەی فەرامۆشی لەسەر ئەو شاعیرە لابەرێت، کە لە تاریکیدا دەژی. دنیای زوونـاک بۆ ئەو تاریکەو تەنانەت خودی خۆشی لە تاریکیدا دەژی و خەڵک لێی بێخەبەرن وەک لە کورتەی ژیانەکەیدا باسمان کرد ئەم شاعیرە چەند بە بەدبەختی ژیاوە. مەگەر هەر لە بیری دەرویشیان و ماجد مەردۆخ ڕۆحانیدا بێ کە شیعرەکانی بۆ کۆکردۆتەوەو لە دووتوێی دیوانێکی هەژارانەدا چاپی کردووە. ئەو شیعرەی کە دەرویشیان لە زۆمانەکەیدا تەوزیفی کردووە شیعری (کرانشینی) یە کە شاعیر لە بەیتێکدا دەڵێت:

(کەس خەوەر نییە وە حاڵ دەردم
گووش کەس نییە، وە ئاە سەردم
چل ساڵ وە ئیران زندەگی کەردم

کرای زەمین دەم وەبانی گەردم
رووزگار موحتاج کرد وە نامەردم
نە رووەی رووەم نەچینی چینم)

ئەم شیعرە شەرحی حاڵی شاعیرە کە چەند بەدبەختە، چەند هەژارانەو نەدارانە دەژی، لە بەشەکانی دیکەی ئەم شیعرەدا باسی هەژارو ژیانی هەژارانە دەکات کە گوزارشتە لە ژیانی خۆی و عەل ئەشرەفی هاوڕێ هەژارو پەراوێزخراوەکانی کرماشان.

دەرویشیان لە بەشەکانی دیکەی رۆمانەکەیدا چیرۆکی ئازایەتی یار محەمەد خانی کرماشانی دەگێڕێتەوە، چیرۆکی ئاغاو خان و میرغەزەب و ململانێی جوتیارو ئاغاکان و هاتنی نەخۆشی و پەتا بۆ شارەکەو چەندین حیکایەتی دیکە کە لەو شارەدا ڕووبان داوە، بەتێهەڵکێش کردنی چیرۆکی شەریف و بنەماڵەکەی.

ئەم ڕۆمانە بەرهەمێکی ئەدەبییەو لەگەڵ ئەوەدا ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە. نووسەر سادەو ئاسان و بەتەکنیکێکی جوان و سەرنجڕاکێش لەڕێگای ژیانی شەریفەوە خوێنەر دەباتەوە بۆ ئێرانی سەردەمی شاو داگیرکەری ئینگلیزو هەوڵەکانی موسەدەق.

دەرویشیان پیاوێک لە ئازار

عەلی ئەشرەف دەرویشیان لە شاری کرماشان هاتۆتە دونیاوە. دوای تەواوکردنی خوێندن، ماوەی هەشت ساڵ لەگوندەکانی گەیلان غەرب وەک مامۆستا وانەی گوتووەتەوە. لە تەمەنی منداڵییەوە لەگەڵ خوێندندا کاری کردووە. پاشان چووەتە زانکۆی تاران لە بەشی ئەدەبیاتی فارسی درێژەی بەخوێندن داوە سەرکەوتوانە قۆناغەکانی خوێندنی بڕیوە. لەسەر نووسینەکانی سێ جار دەسگیر دەکرێت و دەخرێتە بەندیخانەوەو مافی نووسینی لێ زەوت دەکەن و لەجاری سێیەمی بەندکردنیشیدا فەرمانی یانزە ساڵ بەندکردنی بەسەردا دەدرێ و دوای تەواو کردنی شەش ساڵ، بەهۆی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە ڕزگاری دەبێت. بەشێکی زۆر لەبەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ڕوسی، ئەڵمانی، عەرەبی و ئەرمەنی و فینلاندی.

بەرهەمە چاپکراوەکانی بریتین» ئاشۆرا، وەرزی نان، لەگەڵ گۆرانییەکانی باوکمدا، چیرۆکەکانی زیندان، ژوری تاکەکەسی ژمارە هەشت، گەورەیی، سااڵنی هەورین، لەنەداریەوە تا دارایی و...لەبواری نووسینی چیرۆکی منداڵانیشدا چەند بەرهەمێکی هەیە: هەوری ڕەشی هەزار چاو، ڕەنگینە، کەی دەگەڕێیەوە براگیان، ئاگر لە کتێبخانەی منداڵان و.. لە بوارەکانی فەرهەنگ و کلتوردا چەند بەرهەمێکی وەک: پەند و ئەفسانە کوردیەکان، فەرهەنگی ئەفسانەکانی گەالنی ئێران، کە ئەمەیانی بەهاوکاری ڕەزا خەندانی مەهابادی تەواو کردووەو خۆی لە بیست بەرگدا دەبینێتەوە. دوو کتێبیش لەبارەی بەرهەمەکانی سەمەدی بەهرەنگیەوە. ئەمە جگە لەنووسینی چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ..

عەزیزگەردی کارگەی چنینەوەی زمان

عەزیز گەردی نووسەرو وەرگێڕێکی بەسەلیقەو پڕکارە، چەندین کتێبی هەیە خۆی نووسیونی و چەندین شاکاری جیهانی وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی، گەردی ئەو پێنووسە ورد و بەسەلیقەیەی کە زمانی کارگەی چنینەوەی وشەیە، گەردی زمانێکی هێندە جوانی هەیە وەک چنینی مافور پڕە لە نەخش و نیگاری جوان و سەرنجڕاکێش. بەرهەمەکانی عەزیز گەردی کە خۆی نووسیونی: ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردی دا، ئەدەب و ڕەخنە، ئەدەبی بێگانان، جوتیارێکی زیرەک، چیرۆکی بەرئاگردان، چیرۆکەکانی ئیزۆب، کێشی شیعری کالسیکیی کوردی، رابەری کێشی شیعری کالسیکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، گەردەلوولی مەرگ، کێشناسیی کوردی.... لەبوار وەرگێڕانیشدا ئەم بەرهەمانەی وەرگێڕاوە » لۆرکا سێ تراژیدی، چرایەک لەسەر مادیان کۆ - مەنسوور یاقووتی، ئەفسانەی ئەرمەنی، ئەفسانەی ئەفریقی، ئەفسانەی سالڤی، ئەفسانەی کوردی، بیرەوەرییەکانی مامۆستایەک -مەنسوور یاقووتی، بەرکوتێکی ژیانم- یەڤجینی یەڤتوشینکۆ، پەنەلۆپە لە جەنگدا- ئۆریانا فالاچی، چیرۆکەکانی ئیزۆپ یان لەناو گیانداران دا،حاجی مراد - تۆلستۆی، درەختی چل داستان - کەلیموڵڵاتەوەحودی، داستانی حوسێنی کورد و چەند هەڤایەتێکی تر - ئەحمەد ئازەر ئەفشار، زارا عەشقی شوان - محەممەد قازی - ژیان و جەنگ و هیچی تر - ئۆریانا فالاچی، کۆمیدیا بەرگی یەکەم - دۆزەخ - دانتێ ئەلیگییێری، کۆمیدیا بەرگی دووەم - بەرزەک - دانتێ ئەلیگییێری، کۆمیدیا بەرگی سێهەم - بەهەشت - دانتێ ئەلیگییێری، داغستانی من، قۆڵبر - عەزیز نەسین، قوتیل - ئەلفۆنیس دۆدی و چەندین بەرهەم دیکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی مای ٢٠١٦

بەرهەمێکی دیکەی عەلیئەشرەف دەرویشیان کرایە کوردی

چیرۆکەکانی ئەو ساڵانە، لە نووسینی عەلیئەشرەف دەرویشیان نووسەری کوردی خەڵکی کرماشان، لەلایەن شەریف فەلاح شاعیر و وەرگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی.

ئەم بەرهەمە پێنجەمین بەرهەمی وەرگێڕانی شەریف فەلاح و نۆیەمین کتێبی چاپکراوییە کە بە قەبارەی بچووک و لە دووتوێی ١٠٨ لاپەڕە و بە ئەژماری ١٠٠ دانە لەلایەن "چاپەمەنیی مانگ" لە بانە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

چیرۆکەکانی ئەو ساڵانە، چوار چیرۆکی درێژی مێرمنداڵانی لەخۆ گرتووە کە بە قەڵەمی پڕ لە سیحری عەلی ئەشرەف دەرێشیان، نووسەری ناوداری کوردی فارسی نووسی کرماشان و بە ناوەرۆکی سیاسی، بەڵام بە زمان و دەربڕینی منداڵانە نووسراون و باس لە دۆخی کۆمەڵگەی کرماشان لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران دەکات.

ئەم چوار چیرۆکەی دەرویشیان لە ساڵانی ڕابردوودا بە فارسی هەرکامەیان بەجیا چەند جار چاپ کراون و جارێکیش پێکەوە و لەژێر ناوی "قصه‌های آن سالها" چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

پێشتر دوو بەرهەمی دیکەی عەلی ئەشرەف دەرویشیان بەناوەکانی "ساڵانی هەورین (ڕۆمان) و ئەفسانە کوردییەکان (ئەدەبی زارەکی) لەلایەن عەزیز گەردی وەرگێڕی ناسراوی کوردەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی.

دەرویشیان ساڵی ١٩٤١ لە خێزانێکی کرێکاری گەڕەکی "ئاوشووران"ی شاری کرماشان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٨ خوێندنی خانەی مامۆستایان تەواو دەکات و بۆ مامۆستایی، ڕەوانەی گوندەکانی دەوروبەری کرماشان و گێڵانی ڕۆژئاوا دەکرێت. ساڵی ١٩٦٦ لە بەشی وێژە و ئەدەبی فارسیی زانستگەی تاران دەست بە خوێندن دەکات و دوای وەرگرتنی بڕوانامەی بکالۆریۆس، لە بەشی دەروونناسیی پەروەردەدا درێژە بە خوێندنی ماستەر دەدات، هاوکات لە خوێندنگەی باڵای تاران لە بەشی ڕاوێژکاری و ڕێنمایی فێرکاری دەخوێنێت. ساڵی ١٩٧٣ یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی بڵاو دەبێتەوە. لە ساڵی تا ١٩٧٨، لەبەر نووسینی کتێبی "ئەم هەرێمەوە" و بەهۆی چالاکیی سیاسی، سێ جار

قۆڵبەست و خامەی یاساخ دەکرێت. یەکەم جار لە کرماشان بۆ ماوەی هەشت مانگ دەخرێتە گرتووخانەوە، دواتر دەرویشیان لە تاران دەگیرێت و حەوت مانگ لە گرتووخانەدا دەمێنێتەوە. دەرویشیان دوا بەدوای ئەمە لە زانکۆ دەردەکرێت و لە پیشەی مامۆستایەتیش دوور دەخرێتەوە. ساڵی ١٩٧٤ دیسان قۆڵبەست دەکرێتەوە و ١١ ساڵ زیندانی بۆ دەبڕدرێتەوە. دەرویشیان ئیتر لەو دەمەوە دەخرێتە گرتووخانە و تا سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە گرتووخانە دەمێنێتەوە.

سەرجەمی کتێب و بەرهەمەنووسراوەکانی دەرویشیان کەتا ئێستا ئامادەو چاپ و بڵاوکراوەتەوە، زیاتر لە ٦٠ بەرهەمە کە بریتین لە بوارەکانی "چیرۆک بۆ منداڵان و مێرمنداڵان"، "کۆکردنەوە"، "کورتەچیرۆک و رۆمان" و "فەرهەنگی خەڵکی ئاسایی.

گرنگترین و بەرچاوترین بەرهەمی "عەلی ئەشرەف دەرویشیان" نووسین و کۆکردنەوەی پرۆژەیەکی گەورەیە بەناوی "فەرهەنگی ئەفسانەکانی خەڵکی ئێران لە ٢٠ بەرگدا" کە بەرهەمی ٢٢ ساڵ هەوڵ و تێکۆشانی ئەم نووسەرەیە.

دەرویشیان لە بەرهەمەکانیدا رووخساری ئاوێتە بە زەبر و زەنگ و بێ بەزەییانەی هەژاریی و بەلەنگازی دەخاتە بەردیدە و چەندە جوان، هەژێنەر و کاراش دەست بۆ خامەکەی دەبات. ئەو زۆر جوان پەی بە هەژاری دەبات و دەیناسێت، سائەهای ساڵ بەلای منداڵانی گوندەوە ژیان بەڕێ دەکات و رەنج و مەینەت و چەرمەسەریی ئەوان بەردەوام گیان و ناخی ئازار دەدات. زۆر چیرۆکی دەرویشیان راڤەی ئەو وێنە دڵهەژێنانە دەکات کە بە درێژایی ژیان بەردیدەی کەوتوون.

شەریف فەلاح، شاعیر، وەرگێڕ و لێکۆڵەری ئەدەبی، ساڵی ١٩٧٥ لە گوندی (گەزنە)ی سەر بە چەمشاری سنە لەدایک بووە.

هەتا ئێستا هەشت بەرهەمی نووسین، ئامادەکردن و وەرگێڕانی چاپ و بڵاو کراوەتەوە کە بریتین لە:

- لەبارەی ئەدەبیات و هونەر، تیۆریی ئەدەب - وەرگێڕان

- رۆچنەیەک بۆ ئەدەبی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەرگی یەکەم: زمان و ئەدەبی زارەکی – نووسین و ئامادەکردن.
- رۆچنەیەک بۆ ئەدەبی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان ، بەرگی دووەم (لێکۆڵینەوە و دیداری ئەدەبی لەبارەی شیعری هاوچەرخی رۆژهەڵات) - نووسین و ئامادەکردن.
- چیرۆکە شیعری دڵداریی عەزیز و کوبرا، بە هاوبەشیی حەسەن سەلیمی- کۆکردنەوە.
- ماڵاوا ئیمپراتۆری شیعر، کۆمەڵە وتار و پەیام - بە بۆنەی کۆچی دوایی شیرکۆ بێکەس
. مێژووی نەورۆزو کرۆنۆلۆژیای ئێران (مێژوویی) - وەرگێران.
- تێرامانێک لە حکوومەتی هەڵبژێردراوە، فەلسەفەی سیاسی - وەرگێڕان
- نەشتەرگەرە شێتۆکە - ڕۆمان وەرگێڕان

ڕێکەوتی: ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

عەلیئەشرەف دەرویشیان حیکایەتخوانی ئازارەکانی کرماشان، لە غەریبی سەری نایەوە

هێژا سنە

نووسەرێک لە ڕەگەزی دار بەڕوو، قەڵەمێک کە گێڕەرەوە و حیکایەتخوانی بڕک و ئازارەکانی نیشتمانی کوردان بوو. کورتە باڵا و سەر و سیما سپی، بەڵام باڵای خەم و ئازارەکانی هێندەی پەڕاو و بێستوون بڵند. لە گوندەکانی "شانابات" و کرماشان کە ماموستای قوتابخانە بوو، تێکەڵی ئازار و مەینەتی قوتابیانی ڕەش و ڕووت و خەڵکی

هەژار و بێدەرتان دەبێت و هەر ئەو ئەزموونانە بوونە بنەما و هەوێنی ڕاستەقینەی نووسینەکانی و بە یەکێک لەو دەگمەن نووسەرە واقیعبینانە دێتە ئەژمار کە زمان و قەڵەم و کرداری یەک بوو.

ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی دەیەکانی ٥٠ و ٦٠ی زائینی و زاڵبوونی فکری چەپ لە ئێران و کوردستان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر بیر و باوەڕ و نووسینەکانی هەبوو. لە ڕۆمانی بە قەبارە و چوار بەرگیی "ساڵانی هەورین"دا کە بەسەرهاتی ژیانی خۆیە، بە شێوەیەکی ورد و هونەری ڕیالیزمیانە پەرژاوەتە سەر باری سیاسی، کۆمەڵایەتی فەرهەنگیی کرماشان و شارەزایانە کەلێن و قوژبنە وردەکانی ژیانی لادێ، شار، وردە کولتووری کوردی وێنا کردووە کە زۆر لێکۆڵەر و ڕەخنەگر لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە ڕۆمانی ساڵانی "هەورین"یان تاوتوێ کردووە، کە دوای "کلیدەر"ی مەحمود دەوڵەتئابادی، بە دووەمین ڕۆمانی بە قەبارە دێتە ئەژمار.

دەرویشیان لەو دەگمەن نوسەرانەیە کە هیچ مەودایەک لە نێوان ژیان و بیروباوەڕ و نوسینەکانیدا بەدی ناکرێت، یەکێک لە ڕاستگۆترین نووسەر و ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆی بوو. لەپێناو هەڵویستەکانیشیدا ساڵانێکی زۆر زیندان و دەربەدەری و ئاوارەیی چێشتووە. هەژاری و بێدەرتانیی سەردەمی منداڵی و پاشان زیندان و ئەشکەنجە لەپێناو بیرباوەڕکانی، دەبنە هۆی چوارچیوە و پێکهاتەی فکریی دەرویشیان و لە هەموو ڕۆمان، چیرۆکەکانیدا بە جوانی ڕەنگیان داوەتەوە.

دەرویشیان لە بەرهەمەکانیدا ڕووخساری ئاوێتە بە زەبر و زەنگ و بێ بەزەییانەی هەژاریی و بەلەنگازی دەخاتە بەردیدە و چەندە جوان، هەژێنەر و کاراش دەست بۆ خامەکەی دەبات. ئەو زۆر جوان پەی بە هەژاری دەبات و دەیناسێت، ساڵەهای ساڵ بەلای منداڵانی گوندەوە ژیان بەڕێ دەکات و ڕەنج و مەینەت و چەرمەسەریی ئەوان بەردەوام گیان و ناخی ئازار دەدات.

زۆر چیرۆکی دەرویشیان ڕاڤەی ئەو وێنە دڵەهژێنانە دەکات کە بە درێژایی ژیان بەردیدەی کەوتوون.

عەلئ ئەشرەف دەرویشیان، لە ڕیزی ئەو نووسەرانە دێتە ئەژمار کە خەم و ئازار و حەسرەتی چینی هەژار و بندەستی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی "هەم پێش شۆڕشی گەلانی ئێران و هەم پاش ئەوەش"، گێڕایەوە.

پێداگری و شێلگیریی دەرویشیان لە گێڕانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و شێوەژیانی جیهانی خۆی دەنگێکی جیاواز و بێ وێنەی لە کۆمەڵگەی تاکخواز و فەردگەرای هەنووکەی ئێران بۆ گەڕەنتی کرد و بەگشتی وەکوو نووسەرێکی سەر بە ئەدەبیاتی دەروەست و بەرگری ناسرا. ئەگەرچی ئەو پاش خۆی رێباز و نیگایەکی لە جیهانی پڕ لە ئاژاوە و نائومێدی ئێستای بۆ ئێمە بەجێ هێشت، بەڵام ئەم نووسەرەش وەکوو نووسەرانی گەورەیتری کورد؛ ئیبراهیمی یوونسی، یاشار کەماڵ (کوردی باکوور) و مەحەمەد قازی (وەرگێڕ)و... بە زمانی زگماکی خۆی و گەلەکەی نەینووسی، یان هەلی لەباری بۆ نەڕەخسا خەم و ئازارەکانی نیشتمانەکەی بە زمانی دایکیی خۆی بگێڕێتەوە، بەڵام هەموو تێم و ناوەرۆکی بەرهەمەکانی دەرویشیان هەڵگری خەم و هەناسە ساردی و کوڵەمەرگیی کۆمەڵگەی کوردستانە.

سەرەڕای ئەمانەش دەرویشیان هەمیشە وەکوو کەسایەتییەکی "نارازی" لە هەمبەر سیستەمە سیاسییەکان "لە نێوان دوو سیستەمی سیاسی کە لە تەمەنیدا بینیبووی"، مایەوە و ئەمەش هەر وەکوو تێم و ناوەرۆکێک باڵی بەسەر تێڕوانینیدا کێشابوو.
بوێری، ڕاستگۆیی لە کردار و نووسین و ملکەج نەکردن بۆ دەسەڵات، هەروەها بەکارنەهێنانی نووسین و کەسێتیی خۆی بۆ پلە و خەڵات و خۆدوورگرتن لە خوانی دەسەڵاتداران، بوونە هۆی ئەوەی لە هەردوو سیستەمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا نووسینەکانی بکەونە بەر تیغی سانسۆر و بەشێکیان بە نهێنی چاپ بکرێن و بۆ ئەمەش گرفت و ئاستەنگی زۆری بۆ ساز بوو.

بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی کە باسمان کرد، دەکرێ بڵێین خەسڵەت و کەسێتیی دەرویشیان، ئاوێنەی باڵانوێنی نووسینەکانی خۆیەتی.
دەرویشیان ئاسمانی هەور و پڕ تەمی ژیانی خۆی دەکاتە ئاسۆگی نووسین بیر لە کارەسات و تراژیدیای تاڵی "نەداری، برسێتی، بێدەرەتانی" دەکاتەوە، ئەو دەبێتە تریبوونی چینی چەوساوەی کۆمەڵ و بە نووکی خامەکەی دەبێتە چقڵی چاوی دەسەڵاتی ملهوڕ.

ئەم نووسەرە دەروەستە خەمخۆرە، بەرهەمەکانی پڕ بوون لە تاڵییەکانی ژیان، ئەو تاڵ ژارانەی کە دەبوونە خوەن دەسەڵاتەکان. قەڵەمێک کە حیکایەتخوانی ژانی پڕ ئازاری "نەداری" بوو، ئەو ژانەی کە هیچکات ساڕێژ نەکرا و لە سینەیدا کەڵەکە بوون و بوونە ئازاری جەستە و سەرەنجام بەو دەردانە و لە غەریبیدا سەری

نایەوە.

هەرچەند زمانی نووسینی فارسییە، بەڵام سەرلەبەری ناوەرۆک و کاکڵەی ڕۆمان و چیرۆکەکانی، خەمی مرۆڤی کورد و بەتایبەت کۆمەڵگەی کرماشانن. دەرویشیان حیکایەتخوانی خەڵکی کەناری ڕووبارەکانی "ئابشووران، لەبئاو و قەرەسوو"یە. دەریشیان مامۆستایەک بوو لە ڕەگەزی "سەمەد بێهرەنگی" و ڕێڕەوی جەلالی ئال ئەحمەد و ئەحمەد مەحموود بوو.

قەڵەمە دڵسۆز و خەمخۆرەکەی دیاری بیستوون، هەرچەند ڕۆمان و چیرۆکەکانی بە زمانی بێگانە (فارسی) نووسیوە، بەڵام لە بواری کۆکردنەوەی ئەفسانە، حیکایەت، بەیت و باو و مەتەڵەکانی دەڤەری کرماشاندا کارێکی گرنگ و بەنرخی کردووە کە بە قەڵەمی وەرگێڕی بەتوانا "عەزیز گەردی" کراونەتە کوردی.

لە بواری ئەدەبی منداڵانیشدا چەندین کۆمەڵە چیرۆکی وەک "هەوری ڕەشی هەزار چاو، گوڵزەڕ و کڵاشسوور، ڕەنگینە و ڕۆژنامەدیواریی قوتابخانەی ئێمە" و حیکایەتەکانی ئەو ساڵانەی چاپ و بڵاو کردووەتەوە کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر کۆمەڵگەی ئەدەبیی ئێران هەبووە.

دەرویشیان لە ماوەی شەست ساڵ کاری نووسین و خزمەت بە ئەدەبی کوردی و فارسی زیاتر لە ٥٠ بەرهەمی لە بوارەکانی ڕۆمان، چیرۆک، تۆێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە کە گرنگترینیان ڕۆمانی "ساڵانی هەورین"، ئەفسانە کوردییەکانی و ئەفسانەی گەلانی ئێران کە ٢٢ بەرگە و بە یارمەتیی "ڕەزا خەندان مەهابادی" کۆی کردووەتەوە.

دەرویشیان ساڵی ١٩٤١ لە خێزانێکی کرێکاری گەڕەکی "ئاوشووران"ی شاری کرماشان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٨ خوێندنی خانەی مامۆستایان تەواو دەکات و بۆ مامۆستایی، ڕەوانەی گوندەکانی دەوروبەری کرماشان و گێڵانی ڕۆژئاوا و شاناابد دەکرێت. ساڵی ١٩٦٦ لە بەشی وێژە و ئەدەبی فارسیی زانستگەی تاران دەست بە خوێندن دەکات و دوای وەرگرتنی بڕوانامەی بکالۆریۆس، لە بەشی دەروونناسیی پەروەردەدا درێژە بە خوێندنی ماستەر دەدات، هاوکات لە خوێندنگەی باڵای تاران لە بەشی ڕاوێژکاری و ڕێنمایی فێرکاری دەخوێنێت. ساڵی ١٩٧٣ یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی بڵاو دەبێتەوە. لە ساڵی تا ١٩٧٨، لەبەر نووسینی کتێبی "لەم هەرێمەوە" و بەهۆی چالاکیی

سیاسی، سێ جار قۆڵبەست و خامەی یاساخ دەکرێت. یەکەم جار لە کرماشان بۆ ماوەی هەشت مانگ دەخرێتە گرتووخانەوە، دواتر دەرویشیان لە تاران دەگیرێت و حەوت مانگ لە گرتووخانەدا دەمێنێتەوە. دەرویشیان دوا بەدوای ئەمە لە زانکۆ دەردەکرێت و لە پیشەی مامۆستایەتیش دوور دەخرێتەوە. ساڵی ١٩٧٤ دیسان قۆڵبەست دەکرێتەوە و ١١ ساڵ زیندانی بۆ دەبڕدرێتەوە. دەرویشیان ئیتر لەو دەمەوە دەخرێتە گرتووخانە و تا سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە گرتووخانە دەمێنێتەوە.

سەرجەمی کتێب و بەرهەمەکانی دەرویشیان کە تا ئێستا ئامادە و چاپ و بڵاوکراوەتەوە، زیاتر لە٦٠ بەرهەمە کە بریتین لە بوارەکانی "چیرۆک بۆ منداڵان و مێرمنداڵان"، "کۆکردنەوە"، "کورتەچیرۆک و رۆمان" و "فەرهەنگی خەڵکی ئاسایی، ڕەخنە و ئەفسانەی کوردی و گەلانی ئێران.

گرنگترین و بەرچاوترین بەرهەمی "عەلی ئەشرەف دەرویشیان" نووسین و کۆکردنەوەی پرۆژەیەکی گەورەیە بەناوی "فەرهەنگی ئەفسانەکانی خەڵکی ئێران لە٢٠ بەرگدا" کە بەرهەمی ٢٢ ساڵ هەوڵ و تێکۆشانی ئەم نووسەرەیە. سەرەنجام دەریشیانی بوێر و دەروەست، پاش زیاتر لە شەش دەیە چالاکیی نووسین و خزمەت بە ئەدەبی کوردی و فارسی، پاش نزیکەی دە ساڵ نەخۆشی و تلانەوە بەدەم ئازاری جەستە، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٦ - ١٠ - ٢٠١٧ لە نەخۆشخانەیەکی تاران لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. هەرچەند خۆی وەسیەتی کردبوو لەلای سەفەر قەهرەمانیان کە هاوبەندیی خۆی بووە، لە تاران یان لەلای شاملوو بە خاک بسپێردرێت، هاوکات بنەماڵەکەی داوایان کردبوو تەرمەکەی ببرێتەوە کرماشان، بەڵام بە گوتەی خوشکەکەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران هەر لە نەخۆشخانە دەستیان بەسەر تەرمەکەیدا گرتووە و نەیانهێشتووە لە هیچکام لەو شوێنانە بنێژرێت. بۆ خۆیان کات و شوێنی ناشتنی دەرویشیانیان دیاری کردووە.

هۆکاری ئەو ڕێگەگرتنەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دەرویشیان لە ڕیزی ئەو نووسەرە بوێر، ناڕازی و کۆڵنەدەرانە بوو کە قەت ملکەجی دەسەڵات نەبوو، هاوڕێی ئازار و خەڵک و دژی ستەم و چەسانەوە بوو. بۆیە دوژمانەی ئازادی تەنانەت لە تەرم و جەستەی بێ گیانیشی ئەترسان.

کوردستان میدیا

ئارەزووە کاغەزییەکان

کورتە چیرۆک

لە فارسییەوە: محەمەد کەریم

یەک پارچە مقەبا بە ئەندازەی کاشییەک بۆ حەوشەی کۆشکەکەم بەس بوو. چەند پارچە کاغەزێکی ڕەنگاو ڕەنگ. سەوز بۆ زەوی باخچەکە و درەختەکان. زەرد بۆ هەیکەل و دیمەنی کۆشکەکە. شین بۆ ئاوی حەوزەکە و چواردەورەکەی. قاوەیی بۆ گوێسەبانەکەی. سوور و گۆشتیی بۆ ماسییەکانی ناو حەوزەکە و گوڵەکانی باخچەکە. هەندێک سرێش و چەند دەنکە شقارتەیەک بۆ لاوانەکان. تەنانەت پلوسکەکانیشم دروستدەکرد و بە وردی دەملکاند بە دیواری کۆشکەکەوە. سەرێکی پلوسک دەلکا بە ژێر گوێسەبانەکەوە و دەهات تا دەگەیشتە ناو حەوشەکە. حسابی هەموو شتێکم دەکرد. ئارێلی سەربان و دوکەڵکێشی سەر گوێسەبانەکە هەندێک ڕەشیشم لێدەدا بۆ ئەوەی تەواو سروشتیی بێ.

دایکم کە کۆشکەکەی دەبینی ڕووی دەکرایەوە و بە خۆشییەوە پێدەکەنی:

«زۆر جوانت دروستکردووە! کاکەی ئەندازیار!»

نەنکم دەیگوت:

«هەزار ماشەڵڵا، بێچاوێنی بیت. بەڵام لە گۆشەی حەوشەکەیدا تەنافێکیش ببەستە بۆ ئەوەی من جلەکانمی لێ هەڵبخەم.»

ئاماژەی بۆ دایکم دەکرد: «بڕۆ هەندێ ئەسپەندەری بۆ بسووتێنە. بە دەوری سەری خۆی و بە دەوری تەلارەکەشیدا بیگێڕە. ئەم رۆژانە چاوی پیسو حەسوود زۆرە«

دایکم رایدەکرد و ئەسپەندەری دەسووتان.

رۆژانی پێنجشەمە، وانەی سێیەم، ئیشی دەستمان هەبوو. هەر یەکێک لە قوتابیەکان شتێکی دروستدەکرد، فڕفڕۆکە، شمشێری تەختە، چوارچێوەی وێنە، ئاش، حەسیری چنراو لە کاغەزی ڕەنگاو ڕەنگ، پشتوێنی چنراو لە بەن، بەڕەی بچووک، زیبابین، شاری ئەوروپایی و چەند قوتوویەک بە شێوەی شەش لا. رۆژێکیش غوڵامڕەزا کە یەکێک بوو لە هاوپۆلەکانمان کە کوڕێکی شەڕەنگێز و هاروهاج بوو، بە ئیشە دەستییەکەی پۆل و قوتابخانەی شێواند، غوڵامڕەزا دوو دانە رسقی بە عەرەبانەیەکی بچووکەوە بەستبوو. کاتێ مامۆستای ئیشی دەست پێیوت کە ئیشەکەی بیهێنێ، غوڵامڕەزا لەناکاو هەردوو رسقەکەی بە عەرەبانەکەی دوایانەوە خستە سەر مێزەکەی مامۆستا. قوتابیەکان کە رسقەکانیان بینی، هاتوهاوار و قیژەیان لێبەرزبۆوە. رسقەکان لە کاتێکدا کە عەرەبانە تەختەکەیان بە دوای خۆیاندا بەکێش دەکرد لە مێزەکە کەوتنە خوارەوە و بەرەو دەرگای پۆلەکە فرتەیان کرد. قوتابی پۆلەکانی تریش بەبیستنی قیژە و هاواری ئێمە دەرپەڕین و ڕێسای قوتابخانەکە شێوا. هێندەی نەمابوو لەبەر ئیشە دەستییەکەی غوڵامڕەزا لە قوتابخانە دەربکەن.

رۆژانی کاری دەست، شەوق و زەوقێکی سەیرم هەبوو. خۆشحاڵبووم. تەلارە مقەباییەکەم لەگەڵ کتێب و دەفتەرەکانمدا دەخستە سەردەستم. کە بە گەڕەکەکەی خۆماندا ڕەتدەبووم، دوکاندارەکان سەریان لە دوکانەکانیان دەردەهێنا.

«سەیرە! دیسان تەلاری دروستکردووە، لە جاری پێشوو جوانتر دروستیکردووە!»

«ئەی هاوار تەلاری کاغەزی بە کەڵکی چیدێت؟»

«ئاگات لە دنیا نییە مامە هاشم. منااڵنی هەندەران لەم جۆرە شتانە دروستدەکەن و دەبن بەداهێنەری جیهان. پاشانییش هەر ئەوە بە ئێمە دەفرۆشن»

«ئای، بەڕاست؟!»

«بەڵێ. ئەی چۆن! لە گۆڤارەکاندا نووسیوویانە کە لە منالییەوە ئوتومبیل و کۆشک و فڕۆکە لە کاغەز دروستدەکەن. بەڵێ، لە قوتابخانە ئیشیان لەم جۆرە شتانەیە. نەک ئەوەی وەک منالەکانی ئێمە هەر راهێنان بنووسنو کاغەز رەشبکەنەوە«

«ئاخر ئەوان هەندەرانییین و ولاتەکەیان خاوەنی هەیە، فەرموو ئێمە چ کارەین؟»

«بەڵێ. ئەم کوڕەش کۆشکێکی جوانی دروستکردووە. رەنگە نمرەیەکی باشی بۆ دابنێیین.»

«بە نمرە دەمی کەس شیرین نابێ بابەگیان»

«باشە بەهەرحاڵ کوڕە بچکۆل دڵی خۆی پێ خۆشکردووە، بڕوانە نەگبەتە وەکو ئەسپی ژێر عەرەبانە غار دەدات»

وەکو ئەسپی ژێر عەرەبانە غارم دەدا. دەگەیشتمە قوتابخانە. بیست لە بیستم وەردەگرت.

***

پاسەوانەکە پەنجەرەی زیندانە ئینفرادییەکە دەکاتەوە. چاودێریی ئینفرادییەکە دەکات. جنێو دەدات.

«بۆچی بەپێوە وەستاوی؟! لە سووچی دیوارەکەدا دانیشە. ئەگەر حەزت لە کەلەپچەیە تابیکەمە دەستت.»

لەسووچی دیوارەکەدا دادەنیشم. دەستەو ئەژنۆ دادەنیشم، سەردەخەمە سەر ئەژنۆکانم. چاوانم دادەخەم. حەزناکەم لە پشتەوە دەستم کەلەپچە بکات. مرۆڤ لە ئینفرادیدا بە کەلەپچەکراوی زۆر ناڕەحەت دەبێ. ئەگەر جێگایەکی بەدەنت بخورێ ناتوانی بیخورێنی. ناتوانی بە قۆپچەیەک، پارچەیەک گەچ یان پارچە بەنێ یاری بکەی.

شانت ئازاری دێت و ئەم ئازارە لە قۆڵتەوە دێت تاسەری پەنجەکانت و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ شان و پشتت.

پاسەوانەکان دەگۆڕێن. پاسەوانێک دەرگای ئینفراداییەکەم دەکاتەوە:

«بۆ سەر ئاو. یەڵڵا. خێرا!»

هەڵدەسم و دەچم بۆسەر ئاو. لە پەنجەرەی سەرەوەی ئاودەستەکەوە لە ئاسمانی شین دەڕوانم و پارچەیەکی لە چاوانمدا هەڵدەگرم و دەیگەیەنمە مێشکم تا لە ئینفراداییەکەدا بیهێنمەوە بەرچاوم. بۆ ئەوەی دڵم عەمارەپۆ نەبێت و شتێکم هەبێ کە بە ئازادییەوە پەیوەستم بکات.

چەند پاکەتێکی بچووکی حەب. چەند پارچە مقەبایەکی تایت لە تەنیشت ئاودەستخانەکەوە کەوتوون. بە دزییەوە هەڵیاندەگرم و بێ ئەوەی پاسەوانەکە ئاگای لێبێ دەیانخەمە گیرفانی بلوسەکەمەوە، بەلوعەکە دەکەمەوە. خوڕەخوڕی ئاوەکە نەشئە بە رۆحم دەدات. دەست و دەموچاوم دەشۆم. مشتێ ئاو دەخۆمەوە. ئاوی مووەکانی سمێڵم دەخۆمەوە. پاسەوانەکە سەردەکا بە لای ئاودەستەکەدا:

«زووتر! یاڵڵا. راکە بۆ ئینفراداییەکە«

بە چمکی بلوسەکەم دەموچاوم وشک دەکەمەوە. دەگەڕێمەوە بۆ ئینفراداییەکە. لە شوێنەکەم دادەنیشمەوە. پاڵ بە دیوارەکەوە دەدەم. لە فەزای یادە دوور و درێژەکاندا، جڵەو بۆ خەیاڵم شل دەکەم. بیرەوەرییەکانی منااڵی. یارییەکان، لێدانەکان، ئیشە دەستییەکان، رستەکانی غوڵامڕەزا. ئەگەر ئەم یادانە نەبن لە تەنیاییدا دیق دەکەم.

«بڕوانە چۆن وەکو ئەسپی ژێر عەرەبانە غار دەدات»

«دیسان تەلاری دروستکردووە، چ دەرگا و پەنجەرەیەکی جوانی دروستکردووە!»
«تەنافێکیش لە گۆشەی حەوشەکەیدا بۆ دایەگەورە ببەستە بۆ ئەوەی جلەکانمی لێهەڵبخەم»

بە هێواشی هەڵدەسم، لەلایەکی کونەکەوە تەماشایەکی ڕاڕەوەکە دەکەم. پاسەوانەکە لە بەردەرگاکەدا لەگەڵ کابرای کلیل بەدەستدا سەرقاڵی قسەو سوعبەتە. دەگەڕێمەوە. یەکێک لە کاشییەکانی زەوییەکە بۆ زەوی کۆشکەکەم دەست نیشاندەکەم. دەبێ کۆشکێکی گەورەتر دروستبکەم. گەورەو فراوان بێ، کاشییەکە لە پشت دەرگا ئاسنینەکەی ئینفراداییەکەوەیە و پاسەوانەکە ناتوانێ لە کونەکەوە ببینێ. ئەگەر دەرگاکەش بکاتەوە، کاشییەکە بەدی ناکرێ. ئەو پارچە گەچە دەردەهێنم کە لە گیرفانمدا هەڵمگرتووە. زەوییەکە دابەش دەکەم. وەرزشگایەکی گەورە لێرەدا. وەرزشگایەکی سەدهەزار کەسی. نەخێر ئەمە بچووکە دووسەد هەزار کەسی باشترە. بۆ ئەوەی هەموو منالانی شارەکەم چیتر لە کۆڵانەکاندا بەرەڵا نەبن. ئەمەش پارکی منالان. کورسی کورسی، دیلانێ، چەرخ و فەلەک، شەمەندەفەر، بەلەم سواریی، بەڵام خۆ ناکرێ منالان بە سکی برسیی بچن بۆ پارک و وەرزشگا. کەواتە لە ملاوە کارخانەیەکی گەورە دروستدەکەم بۆ ئەوەی باوکیان بێ ئیش نەبێ. بەڕاست خەریکبوو کتێبخانەم لە یاد دەچوو. ئەمیش کتێبخانە. کتێبخانەیەکی گەورە. گەورەتر لە کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی تاران. بە هەموو جۆرە کتێبێکەوە. ملیۆنەها کتێب. هەر کتێبێ کە حەزت لێبێ. کتێبی هەر نووسەرێکت بوێ. بەڵام کتێبخانەکە بەبێ هۆڵی قسەکردن و باس و گفتوگۆ نابێ. ئەمەش هۆڵی باس و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی کتێب. سەراپای نووسەران و شاعیران و ڕەخنەگران و وەرگێڕەکان بانگهێشت دەکەین کە بێن و باس و گفتوگۆ بکەن و وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە. نووسەران چەند بەشێک لە بەرهەمە تازەکانیان بخوێننەوە. شیعر بخوێننەوە گەنجەکانیش ڕای خۆیان دەربڕن، گفتوگۆ بکەن. باشە ئەم گۆشەیەش دەکەم بە هۆڵێ بۆ کلاسی مۆسیقا. مرۆڤ بەبێ مۆسیقا وەکو باڵندەی بێ قورگ وایە. منالان دێن و فێری مۆسیقا دەبن. هۆڵی شانۆ، ئەها وەختە بوو هۆڵی شانۆم لە یاد بچێتەوە. مرۆڤ لە هیچ جێگایەک بەقەد هۆڵی شانۆ ئازاد و سەربەست نییە، کەواتە ئەمەش بۆ هۆڵی نواندن. سینەما، سینەما لە کوێدا دروستبکەم؟ ئێرەش بۆ هۆڵی سینەما بە هەموو جۆرە فیلمێکەوە. فیلمی هونەریی بەرزو تازە. دەبێت زەوق و سەلیقەی گەنجەکان پەروەردە بکرێ. ئەوسا ئیتر بە دوای فیلمی بێتام و بەرهەمی سووک و ڕووکەشدا ناناکەن و فیلمی بێکەڵک و بازاڕیی لە فیلمی هونەریی و باش جیادەکەنەوە. هونەرمەندانیش بانگهێشت دەکەین کە بێنو دەربارەی کارو بەرهەمەکانیان قسە بکەن. باشە پاشان چیمان هەیە؟ ئەها فیلمی منالان لە هەموو جیهانەوە بۆ هەموو ئێران. هۆڵێکیش دروستدەکەین بۆ فێربوونی دەرهێنانی سینەما و شانۆ. دەبێ تەواو خۆم کۆبکەمەوە بۆ ئەوەی شتێکم لەبیر نەچێ. بۆ نموونە کلاسی وێنەکێشان و هونەری شێوەکاری. ئێمە لە بەرامبەر نەوەکانی ئایندەدا بەرپرسیارییین. ئەگەر کەمتەرخەمی بکەین پاشان بە خراپی باسمان دەکەن. نەفرەتمان لێدەکەن، بە خائین ناومان دەبەن. دەڵێن فلان هات کۆمەڵگایەکی خۆشڕابواردن- هونەریی بۆ منالان دروستبکات، هەمووی هەڵلووشیو خستییە سەر حسابەکانی تری لە دەرەوەی ولات و منالانی خەڵکیشی لە کۆڵانەکاندا بەرەڵاکرد

بۆ ئەوەی بکەونە داوی هێرۆین فرۆش و قاچاغچییەکانەوە. لە هۆڵی وەرزشدا دەبێ دوا دەسکەوتە وەرزشییەکان فەراهەم بکەم. بۆ هەمووان و بەشێوەیەکی یەکسان، بۆ هەموو منالاّن چ کوڕ و چ کچ، بەڕاست خەریک بوو هۆڵی شەترەنجم لە یاد بچێ. ئەمەش بۆ شوێنی هۆڵی شەترەنج. هۆڵێکی گەورەش بۆ شەوانی چیرۆک، شیعر وتار، باس و گفتوگۆ. هاتن بۆ هەموو ئارەزوومەندانیش ئازادە. ئاخ! ئاخ! بەڕاست چەند فەرامۆشکارم، هۆڵێکی جوان و مۆدێرن بۆ هەڵپەڕکێی خۆمانی. هەڵپەڕکێی کوردی، تورکی، گێلەکی، مازندەرانی، باشە بەڕاست بڵێی هەڵپەڕکێی کوردیم لە یاد نەچووبێتەوە. وا باشترە خۆم تاقی بکەمەوە. بە ئاوازی ئامان هەی ئامان:

ئامان هەی ئامان، ئامان هەی ئامان، ئامان سەد ئامان. دەبێ ئاوا هەڵپەڕیت. پێیەک لە پێشەوە دادەنێیت و پێیەکی تر...

لەناکاو دەرگای ئینفیرادییەکە دەکرێتەوە. ناوک و دڵم بەردەبێتەوە. وشک دەبم. جووتێک پۆستاڵی بۆیاخکراو، راست لە بەرامبەر کۆشکەکەمدا جووت بوون. یەکێک لە پۆستاڵەکان بەرزدەبێتەوە و بە تووندی دەکێشرێ بە تەختی سینەمدا. دەدرێم بە دیوارەکەدا.

پارچە کاغەز و مقەباکان بەملا و بەولادا بڵاودەبنەوە:

«تۆ ناماقوڵیتکرد. کە لەسەر زەوییەکە نەخشەت کێشاوە!»

«ئاخر... من... دەمویست...»

لێکۆڵەرەوە ئاگادار دەکەنەوە. بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە لای دەرگای ئینفیرادییەکە جنێو دەدات:

«بێشەرەف، خائین، پێتوایە هەروا لە خۆڕا و بە خۆڕایی دەکرێ دامەزراوە دروست بکەی! بەبێ تاقیکردنەوەی دەم و دوانەی ئەم بەرپرس و ئەو پایەبەرز»
لە کاشییەکە ورد دەبێتەوە و وەکو ئەوەی شتێکی گرنگی دۆزیبێتەوە دەقیژێنێ:

«زیندان! ئەی زیندانەکەی کوا؟ زیندانەکەی کوا بەدبەخت؟»

فەرمان بە پاسەوانەکە دەدات کە سەرم بخاتە سەر نەخشەکانم و خۆی بە لەقە دەکێشێ بە ناو دەمما.

سەرچاوە: هفت مرد هفت داستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ژمارە(وتی): ٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

عەلی ئەشرەف دەروێشیان لە گفتوگۆیەکی بۆنەکراوەدا

گفتوگۆ لەگەڵ نووسەرێک کە هەموو بەرهەمەکانیت بە چێژێکی زۆرەوە خوێندووەتەوە و لەوەش زیاتر، چی لەبارەیەوە نووسراوە... ئاگادارببوون لە گرنگترین وێستگەکانی ژیانی، تایبەتمەندیی خۆی هەیە و سەفەرێکی خۆشە بەناو دونیای ئەندێشە و ئەدەبیاتی ئەو نووسەرەدا. پاش چەندین ساڵ لە هاوڕێیەتی نزیک و سەفەری زۆر و گفتوگۆ، ساڵی ٢٠٠٦ نووسەری گەورەی کورد عەلی ئەشرەف دەروێشیان بۆ بەشداری لە فێستیڤاڵی دەیەمی گەلاوێژدا هات بۆ سلێمانی. ئەوە دەرفەتێکی ڕەخساند بۆ درێژەدان بەو گفتوگۆیەی لە ساڵی پێشووتردا دەستمان پێکرد بوو. لە هوتێل سلێمانی پالاس و لەو شەوانەدا کە پێکەوە دەبووین، درێژەمان دا بە گفتوگۆکەمان بەو ئامانجەی ببێتە پرۆژەی کتێبێک.

منیش وەکو سەمەد بێهرەنگی عاشقی منداڵانی گوندنشین بووم

دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی، پەیوەندی لەگەڵ زمانی دایکی، ئەدەبیاتی منداڵان و مێرمنداڵان، ئەزموونی بەندیخانە و سانسۆر و ژیانی نووسەر لە وڵاتێکی دیکتاتۆریدا و.. ئەدەبیاتی کوردی و هیواکانی و ناوەندی نووسەرانی ئێران و خەبات لە پێناوی ئازادیی ڕادەربڕین... ئەوەی لێرەدا و لەم چەند بەشەدا بۆ یەکەمجار بڵاودەبێتەوە، بەشێکە لە پرۆژەی کتێبێک کە بەداخەوە دەروێشیان خۆی کۆچی دوایی کرد و نەیدیت، هیوادارم لە

ئایندەدا بتوانم بە چاپی بگەیەنم.

مەریوان هەڵەبجەیی: *تۆ لە خێزانێکی هەژار و چینی کرێکاری کرماشان لەدایکبوویت و لە تەمەنی شەش ساڵییەوە خرایتە بەر کار و شاگردی دووکان و دەستفرۆشی و شاگردی ئاسنگەر و تەنانەت قاچاخچێتیت کردووە و نەهامەتی و سەختیی ژیانت ئەزموون کردووە، باوکت دژی خوێندنی خۆت و براکانت بووە. ئەم بارودۆخە دژوار و ئەستەمەی ژیانتان لە زۆربەی بەرهەمەکانتدا ڕەنگی داوەتەوە، ژیان لەناو خێزانێکی وەهادا و منداڵی و مێرمنداڵییەکی لەم شێوەیە، چۆن بوو کەوتیتە ناو دنیای خوێندنەوە و نووسین؟*

دەرویشیان: ژیانی من لە خێزانێکی هەژار و نەداردا زۆر دژوار بوو. خێزانێکی قەرەبالغ بووین و هیچ شتێکمان نەبوو. باوکم بەردەوام کاری دەکرد و زۆر جار بێکار دەبوو، هەموو جۆرە کارێکی دەکرد. ئێمەش هەر لە منداڵییەوە کارمان لەگەڵ دەکرد. لەگەڵ ئەوەی کە من و براکانم لە تەمەنی شەش حەوت ساڵانەوە شاگردی و دەستفرۆشیمان دەکرد و هاوکاری ماڵەوە و باوکم بووین، بەڵام نەماندەتوانی بەباشی بژێوی خێزانەکەمان دابین بکەین. کرێی خانووەمان لە کاتی خۆیدا پێ نەدەدرا و بەردەوام خاوەنماڵ دەریدەکردین و لەم کۆڵانەوە بۆ ئەو کۆڵان و لەم گەڕەکەوە بۆ ئەو گەڕەک بارمان دەکرد. لەهەمان کاتدا جۆرێک هەڵهاتن و خۆشاردنەوەش بوو لەدەست خاوەن قەرزەکان. من لە کۆڵانی عەلاقەبەندەکان کە کەوتبووە یەکێک لە هەژارترین گەڕەکانی کرماشان، لەدایکبووم. سەربازگەیەک لەپشت ماڵمانەوە بوو.

شەوانە کە لە دەستگیرکراوەکانیان دەدا، ئێمە و ئەو ماڵانەی تری نزیک سەربازگەکە گوێمان لە هاواریان دەبوو. زۆر شەو تەپڵیان لێدەدا بۆ ئەوەی کەس گوێی لە دەنگیان نەبێت. هەر لەو کاتەوە ڕقم لە سەرباز و ئەفسەر بوو. ژیانێک پڕ لە دەربەدەری و ئاوارەیی و کۆچی بەردەوام، وای کردبوو بەردەوام تەنیا بم و هاوڕێم نەبێت. چونکە بەردەوام بەهۆی بارکردنەوە قوتابخانەم دەگۆڕی. ئەگەر لە ڕۆمانی چوار بەرگی (ساڵانی هەورین)دا کە بە جۆرێک بەشێکی ژیانی خۆمی تێدا دەبیندرێتەوە، بارکردن و ئاوارەیی زۆر دەبینیت، ئەوە ئەو واقیعەیە کە تێیدا ژیاوم و ئەزموونم کردووە. باوکم لەتاو نەبوونی و بێکاری، پێداگریی دەکرد لەسەر ئەوەی ئێمە نەخوێنین. دیارە دایکم بەردەوام لە بەرامبەریدا دەوەستایەوە و بەرگری لە ئێمە دەکرد و بە باوکمی دەگوت دەبێت بخوێنن و نابێت ئایندەیان وەک تۆی لێبێت.

شەوان تەپڵیان لێدەدا بۆئەوەی کەس گوێی لە هاواری گیراوەکان نەبێت

جارێکیان پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر بوو باوکم بێکار بووبوو، خاوەن قەرزەکانی گوشارێکی زۆریان خستبووە سەری، یەکێک لەو خاوەن قەرزە هەڵپەرستانە بە هەڵی زانی و بە باوکمی گوت: "تۆ بێکاریت و پارەیەکی زۆر قەرزاری منیت، وەرە با بڕێک تلیاکت بدەمێ بیبە بۆ تاران!". باوکم بە ناچاری قبوڵی کرد و تلیاکەکەی برد بۆ تاران و لەوێوە بۆ ڕەشت. لە نیوەی ڕێگادا پۆلیس بارە تلیاکەکەی گرت و باوکم کەوتە بەندیخانەوە. ئەو دەوڵەمەندە بێ ویژدانە هات بۆ ماڵمان و بەدایکمی گوت: "ئێستا کە هاوسەرەکەت کەوتووەتە بەندیخانە، دەبێت کوڕەکەت درێژە بەکارەکەی بدات!" من کوڕی گەورەی ماڵەوە بووم و لەو کاتەدا تەمەنم دوانزە ساڵ بوو. لەگەڵ ئەوەی کە دایکم ڕازی نەبوو، من گوتم باشە دێم، نەمدەویست بەردەوام ئەو کابرا دەوڵەمەندە بێتە سەرمان بۆ پارە و بەردەرگامان لێ بگرێت. ئەوە یەکەم سەفەری من بوو بۆ تاران. تلیاکەکەیان لە ئۆتۆمبێلەکەدا شاردەوە و من و کەسێکی تر لەگەڵی ڕۆیشتین بۆ تاران. لە ڕێگادا لەتاو ترس نەمدەتوانی بخەوم. دەمگوت ئێستا پۆلیس دێت و تلیاکەکە دەدۆزێتەوە و ئێمەش دەگرێت. بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە گەر من دەستگیر بکرێم کێ لەبری من کار دەکات و بژێوی ماڵەوەمان دابین دەکات؟ گەیشتینە تاران، بەڵام من هێشتا خەریک بوو لە ترسان دەمردم. دڵم زۆر بەخێرایی لێیدەدا. لە یەکێک لە گەراجەکانی ناسر خەسرەو دابەزین، لەکاتی دابەزیندا هێندە گێژوومەنگ بووم لەتاو بێخەوی، کەوتم و دەستم بریندار بوو. شەو لە موتێلێکی پیس بووین، لە تاو بۆنی پیسی بەتانییەکان نەمتوانی بخەوم. کاتێک پارەی خاوەن قەرزەکەمان دایەوە، ئیتر قبوڵم نەکرد ئەو کارە بکەم و چیتر کاری قاچاخچێتیم لەژیانمدا دووبارە نەکردەوە. بووم بە شاگردی ئاسنگەر. دایکیشم کڵاشی دەچنی، جلی ماڵانی دەشووشت و بەرگدرووی دەکرد. هاوکات لە بەشی زانستی سیاسی زانکۆی پەهلەوی لە شیراز وەرگیرام ، هەم لە زمان و ئەدەبیاتی فارسی زانکۆی تاران، ڕۆیشتم بۆ زانکۆی تاران، چونکە لەوێ بەهۆی هاوڕێکانمەوە کە لەبری من بەڵێیان دەکرد، دەمتوانی هەفتەی دوو ڕۆژ بچمە پۆلەوە و باقی کاتەکە لە کرماشان بم و کار بکەم. جگە لە ئەزموونی خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی فارسی و ژیان لە تاران، وێستگەی کاریگەرتر و پێشتری ژیانم، ئەفسانە و چیرۆکەکانی نەنکم بوو. ئەو ئەفسانانە کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو لەسەر هەر هەموومان، بەتایبەت من کە عاشقی چیرۆک گێڕانەوە و ئەفسانە گێڕانەوەکانی بووم. کەم شەو هەبوو گوێ لە چیرۆک و ئەفسانەکانی نەگرم. باوکیشم نیمچە خوێندەوارییەکی هەبوو، زۆر حەزی لە شیعر بوو. بەشێکی زۆر لە شیعری حافز و سەعدی و خەیامی لەبەربوو.

گەورەترین چێژم لە منداڵیمدا گوێگرتن بوو لە ئەفسانەکان. لە دوای ئەوەی چوومە پەیمانگا، توانیم هاوڕێم هەبێت و لەو دوو ساڵەدا ئەزموونێکی تازەم تاقیکردەوە، پاش تەواوکردنی خوێندن بووم بە مامۆستا لە گوندەکانی گەیلان غەرب و شائاباد و وێستگەی گرنگتری ژیانم دەستپێکرد کە بووە هۆی ئەوەی بیر لە نووسین بکەمەوە، ئەزموونی مامۆستایەتی لە گوندە هەژار و بێدەرەتانەکانی کوردستان، لەوێ بۆ یەکەمجار جۆرێک لە ژیانم ئەزموون کرد، ژیانێک وای لێکردم بیربکەمەوە لەو هەموو نادادپەروەری و نایەکسانییەی لە کۆمەڵگە و دەوروبەرمدا هەبوو. ئەو نەداریییەی لە گوندەکان هەبوو زۆر خراپتر بوو لەوەی لە کرماشان و شارەکانی دیکە هەبوو. زۆر کەس منداڵیان نەدەنارد بەر خوێندن لەبەر نەبوونی. کەسانێک هەبوون پاش سێ یان چوار ساڵ خوێندن منداڵەکانیان لە قوتابخانە دەهێنایە دەرەوە.

باوکم لەتاو نەبوونی و بێکاری پێداگریی دەکرد لەسەر ئەوەی ئێمە نەخوێنین

زۆریان جلی گەرمی زستانەیان نەبوو. دەهاتنە ناو پۆل هەڵدەلەرزین. بەڕەنگی زەردی زۆربەیاندا دەمزانی چەند بێ خواردنن و چەندە ڤیتامینیان کەمە. خەمی ئەوان وای کرد، خەمی خۆم و خێزانەکەمان و هەموو نەهامەتییەکانم بیربچێتەوە. هاوینان کرێکاریم دەکرد، کە دەگەڕامەوە بۆ قوتابخانە، دەفتەر و جانتا و قەڵەمم بەدیاری بۆ دەبردن. هانمدەدان کتێب بخوێننەوە و فێرببن. لەو قۆناغەدا زۆر بە وردی دەمخوێندەوە و زۆر شت فێربووم. نووسین بوو بە تەنیا کەڵکەڵەی ئەو ڕۆژگارەم. گوتم دەبێت ئەم ژیانە تراژیک و تاریکە تۆمار بکەم. هەستم بە بەرپرسیارێتی کرد و تەنیا مامۆستابوون و هاوکاریکردن بەس نەبوو. دەبوو بە نووسین قسە لەو دونیایە بکەم کە بەرهەمی کەمینەیەک بوو. زۆرینەیەک لە دۆزەخێکدا دەژیان کە کەمینەیەک دروستیانکردبوو.

مەریوان هەڵەبجەیی: ژیانی تۆ و سەمەد بێهرەنگی زۆر لەیەک دەچێت و زۆر کەس ژیان و تەنانەت بەرهەم و ڕەفتارەکانتان بەراورد دەکەن بەیەک و نووسینەکانت بە درێژەپێدەری ڕێگای ئەو دەزانن. یەکەم کتێبت (سەمەد بە نەمریی گەیشت) لە یەکەم ساڵڕۆژی مەرگی گومانلێکراوی سەمەد - دا بڵاوکردەوە و دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لە سەرتاسەری ئێراندا و زیاد لە شانزە جار بە تیراژی زۆر بڵاوکرایەوە، لەم ساڵانەی دواتریشدا دوو کتێبت دەربارەی سەمەد و ژیان و بەرهەمەکانی ئامادە کرد و ئەوەش نیشانەیەکی زیاتری خۆشەویستی و بەوەفایی تۆ بوو بۆ ئەو. هەردووکتان لە دوو پاریزگای دوورەوە هاتنە تاران بۆ خوێندن و دواتر گەڕانەوە و بوونە مامۆستا. دەکرێت باسی چۆنێتی یەکترناسین و ئەو کاریگەرییە و دید و بۆچوونەکانتان بکەیت و ئەوەی چ شتێک بووە هۆی

نزیکایەتیی ئێوە؟

دەرویشیان: لە تاران و لە ڕێگای هەردوو مامۆستامانەوە (جەلال ئال ئەحمەد و دکتۆر سیمین دانیشوەر) کە هەم لەزانکۆدا باشترین مامۆستا و هاوڕێمان بوون و هەم لە دەرەوە، بێهرەنگیم ناسی. ئێمە لە ڕێگای مالێکەی ئەوانەوە کە هاوسەر بوون، زۆر ڕووناکبیر و نووسەری دیاری ئەو ڕۆژگارەمان ناسی. سەمەد هەمان سادەیی و ڕاستگۆیی نووسینەکانی لە ژیانیدا دەبینرا و مرۆڤ لە یەکەم بینینیدا خۆشیدەویست. چیرۆکەکانی باسی ڕەنج و ئازارەکانی منداڵانی ئازەربایجانیان دەکرد و وێنەی ئەو ستەمەی دەکێشا کە تەنگی بە ژیانیان هەڵچنیبوو. نووسەرێک نەبوو لە بورجی عاجی خۆیدا دابنیشێت و بڵێت چیرۆکی خۆم دەنووسم و کارم تەنیا نووسینە و حەقم بە هیچی تر نییە. ئەفسانەی کۆدەکردەوە و لە فەوتان ڕزگاری دەکرد، کاری وەرگێڕانی دەکرد و مامۆستایەکی نموونە و نووسەرێکی بەرپرسیار و خاوەن هەڵوێست بوو. هەموو ئەمانە وایان کردبوو کە سەمەد نموونەیەکی بااڵ بێت بۆ من. منیش وەک ئەو زۆرجار بێ بیانوو لەم گوندەوە دەگوازرامەوە بۆ گوندێکی زۆر دوورتر. بەڵام هەرگیز کۆڵم نەدا و بەردەوام بووم لە نووسین و قسەکردن لەسەر ئەو دۆخە کارەساتبارەی تێیدا دەژیاین. جەلال ئال ئەحمەد و سیمین دانیشوەری هاوسەری دوو لە گەورەترین نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئەو ڕۆژگارەی ئێران بوون.

زۆر شتی گرنگیان فێری من و سەمەد کرد و کاریگەریی زۆریان لەسەر ژیانمان هەبوو. زۆرجار باسی نووسین و بەرپرسیارێتی نووسەر و هەڵوێستی نووسەران و گرنگییەکانیان بۆ دەکردین. کە گەڕاینەوە بۆ گوندەکان و بوویندوە بە مامۆستا، تەواو ئاگا و هۆشیار بووین بەرامبەر نووسین و بەرپرسیارێتییەکانی نووسەر. منیش وەک سەمەد بڕوام وابوو کە دەبێت منداڵان لە قوتابخانە لەگەڵ خوێندن بەزمانی فارسی، بەزمانی دایکی خۆشیان بخوێنن و بنووسن. وەک ئەو عاشقی منداڵانی گوندنشین و هەژار بووم و لەگەڵیاندا دەگریام و بەشادییەکانیان شاد دەبووم. دونیای هەردووکمان لەژێر کاریگەریی ئەو ژینگەیەدا بوو کە تێیدا دەژیاین و بە قووڵی ئازاری دەداین. بەداخەوە سەمەد زۆر زوو بەجێیهێشتین. دەیتوانی بەرهەمی زۆر جوانتر بنووسێت و کاری مەزن بکات. بەڵام دوای خۆی ڕێبازەکەی بەردەوام بوو. ئەو چرایەی ئەو دایگیرساند هەرگیز ناکوژێتەوە.

هێشتاش باوەڕم وایە مارکسیزم دەتوانێت رزگارکەر بێت

مەریوان هەڵەبجەیی: گەر هەڵە نەبم لە سەرەتای نووسینتدا چەند چیرۆکێکت بە کوردی (شێوەزاری کرماشانی) نووسی، چۆن بوو بەردەوام نەبوویت و دواتر دەستتکرد بە نووسین بە زمانی فارسی؟

دەرویشیان: لە سەرەتادا چیرۆکەکانم بە زمانی کوردی دەنووسی. یەکێک لەو چیرۆکانەم بەناوی خوازراوی عەلی کرماشانی، ساڵی ١٩٧٤ لە گۆڤاری (جهان نو)دا چاپ کرد. چیرۆکێک بوو بە ناونیشانی (ڕۆژی یەکەمی پشوو). لە کرماشان و شارە کوردییەکان زۆر پێشوازی لێکرا. لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو چیرۆکە، نووسەر و ڕەخنەگری ئازیز باقر موئمینی خوێندبوویەوە، زۆر هانیدام سەرەتا بە کوردی بنووسم و دواتر وەربگێڕدرێتە سەر زمانی فارسی، خۆشم زۆرم پێخۆش بوو. بەداخەوە بەهۆی نەبوونی بڵاوکراوەی کوردی لەو سەردەمەدا و ئەو سنووردارێتییە زۆرەی بۆ زمانی کوردی هەبوو، نەمتوانی بەردەوام بم و بەناچاری بە زمانی فارسی دەمنووسی و بڵاوم دەکردەوە. دواتریش یەکەم کۆمەڵە چیرۆکم بەزمانی فارسی بەناونیشانی (لەم هەرێمەدا) بڵاوکردەوە و ئیتر نەمتوانی بەزمانی کوردی بنووسم. بەڵام هەمیشە ناوەڕۆکی چیرۆکەکانم کوردی بوون. باسی خەم و ئازارەکانیان و ئەو نەهامەتیانەیە کە بەسەریان هاتووە و دێت.

مەریوان هەڵەبجەیی: ئایا لەو ڕۆژگارەدا نووسین بۆ تۆ پەناگایەک بوو لەو دونیا پڕ لە ئازار و ڕەنجەدا؟ پەنابردن بۆ قەڵەم و کاغەز و نووسین گەڕانەوە بوو بۆ ناو خۆت؟

دەرویشیان: هەر چاوم هەڵهێناو دەوروبەری خۆم دیت، هەستم بە نایەکسانی و خەمی زۆر و نادادپەروەریی زۆر کرد. هەم لە منداڵی و مێرمنداڵی خۆم و هاوڕێکانمدا، هەم لەکاتی مامۆستایەتی و لە گوندەکاندا ئەوپەڕی نەبوونی و نەهامەتی خەڵکم دیت. ستەمکاریی زۆر، هۆکاری هەموو ئەو نایەکسانییە بوو. نەمدەتوانی ئەو هەموو کێشە و نەبوونی و ناڕەواییە ببینم و دەربارەیان نەنووسم. تەنیا کارێک دەمتوانی بیکەم نووسین بوو. هەموو بیروهۆشمی داگیر کردبوو. نووسین بۆ من هەڵهاتن نەبوو لەو دۆخە، ڕۆچوون بوو بۆ ناو قوواڵایی نەهامەتی و کێشە بێشومارەکانیان. نووسین بۆ من هەمیشە چەشنێکی کاریگەرە لە ناڕەزایەتی. تووڕەیی و ناڕازیبوونێکی تەواو لە بەرامبەر ئەو دۆخەی کە تێیدا دەژیاین و دەژین. سەردەمی دەستگیرکردن و چەوساندنەوە و لەسێدارەدان. ڕۆژگاری خەباتی سیاسی و مەدەنی لە دژی ستەمکاری.

بەردەوام بەشداریی ڕێپێوانەکانم دەکرد و لە نزیکەوە دەمدیت چۆن هەموو ناڕازییەکان سەرکوت دەکەن و ڕاپێچی

بەندیخانەکانیان دەکەن. تەمەنم دوانزە ساڵ بوو کە دکتۆر محەممەد موسەدەق دەسەڵاتی گرتە دەست، خاڵم ڕۆژنامەکانی دەکڕی و منیش دەمخوێندنەوە. خاڵە گەورەکەم لایەنگری موسەدەق بوو، خاڵە بچوکەکەم لایەنگری حزبی تووده بوو. باوکم سەربەخۆ بوو. بەردەوام دەیگوت لەم ڕۆژگارەدا دەبێت مرۆڤ پڕچەک بێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە بەرامبەر دوژمنەکەیدا بەرگری بکات. من لەو نێوانەدا سەرگەردان بووم تا کاتێک بووم بە مامۆستا و تێگەیشتم تەنیا سۆشیالیزم دەتوانێت مرۆڤە هەژار و زەحمەتکێشەکان ڕزگار بکات و لە نەزانی و نەهامەتی بیانپارێزێت. بۆیە بووم بە لایەنگری مارکسیزم و هێشتاش باوەڕم وایە مارکسیزم دەتوانێت ڕزگارکەر بێت. کاتێک لە گوندەکان وانەم دەگوتەوە و لەناو خەڵکی گوندنشیندا دەژیام، زۆر شتی نوێم دۆزییەوە و لەڕاستیدا دۆزینەوەی دونیایەکی تر بوو کە وای لێدەکردم بجەنگم لەپێناوی ماف و حەز و ئارەزوو و خەونەکانیاندا. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی نووسەرێک بم تەواو بڕوام بە بەرپرسیارێتی هەبێت.

٢٦ - ١١ - ٢٠١٧

دەرویشیان: سیستەمی پەروەردەی ئێمە لە خراپترین پەروەردەکانی دونیایە

لە بەشی سێیەمی ئەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ نووسەر و ڕووناکبیر و ڕەخنەگری گەورەی کۆچکردووی کورد عەلی ئەشرەف دەرویشیان کە ساڵانێک پێش کۆچی دوایی بۆ پرۆژەی کتێبێک لە بارەی ژیانی تۆمارکراوە و لێرەدا چەند بەشێکی بۆ یەکەمینجار بڵاودەکرێتەوە، دەرویشیان تیشک دەخاتە سەر ئەدەبیاتی منداڵان و مێرمنداڵان و سانسۆر و ڕێگرەکانی بەردەم گەشەکردنی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، هەروەها دەربارەی ناوەندی نووسەرانی ئێران و کۆششی زیاتر لە چوار دەیەی لەپێناوی ئازادیی ڕادەربڕین و مافەکانی مرۆڤ و ئەو کێشە و گرفت و مەترسییانە دەدوێت کە نووسەران لە ئێراندا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

مەریوان هەڵەبجەیی: ئەو جۆرە لە ئەدەبیاتی منداڵان و مێرمنداڵان کە بۆ یەکەم جار تۆ و سەمەد بێهرەنگی دەتاننووسی و کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر کۆمەڵگەی ئێرانی، هەر لەسەرەتاوە سانسۆرێکی زۆری لەسەر بوو، ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبووەوە و زۆرجار بەناوی خوازراوەوە بڵاوتان دەکردنەوە، سەرەڕای ئەوەش دەناسرانەوە و قەدەغە دەکران، ئەمە هەم لەسەردەمی ڕژێمی شا و هەم لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی، ڕەنگە هەر ئەمەش وای کردبێت کەسانی وەک نەسیم خاکسار و نووسەرانی دیکەی سەرکەوتووی ئەو بواره کە پەیڕەوی ئەو ڕەوتەی ئێوە

بوون، نەیانتوانی بەردەوام بن. ئەو هەموو ئاستەنگە بۆچی؟

دەرویشیان: دەسەڵاتی سیاسی بە پلەی یەکەم هۆکاری پەراوێزکەوتنی ئەو جۆرە لە ئەدەبیاتی راستگۆیانە و بەرپرسیارانەیە. بیرمان نەچێت زۆر کەس نووسییان و درێژەپێدەری ئەو جۆرە لە ئەدەبیات بوون، بەڵام سانسۆر نەیهێشت و ناهێڵێت بەرهەمەکانیان چاپ بێت، نەسیم خاکسار و فەرەیدوون تونکابنی و زۆر لە هاوڕێیانی ترمان یان خرانە بەندیخانە، یان نووسین و بڵاوکردنەوەیان لێ قەدەغەکرا و پاشان بەندیخانە و دواتریش ناچار وڵاتیان بەجێهێشت. حکومەت ٥٠ ساڵ، چ لە سەردەمی شا و چ پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، هەوڵێکی زۆری دا و پارەی زۆری خەرج کرد، پڕوپاگەندەی زۆری کرد دژ بە سەمەد و ویستیان کەسێتی لەکەدار بکەن، دەیان نووسەری بەکرێگیراویان راسپارد و کتێب و وتاری زۆریان لەسەر نووسی، ملیۆنان تومەنیان خەرج کرد و فیلمیان دەربارەی دروست کرد بۆ شێواندنی راستییەکان. وەک گوتم لەسەردەمی هەردوو رژێمەکەدا. بەڵام بۆیان نەچووە سەر و تائێستاش بەرهەمەکانی سەمەد، گەر پڕخوێنەرترین و پڕفرۆشترینی ئێران نەبن، ئەوا بێگومان یەکێکن لە پڕفرۆشترینەکان. خۆت دەزانی زیاد لە پەنجا خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە لە ئێراندا کۆبەرهەمەکانی سەمەد چاپ دەکەنەوە و زیاتر لە بیست جار بەتیراژی زۆر چاپ کراونەتەوە. پاش مەرگی خۆی، وەرگێڕدراون بۆ چەندین زمان و خەڵاتی جیهانییان بەدەستهێناوە. بەرهەمەکانی من زیاتر لە سی ساڵ قەدەغە بوون. لەگەڵ ئەوەشدا بەقاچاخ و دەستبەدەست بەناو خەڵکدا دەگەڕان و دەخوێندرانەوە. هەموو کتێبەکانم، بەتایبەتی ئەوانەی بۆ منداڵان و مێرمنداڵان نووسیومن زیاتر لە ٣٠ جار بە تیراژی بیست هەزار چاپ بوون، پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانیش هەمان پێشوازییان لێ دەکرا گەر سانسۆر بیهێشتایە چاپ ببنەوە. لەم ساڵانەدا حکومەتی ئێران بە بەرنامە کار لەسەر پەروەردەکردنی نووسەری منداڵان و مێرمنداڵان دەکات بۆ بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە لە ئەدەبیات کە دونیا زۆر رەنگاوڕەنگ و جوان و بێ کێشە نیشان دەدەن. فێستیڤاڵی ناوخۆیی زۆریان بۆ ڕێکدەخات و ملیۆنان دۆلاریان بۆ خەرج دەکات. دەیانێرێتە فێستیڤاڵە جیهانییەکان. خەڵاتی ملیۆنییان پێ دەبەخشێت و بەتیراژی زۆر کتێبەکانیان چاپ دەکات و رەخنەگری بۆ دروستکردوون بەردەوام لە ستایشیاندا بنووسێت. حکومەت دەیەوێت نیشانی بدات کە ئەدەبیاتی ڕاستەقینە و ئاراستەی دروست ئەوەیە، نەک ئەدەبیاتی هاوشێوەی ئێمە.

مەریوان هەڵەبجەیی: باشە، تا ڕادەیەکی زۆر هاوڕاتم، بەڵام ئەو ئەدەبیاتەش توانیویەتی بڕێک لە خوێنەر بۆخۆی پەیدا بکات و وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی دونیا و جاریش هەبووە بوونەتە کاندیدای گەورەترین خەڵاتی جیهانی، خەڵاتی ئەندەرسن وەک نۆبڵی ئەدەبیاتی منداڵان وایە، ئەمە بۆ خراپە؟

دەرویشیان: خراپی ئەوەیە ئەدەبیات سنووردار بکەیت بۆ یەک ئاڕاستە یان چەند ئاراستەیەک ، ئەدەبیات بە رەنگاوڕەنگی و جیاوازییەکانیەوە جوانە، ڕەخنەی نیەمە لەو جۆرە لە ئەدەبیات، ئەوەیە کە کاتێک مرۆڤ دەیخوێنێتەوە، هەست دەکات کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی بێ کێشەیە و منداڵان و مێرمنداڵان و گەورەکان زۆر بێ گرفتن و هیچ ئاریشەیەک لە وڵاتدا نییە. ناکرێت پاش ئەو هەموو گۆڕانکارییە منداڵ تەنیا فێر بکرێت کەی بخەوێت و چۆن پێش نووستن ددانی بشوات و جلەکانی چۆن بە پاکی رابگرێت. منداڵ دەبێت بزانێت لە خێزانەکەی و قوتابخانە و کۆمەڵگەکەیدا چی دەگوزەرێت. دنیا تەواو گۆڕاوە و نەوەی نوێ خاوەن هۆشیارییەکی زۆرە. دەبێت منداڵان بزانن چی بکەن بۆ ئایندەیان و بشزانن هاوشێوەکانیان لە جوگرافیایەکی تردا چۆن ژیان بەسەر دەبەن. ئەمە جۆرە درۆکردنێکی مەترسیدارە لەگەڵ ئەو تۆیژەدا دەکرێت. کە گەورەتر دەبن تووشی شۆکی گەورە دەبن. کاتێک دەبینن ئەوەی پێیانگوتراوە ڕاست نەبووە و دونیا تەواو پێچەوانەکەیەتی. سیستەمی پەروەردەی ئێمە لە خراپترین پەروەردەکانی دونیایە و پڕە لە درۆ و خورافە و هەندێک شت کە وەک ژەهر وایە بۆ منداڵ. تا ئەو پەروەردەیە نەگۆڕێت و ئەم جۆرە لە سیستەمی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات گۆڕانی بەسەردا نەیەت، دۆخی ئێمە زۆر لەمە خراپتر دەبێت. ئەو دۆخەی وای کردووە خوێنەری ئێستامان کەمتر بێت لە پەنجا ساڵ لەمەوپێش، لەکاتێکدا ئەوکات ژمارەی دانیشتووانی وڵات یەک لەسەر سێی ئێستا بووە.

***مەریوان هەڵەبجەیی:** دەمەوێت بێمە سەر باسی ناوەندی نووسەرانی ئێران و دامەزراندنی و هەوڵ و کۆششەکانتان لەو ناوەندەدا و ئەو خواست و داواکارییانەی نزیکەی پەنجا ساڵە لەم ناوەندەدا خەباتی بۆ دەکەن. زیندان و دەربەدەری و ئاوارەیی زۆرتان چەشتووە و چەندین نووسەر و وەرگێڕ و ڕەخنەگری گەورە گیانیان بەختکردووە لەپێناوی بیروباوەڕیاندا. دەکرێت باسێکی ناوەندی نووسەران بکەیت کە خۆت سەرۆکی ئەو ناوەندەی؟*

دەرویشیان: ناوەندی نووسەرانی ئێران زیاتر لە چل ساڵە لەسەر دەستی نووسەرانێکی گەورەی وەک سیمین دانیشوەر، جەلال ئالی ئەحمەد، بەهرام بەیزایی، غولامحسەین ساعدی و محەممەد عەلی سەپانلو دامەزرا بە مەبەستی بەرگری لە ئازادیی ڕادەربڕین و مافی مرۆڤ و خواست و داواکاری بە حەقی ئەهلی قەڵەم و هونەرمەندانی ئێران و چین و تۆیژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە. وەک دەزانیت لەو ڕێگایەشدا قوربانیی زۆرمان داوە و دەیان نووسەرمان شەهید و دەربەدەری وڵاتان بوون. زۆر نووسەرمان سالانێکی زۆر لە پێناوی ئەم داواکارییە ڕەوایانەدا خراونەتە بەندیخانەوە. چەندین نووسەر و شاعیری وەک محەممەد موختاری، محەممەد جەعفەری

پویەندە، دکتۆر مەجید شەریف، ئەحمەد میرعەلایی، غەفار حوسەینی شەهید کراون و گورزی گەورە لە ناوەندی نووسەران دراوە و زۆر لە نووسەرانی ئێمە ناچار کراون وڵات بەجێبهێڵن. زۆر ئەستەمە نووسەر بیت لە وڵاتێکی دیکتاتۆریدا و بتوانیت ئازاد و سەربەخۆ بمێنیتەوە و بجەنگی لەپێناوی مافی رەوای خەڵک و ئازادییەکانیان.

مەریوان هەڵەبجەیی: ناوەندی نووسەرانی ئێران لەسەردەمی شادا هەمان کێشەی هەبوو، بەردەوام نووسینیان لێ قەدەغە دەکرا و دەکرانە زیندانەوە. بەڵام پاش شۆڕشی گەلانی ئێران گوشارەکان زۆرتر بوون و نووسەرانتان زیاتر تیرۆر دەکران و ناچار دەکران وڵات بەجێبهێڵن. لەسەردەمی کرانەوەی سەرکۆمار محەممەد خاتەمی و ئەوکاتەی نووسەر (دکتۆر عەتائوڵڵا موهاجەرانی) وەزیری رۆشنبیری بوو، داوایان لێکردن بچنە پێشەوە و ئەساسنامەی ناوەندی نووسەران و بڕگەکانی بخەنە بەردەست وەزارەت و مۆڵەتی فەرمیی کارکردنتان بدەنێ، ئەو هەوڵە بۆ سەری نەگرت و هۆکارەکانی چی بوون؟

دەرویشیان: هۆکارەکانی ئاشکران، گەر وەزیر یان محەممەد خاتەمی سەرکۆماری ئەو کاتەش مەبەستی بووایە بەڕاستی کارێکی وا بکات، دەزگاکانی دیکە ڕێگر دەبوون و هەر ئەوانیش هۆکاری سەرەکی بوون کە نەک هەر ناوەندی نووسەران مۆڵەتی کارکردنی فەرمی وەرنەگرێت، بەڵکو بەردەوام هێرش بکەنە سەر ماڵەکانمان و دەست بەسەر دەستنووس و نامەکانی ئەندامانی ناوەندی نووسەراندا بگرن. بکرێنە زیندان و ببرێنە بەردەم دادگاکان. وایان کرد نەتوانین لە کتێبخانەیەکیشدا کۆببینەوە و هەڵبژاردنی ناوەندی نووسەران بەڕێوەبەرین. بیرمان نەچێت هیچ دیکتاتۆرێک ناتوانێت بەرگەی دەنگی ئازاد و ناڕەزایی و قەڵەمی نووسەرانی ئازادیخواز و بەرپرسیار بگرێت و ناچار دەبێت بە هەموو جۆرێک ڕووبەڕووی بێتەوە. ئەوە هەر لەکاتی سەرکۆماریی خاتەمیدا بوو کە زۆرترین هاوڕێمان ڕفێندران و خنکێندران و دواتر لە بیاباندا تەرمەکانیانمان دۆزینەوە. چی کرد؟ توانی بکوژەکان بگرێت و دادگاییان بکات؟ نەک هەر نەیکرد، بەڵکو پارێزەرەکەی ئێمە کە پارێزەری شەهیدە بەناحەق خنکێندراوەکانی ئێمە بوو، دەستگیر کرا. دکتۆر ناسر زەرەفشان کە پارێزەرە و ئەندامی دەستەی باڵای ناوەندی نووسەرانە، پارێزەری هاوڕێ شەهیدەکانمان بوو، بەتاوانی بەرگری لەحەق حوکمی پێنج ساڵ بەندکردنی بەسەردا درا. بە دەیان شەو لە ماڵەکانی خۆماندا نەخەوتین و هەمیشە چاودێرییان دەکردین و ترس و تۆقاندن منداڵ و هاوسەرەکانی ئێمەیان بێزار کردووە. بەڵام هەموو ئەمانە وا ناکەن ئێمە کۆڵ بدەین. ئێمە نە هاوڕێ شەهیدەکانمان لەبیر دەکەین، نە ڕێبازەکانیان و نە ئەو گرنگترین ئەرکەی کە نووسەران و رۆشنبیران لەسەر شانیانە و هەرگیز نایانەوێت و نابێت لەبیری بکەن.

مەریوان هەڵەبجەیی: *لە بیست ساڵی ڕابردوودا زۆربەی ئەندامانی ناوەندی نووسەرانی ئێران لەژێر گوشاری زۆر و زیندان و تۆقاندندا بەناچاری هەڵهاتن و ژیانی تاراوگەیان هەڵبژارد، لەوانە عەباس مەعروفی، کازم کەردەوانی، مەنسوور کۆشان، جەمشید بەرزەگر و زۆری تریش. تۆش لەوانە بوویت کە ناوت لەو لیستەدا بوو کە دکتۆر ناسر زەرەفشان و هاورێیانی دۆزییانەوە و بەپێی ئەو پلانەی دەزگا سیخوڕییەکان دەبوو تیرۆر بکرێی! بۆچی بیرت لەهەڵهاتن و دەرچوون لە ئێران نەکردەوە و تاکەی دەتەوێت خۆت و خێزانەکەت لەبەردەم ئەم هەڕەشە و مەترسیانەدا بمێنیتەوە؟*

دەرویشیان: هەرگیز بیرم لە ژیانی تاراوگە نەکردووەتەوە و بیریشی لێناکەمەوە. من نووسەرێکی ئێرانیم و ئەوە چارەنووسی وڵاتەکەمە کە ستەمکار بەدوای ستەمکاردا دەسەڵات دەگرێتە دەست و ڕۆژانە نوخبەی ئەم وڵاتە ناچار دەکات وڵات بەجێبهێڵن و هەڵبێن. دەکرێنە زیندانەوە و بێدەنگ دەکرێن. لە زانکۆکان دەردەکرێن و خەڵکی بێتوانا و ناشایستە دەخرێتە جێگایان. وەک نووسەرێک بەئەرکی خۆمی دەزانم بجەنگم لە پێناوی ماف و داواکارییەکانیان. ئەمە وڵاتی ئێمەیە و خۆشماندەوێت و دەبێت قوربانیی بۆ بدەین. چەندین جار لە زانکۆکانی ڕۆژئاواوە بانگێشت کراوم و لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا کۆڕ و بەرنامەم هەبووە و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ داوایان لێکردووم بمێنمەوە و نەگەڕێمەوە بۆ ئێران. پێیان باش بووە خێزان و منداڵەکانم بەرم و نەگەڕێمەوە. بەڵام ئەستەمە بۆ من لەم واقیعە هەڵبێم. لە هەردوو ڕژێمەکەدا، چی خراپە کردوویانە لەگەڵمان. دەرکردن لە زانکۆ و لە وانەگوتنەوە و لەسەر هەموو کار و چالاکییەکی ڕۆژانە کە پەیوەندی بە بژێوی و ژیانی ڕۆژانەمانەوە هەیە. برسییان کردووین و ژیانی ئێمەیان بە هەموو جۆرێک خستووەتە تەنگانەوە. ئێمە بەرپرسیارێتی گەورەمان لەسەرە و دەبێت ئەو ئەرک و ڕۆڵەی ساڵانێکی زۆرە لەسەرشانمانە، بەباشی جێبەجێی بکەین و بیگەیەنین بە نووسەرانی نەوەی نوێ. ئەو چرایەی نووسەرانی گەورەی وەک ئەحمەد شاملو، غوڵام حوسەین ساعدی، سیمین دانیشوەر، مەحمود ئیعتیماد زادە (بەئازین) و جەلال ئالی ئەحمەد داویانەتە دەست ئێمە، بەڕۆشنی ڕایگرین و بەهیواوە بیگەیەنین بە نەوەی داهاتوو. تەنیا ڕێگا مانەوە و بەرگرییە لە ئازادیی بیروڕا دەربڕین. تا کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکراتمان نەبێت بەردەوام لە پاشکەوتندا دەبین و پاشەڕۆژمان زیاتر ڕوو لە تاریکی دەبێت. ئەم ڕێگا دژوارەش لە هەموو کەس زیاتر پێویستی بە هزر و توانای نووسەران و ڕووناکبیرانە. من هیوام زۆرە و ئایندەی ڕوون و باش دەبینم و دەبێت بەردەوام بین.

ژمارەیەک کۆچبەری کورد لە خانووی قەرەجەکان لە بولگاریا

دەرویشیان: زۆر خۆشبینم بە کوردستان و ئایندەی ئەدەبیاتی کوردی

لە دوابەشی ئەم گفتوگۆیەماندا لەگەڵ نووسەری ناوداری کورد عەلی ئەشرەف دەرویشیان کە سااڵنێک بەر لە کۆچی دوایی بۆ پرۆژەی کتێبێک لەبارەی ژیانی تۆمار کراوە و لێرەدا چەند بەشێکی بۆ یەکەمینجار باڵوەدەکرێتەوە، دەرویشیان دەربارەی نووسین بە کوردی و بەرپرسیارێتی و هەڵوێستی نووسەران دەدوێت. هەر لێرەدا بە وردی باسی ئەدەبی شێرزاد حەسەن دەکات و وەک نووسەرێکی خاوەن رەوتێکی تایبەت و دونیابینییەکی جیاواز وەسفی دەکات. ئەو شێرزاد وەک دەنگێکی یاخی ناودەبات کە زیاتر لە چوار دەیەیە بە جەسارەتێکی زۆرەوە لە تابووەکان دەدات و موقەدەسەکانی کۆمەڵگە و نەریتەکانی دەداتە بەر رەخنە. تەواوی ئەم گفتوگۆیە، وا بڕیارە سااڵی ئایندە لە کتێبێکدا باڵوبکرێتەوە.

مەریوان هەڵەبجەیی: لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکانەوە و پاش چەندین ساڵ نووسین و خوێندنەوە بە زمانی فارسی و چالاکیی زۆر لە ناوەندی نووسەرانی ئێراندا، ئێستا لە دەیەی شەشەمی ژیانتدا ئارەزوویەکی زۆرت تێدا دەبینم بۆ بەدواداچوونی بەرهەمی نووسەرانی کورد. ئەم ئاوڕدانەوەیە لە زمانی دایک و ئەو نووسەرانەی بە کوردی دەنووسن بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

دەرویشیان: لەم ساڵانەدا ئەو هۆگرییەی من بۆ ناوەندی کولتووری کوردی و زمانی کوردی زۆر زیاتر بووە لە هەمیشە و دووربەدوور زۆر بەدواداچوون دەکەم بۆ کار و بەرهەم و چالاکییەکانیان. دیارە هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی زۆر هەن لەپشت ئەم بابەتەوە. لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوودا ، کەشێکی زۆر تایبەت و نادروست لەئێراندا بەگشتی و بەتایبەتیش لە ناوچە کوردییەکان هەبوو. کتێب یان هیچ باڵوکراوەیەک بەکوردی نەبوو. نەتەدەتوانی پەیوەندی دروستبکەیت لەگەڵ نووسەران و بەتایبەتی ئەوانەی بە کوردی دەنووسن. بۆ نموونە هیچ گۆڤارێکی ئەدەبی کولتووریی کوردیم شک نەدەبرد بیکەمە سەرچاوەی فێربوونی کوردی و نزیکبوونەوەی زیاتر لە زمانی کوردی و نووسەرانی کورد.

زمانی کوردی بە هەموو شێوەیەک سانسۆر و گوشارێکی زۆری لەسەربوو. چ لە سەردەمی رژێمی شاهەنشایی ئێراندا،

چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. ئەو نووسەرانەی دەیانویست بە کوردی بنووسن و کار بکەن، ئێرانیان بەجێدەهێشت و لە کوردستانی عێراق درێژەیان بە کار و چالاکی دەدا. یان دەچوونە وڵاتانی رۆژئاوا. دیارە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران کەمێک باشتر بوو. لێرە و لەوێ یەک دوو گۆڤاری دووزمانەی کوردی و فارسی دەردەچوون و کاریان دەکرد و کەم تازۆر دۆخەکە گۆڕدرا و ئەو جۆرە بڵاوکراوانەش کاریگەریی باشیان هەبوو، گەرچی بەردەوام نەدەبوون و دادەخران. سروشتییە من وەک تاکێکی کورد لەبەر ئەو هۆکارە سیاسییانەی لە وڵاتەکەمدا هەبوون، نەمتوانیوە بە کوردی بنووسم، بە زمانێکی دیکە کە زمانی دایکم نییە، بنووسم و خەمەکانی هاوزمانەکانم ببنە بابەتی سەرەکیی چیرۆک و رۆمان و نووسینەکانم.

ئەوەش گرنگە کە کورد لە پارچەکانی دیکە ئەدەبیاتێکی جددی هەیە و پێشکەوتووە و توانیویەتی زیاد لە سەد ساڵ لەمەوپێش رۆژنامەوانی جددی بە زمانی کوردی هەبێت. جێگای شانازییە لە کوردستاندا و لە ساڵی ١٩٢٥ دا چیرۆکی مۆدێرن نووسراوە. بەردەوام لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵم داوە بزانم بەتایبەتی لە کوردستانی عێراق چی دەگوزەرێت، بەتایبەتیش لەو کاتەوەی تۆم ناسیوە ئاگاداری پێشکەوتنی ئاستی کولتووریی کوردستانم و ئاسۆیەکی باش بەڕوومدا کراوەتەوە.

بەردەوام گۆڤاری رامان و کاروان و سەردەم و ئایندە و گەلاوێژ و زۆر کتێب و بڵاوکراوەی ترت بۆ هێناوم و هەستم بە پێشکەوتنی بەرچاو و کرانەوەی باش کردووە، هەر ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر باشی لەسەر پێشکەوتن و گەشەی ئەدەبیات لە کوردستانی ئێراندا هەبووە. دەبێت لە ئایندەدا پەیوەندی کولتووریی ئێمە و دیداری نووسەرانمان و هاتوچۆمان زۆر زیاتر بێت و ئەمەش دەتوانێت کاریگەرییەکی زۆر باشی هەبێت. من زۆر خۆشبینم بە کوردستان و ئایندەی ئەدەبیاتی کوردی. کورد خاوەنی نووسەری گەورە و بەتوانایە. چ لە کوردستانی عێراق، چ لە کوردستانی ئێران و پارچەکانی دیکەش. بەهەمان شێوە کوردی تاراوگە و ئەوانەی ساڵانێکە لە ڕۆژئاوا دەژین .

مەریوان هەڵەبجەیی: چەند ساڵێکە لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە ئێرانییەکاندا زۆر ستایشی ئەدەبیاتی کوردی دەکەیت و وەک ئەدەبیاتێکی مەزن و جیهانی ناوی دەبەیت و هیوای گەورەت پێی هەیە، بەتایبەتی بەرهەمەکانی هەردوو نووسەر شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی. ئەم هەموو سەرسامی و ستایشەی تۆ بۆ ئەدەبیاتی کوردی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

دەرویشیان: ئەدەبیات و پرسی کولتوور بەشێوەیەکی گشتی تەنیا لە ئازادییەکی تەواو ڕەهادا دەتوانێت بە باشی گەشە بکات و پێشبکەوێت. گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو خەباتی کردووە و تێکۆشاوە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی و هەوڵی داوە بۆ گەیشتن بەو ئازادییە. ڕێگایەکی زۆری پڕ لە زەحمەتی بڕیوە و دژواریی زۆر هاتووەتە سەر ڕێگای و دەشێت بەردەوام بێت بۆ بەدەستهێنانی تەواوی مافەکانی. کوردستانی عێراق قوربانیی زۆری داوە. هەر لە ئەنفال و کیمیابارانەوە و کارەساتی هەڵەبجەوە تا وێرانبوونی هەزاران گوند. ئەوەی لە پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەدەستیهێناوە مافی خۆیەتی و دەتوانێت ئایندەکی باشتر و درەوشاوە بۆخۆی دروست بکات و ببێتە سەرمەشقێک بۆ بەشەکانی تری کوردستان.

پێموایە بەشی هەرەزۆری هۆکاری ئەوەی کە ئەدەبیاتی کورد، قۆناغی گەورەی لە کوردستانی عێراقدایە، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی پڕ لە خەبات و قوربانیدانی و شەڕی ئەندێشە و کولتوور بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان و لەم ڕێگایەشدا زۆر سەرکەوتوو بوون و دەتوانن لە ئایندەدا هەنگاوی گەورە بنێن بۆ گەشەی زیاتر و بەجیهانیبوونی ئەدەبیاتی کوردی. ئەگەر ئەدەبیاتی کوردی لە بیست ساڵی ڕابردوودا بە شیعر و لە ڕێگای شاعیرانێکی وەک شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵلا پەشێوەوە توانیویەتی سنووردکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببڕێت و لە ڕۆژئاوادا بناسرێت و وەک ئەدەبیاتێکی پێشکەوتووی مەزن سەیری بکرێت، ئەوە ئێستا ئەدەبیاتی داستانی کوردی (چیرۆک و ڕۆمان) بەرەو بەجیهانیبوون دەڕوات، بەتایبەتی لە ڕێگای دوو نووسەری گەورە و نەریتشکێنی وەک شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلییەوە.

بەداخەوە زۆر جێگای گلەییە کە حکومەتی هەرێم کوردستان و بەتایبەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری کاریان بۆ وەرگێڕان بۆ زمانی ئەویدی و ناساندنی ئەدەبیاتی کوردی نەکردووە. هیچ هەوڵێکی جددی و پڕۆژەیی نەبووە بۆ وەرگێڕانی ئەدەبیاتی کوردی بۆ زمانە بیانییەکان. زۆربەی هەوڵەکان تاکەکەسی و پچڕ پچڕ و کورتن.

من دڵنیام ڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم) و کۆمەڵە چیرۆکی (گەڕەکی داهۆڵەکان) و ئەو چەند چیرۆک و نۆڤێتەی تری شێرزاد حەسەن کە تۆ کردووتن بە فارسی، لەگەڵ دواهەمین هەناری دنیا و ئیوارەی پەروانە و شاری مۆسیقارە سپییەکان و بەرهەمەکانی تری بەختیار عەلی، وەربگێڕدرێن بۆ هەر زمانێکی بیانی، پێشوازییان لێ دەکرێت و سەرنجی خوێنەران و ڕەخنەگرانی بیانی بۆ ئەدەبیاتی کوردی ڕادەکێشن. بێگومان دەبێت سەرەتا بە

پڕۆژە و بە پشتیوانیی باشی ئابووری، بە ڕێگایەکی دروست و بە قەڵەمی وەرگێڕی بەتوانا و وەرگێڕی زۆر باش بەرهەمی نووسەران وەربگێڕدرێت بۆ زمانە جیهانییەکان. تا وەرگێڕان نەبێتە پڕۆژەی بونیادی حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری، ئەدەبیاتی کوردی ناتوانێت بە پێی پێویست بناسرێت و ڕووی ڕاستەقینەی ئەدەبیاتی کوردی نیشانی دونیا بدرێت.

مەریوان هەڵەبجەیی: نەتگوت گرنگیی ئەدەبیاتی بەختیار و شێرزاد لەچیدایە و بۆ پێتوایە دەتوانن بەجیهانی ببن و تایبەتمەندییەکانیان چییە؟

دەرویشیان: شێرزاد حەسەن نەک هەر نووسەرێکی گەورەیە، بەڵکو ڕۆشنبیرێکی گەورەشە. خەباتی بەردەوامی بۆ مافی ژنان و چالاکییەکانی لە بواری پەروەردەدا ئەوە دەسەلمێنێت. بە پڕۆژە کار دەکات و ئەندێشەی قووڵی هەیە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنگەر و زیندوو. باش دەزانێت سیستەمی پەروەردە و ناوەندی خێزان تەنیا پەروەردەی ئازاد و ڕۆشنگەر دەتوانێت وەڵامدەرەوەی پێوستییەکانی بێت. چەند ساڵێک لەمەوپێش دوو وتاری شێرزاد حەسەنت وەرگێڕا بۆ فارسی (شەرەف لە نێوان خێڵ و حیزبدا - وەڵامێکی تازە بۆ پرسیارێکی کۆن - ١٩٩٨) لەبەر سانسۆر هیچ بڵاوکراوەیەک ئامادە نەبوو بڵاوی بکاتەوە.

گۆڤاری فصل زنان (وەرزی ژنان، گۆڤارێکی فیمینیستی) وتاری شەرەف لەنێوان خێڵ و حیزبدای بڵاوکردەوە و دواتر حکومەت دایخست. لەوکاتەوە هەستم بەوە کرد دونیابینی و ڕوانینێکی قووڵی هەیە و نووسەرێکە خاوەن بەرپرسیارێتی. ڕەخنەگرە بەرامبەر بە کۆمەڵگاکەی و دەسەڵاتی ڕەهای ئاین و باوکسالاری. ڕەخنەی جددی حەسار و سەگەکانی باوکم لە ئاین و کۆمەڵگە و دەسەڵاتی ڕەهای حیزب و حکومەت، ڕەخنەیەکی بونیادی و کاریگەرە. باوکی ناو حەسار، باوکی ئاینی و ئیستیبدادی نادادپەروەری دەسەڵاتی سیاسییە. ڕەخنەی توندی ئەم ڕۆمانە لە باوک سمبولێکە و گشتگیرە بەرامبەر هەموو دەسەڵاتێکی ڕەها. لە وتاری (وەڵامێکی تازە بۆ پرسیارێکی کۆن) لە کۆنگرەی نووسەرانی جیهانیدا (١٩٩٧ فینلاند) ڕەخنە لە دابونەریت و عورفی کۆمەڵگەیەکی داخراو و دواکەوتوو لەژێر سایەی دەسەڵاتی دینیدا دەگرێت. هەمان پڕۆژە لە حەساردا بە شێوازێکی هونەرییانە و بە کارەکتەرسازییەکی زۆر بەهێز کاری لەسەر دەکات و شاکارێکی ئەدەبی دەخولقێنێت.

حەسار ڕۆمانێکی بەتەواوی مانا تابووشکێنە و لەسەر چەند ئاستێک کاری کردووە. دەمەوێت لە ئایندەدا

رەخنەیەکی ورد دەربارەی ئەم رۆمانە بنووسم. دیارە ڕەخنەگرانی گەورەی ئێران زۆریان لەبارەوە نووسی و ستایشی زۆریان کرد. سەرەڕای ئەو سانسۆرە زۆرەشی کرابوو. چیرۆکی ئیزرائیل و کەڵەکوڕان و ئاسکەکچان و نۆقڵێتی کودەتای کەرووشکەکان لە جوانترین چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەنن و پێویستیان بە رەخنە و ڕامان و نووسینی زۆر هەیە. دیارە بەگشتی هەموو چیرۆکەکانی کتێبی "گەڕەکی داهۆڵەکان"م زۆر بەلاوە پەسەند و سەرنجڕاکێش و سەرکەوتوون.

خودی چیرۆکی گەڕەکی داهۆڵەکان، زۆر بەوردی کاری لەسەر ژیانی ئەو منداڵ و مێرمنداڵانە کردووە کە لە دۆخێکی نالەبار و نابەرابەردا دەژین و ڕووبەڕووی چ ستەمێک دەبنەوە. دیارە ئەم چیرۆکە وەک زۆربەی چیرۆکەکانی تری، زۆر وردەکاریی ڕەمزی و نیشانەی تێدایە و دەکرێت خوێندنەوەی سیمۆلۆژی و تەنانەت کۆمەڵناسی و دەروونناسییان بۆ بکرێت. کەڵەکوڕان و ئاسکەکچان ڕەخنەیەکی بونیادی و جدییە بەرامبەر بە ئاین و پەروەردەیەکی نادروست. ئیزرائیل کارکردنێکی تایبەتە لەسەر دەسەڵاتی ستەمکاری و ئەو باوکە وەک زۆر بەرهەمی تری باوکێکی ڕەمزییە و لەڕێگای ئەوەوە لە هەموو موقەدەسەکان دەدات. کودەتای کەرووشکەکان نیشانە و ڕەفتار و زەمینەی دروستبوون و لەناوچوونی دیکتاتۆر و دامودەزگاکانیان دەخاتەڕوو.

شێرزاد حەسەن ئەزموونی ژیانی و راستگۆبوون و جەسارەت و سەرکەشی، بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە مرۆڤ و بەتایبەت کۆمەڵگەکەی وای کردووە نووسەرێکی سەرکەوتوو بێت و بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن و وردبوونەوە لە کۆمەڵگەی کوردی و کێشەکانی بیخوێنیتەوە و قسەی لەسەر بکەیت. زۆر باش کار لەسەر ئاگایی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و ئاست و روانینی تاکەکانی و قەیرانەکانی دەکات. لە هەموو ئەو جەمسەرە گەورانەی داوە کە دەتوانن هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵگە و کێشەکانی بن.

لە ئاینەوە بۆ نەریت و پیاوسالاری و پرسی ژنان و هەژاریی کۆمەڵگە و نابەرابەرییەکان. ئەمانە وایان کردووە بڵێم شێرزاد حەسەن ئەدەبیاتێکی گەورەی هەیە و لە نموونەی ئەو نووسەرانەیە کە بۆ من جێگای ڕێز و ستایشێکی زۆرە. لەو نووسەرانەیە کە بەداخەوە لەم رۆژگارە و لەم ناوچەیەی ئێمەدا نموونەیان زۆر کەمە. هەوڵ دەدەم لە ئایندەدا بە پرۆژە و بە وردی دەربارەی بەرهەمەکانی بنووسم. بەداخەوە بەهۆی سانسۆرەوە لە ئێراندا تەنیا حەسار چاپ کرا و ئەویش دواتر قەدەغەکرا و کۆکرایەوە. هیوادارم رۆژێک بێت بتوانی هەموو بەرهەمەکانی بە فارسی بڵاوبکەیتەوە.

وتوویژ لە گەڵ عەلی ئەشرەف دەرویشیان

و: مستەفا زاهیدی

پرسیار: چۆن بوو بوویت بە نووسەر؟

وەڵام: **بە ڕێکەوت، ساڵی سێ ناوەندی بووم، داڕشتێکم نووسی کە زۆر پێشوازی لێکرا، ئەمە بوو بە بەستێنێ بۆ ئەوە پەی بە توانای خۆم ببەم لە نووسیندا. بەڵام تا تەمەنی ٣٠ ساڵی هیچ شتێکم بڵاو نەکردەوە. لە زانکۆ بە هۆی ئاشنایەتی لە گەڵ جەلال ئال ئەحمەد، دوکتور ئەمیر حسێن ئاریانپوور و دواتر باقر مومنی و بە ئازین و... نووسین بوو بە کارێکی جیدی بووم. بە تایبەت جەلال ئال ئەحمەد و خاتوو سیمین دانشوەر زۆریان هاندام بەوەی کە بنوسم. هەڵبەت من هەموو ئەمانە بە ڕووداو و هەڵکەوت دەزانم.**

پرسیار: شێوەی کار کردنتان چۆنە؟ هەموو ڕۆژێک دەنوسی یان چاوەڕوانی ئیلهام دەبیت؟

وەڵام: **من هەموو ڕۆژێک دەنووسم. هیچ کات چاوەڕوانی ئیلهام نابم. کاری بەردەوامی ڕۆژانە. من هیچ کارێکم نیە جگە لە خوێندنەوەو ئەوموون کرنی ژیان و نووسین. سەبارەت بە ئیلهام دواتر رای خۆمت پێ دەڵێم.**

پرسیار: ئاخۆ بەر لە نووسین فۆرم دیاری دەکەی بۆ نووسینەکەت؟

وەڵام: بەر لە نووسین بیر لەو بابەتە دەکەمەوە کە سەرنجی منی بۆ لای خۆی راکێشاوە. تا رادەیەک شێوەو فۆرمەکەی دیاری دەکەم دواتر دەست دەکەم بە نووسین. ئەم بیرکردنەوە لە بابەت رەنگە بۆ یەک مانگ میشکم داگیر بکات.

پرسیار: نووسەران و شاعیران زۆرتر دەقتەرێکیان پێیە بۆ نۆت هەڵگرتن، ئێوە چی؟

وەڵام: بەڵێ بوونی دەفتەری نۆت بە یەکێ لە کەرەسە سەرەکیەکانی کاری نووسین دەزانم؟ بریا باب و دایکێکم هەبا کە هەر لە سەردەمی منالێیەوە ناچاریان کردبام کە رووداوەکانی ژیانی رۆژانەم بنووسمەوە. ئەمە پاشکەوت و سەرمایەیەکی گەورەیە بۆ داهاتووی مرۆڤێک، چ ببێ بە نووسەر یان نەبێت. داواتان لێدەکەم بەر لەوەی حیسابی بانکی بۆ منالەکانتان بکەنەوە دەفتەرێکی بۆ بکڕن بۆ ئەوەی رووداوەکانی رۆژانەی تێدا بنووسێت. گفتتان پێ دەدەم زۆر بە سوودە بۆی.

پرسیار: تا چەن بە نووسراوەکانتاندا دەچنەوە؟

وەڵام: زۆرجار بە نووسراوەکانما دەچمەوەو سەر لەنوێ دەیاننوسمەوە. یازدە کەرەت بە رۆمانی چوار بەرگی"سالە هەورییەکاندا" چوومەوەو نوسیمەوە.

پرسیار: ئاخۆ رەخنە لە بەرهەمەکانی خۆت دەگری؟

وەڵام: رەخنەو لێکدانەوەی بەردەوامی بەرهەمەکان کارێکی گرینگە و من زۆر جار ئەم کارە دەکەم.

پرسیار: راتان چییە دەربارەی دەست پێکی چیرۆک یان رۆمان؟

وەڵام: ئەو پەرەگرافەی کە دەست پێکی رۆمان یان چیرۆکە زۆر گرینگە. سەرەتای چیرۆک بە زۆری دەتوانێ سەرەنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رابکێشێ یان ناچاری بکات کتێبەکە بخاتە لاوە. رۆمانی "سالە هەورییەکان"یش

سەرەتاکەی بەم شێوەیە. (قیژە قیژی دایکم ژوورەکەی دا گرتوە)

پرسیار: ئایا باست لە دۆخێک کردوە لە چیرۆکدا کە ئەزموونێکی دروستت لەو دۆخە نەبێت؟

وەڵام: من ناتوانم جگە لە ئەزموونەکانم هیچ شتێکیتر بنووسم. رەنگە بتوانم دروێنە کردنی وەرزێرێ ببینم و سەبارەت بەو زەحمەت و ئەرکانەی دەیکێشێ بنووسم. بەڵام ئەگەر خۆم داس بگرم بە دەسەوەو کار بکەم باشتر دەتوانم بنووسم.

پرسیار: کە وایە بەشێکی زۆر لە نووسراوەکانتان بەرهەمی ئەزموونی تاکەکەسین؟

وەڵام: بەڵێ. لە سەدا ٩٩ی نووسراوەکانم

پرسیار: ئایا نوسەر پێویستی بە ئیلهام هەیە؟

وەڵام: ئیلهام مانای "دەرکەوتن" و "کەوتنە دڵەوە" دەدات. بەرامبەرە ئینگلیزییەکەی inspiration یە. لە دەرونشیکاریدا، سەرچاوەی سەرەکی ئیلهام نەستە و کە تایبەتە بە باسی بیرەوەرییە زەینییەکان. واتە هەمان ئەو باسەی کە "سوورئالیستەکان" زۆر جەختی لە سەر دەکەنەوە. ئەوان لە سەر ئەو باوەڕەن کە نەستی هونەرمەند، هەندێ جار بە بێ ئەوەی لە لایەن عەقڵەوە فەرمانی پێبدرێ، دەست دەداتە دەربڕینی ئەو شتەی کە لە خۆیدا هەڵی گرتووە و ئەم شتەی کە لە زەیندا هەڵگیراوە، بە شێوەی ئیلهام و بە بیر هێنانەوە، سەرچاوەی داهێنانی هونەرییە. سوورئالیستەکان ئیلهام بە جۆرێ تەقینەوەی کوتووپڕی رۆح و گۆڕانی دەروونی پێناسە دەکن کە لە پانتای زماندا دەردەکەوێ. ئەوان لایەنەکانی چەمکی "نائاگا" و "نیوە نائاگا" یان تا رادەیەکی زۆر کەم کردەوەو رووبان هێنایە پانتای زانینی شاعیرانە. بەڵام ماتریالیستەکان بەستێنی مادی و دیاردەیەکی زەینی و بیر کردنەوە بە پێی ئەو دیاردە زەینییە بە ئیلهام دەزانن. دەروونناسی و رەخنەی نوێی ئەدەبی ئیلهامی هونەری وەک دیاردەیەکی دەروونی لە هونەرمەندا دا پێناسە دەکات و روانگەی بان سروشتی قبووڵ نییە. من باوەڕم بە ئیلهام وەرگرتن لە جیهانی مادی و زەمینی و خەڵکی هەیە و هەر دەم پێویستم بەم چەشنە ئیلهامە بووە.

پرسیار: ئێوە چ شێوەیەک دەبەنە کار بۆ ئەوەی کەسێتیەکەی راستەقینە بکەن بە کەسێتییەکی ناو چیرۆک؟

وەڵام: پێم خۆش نییە هیچ ئەرکێک بۆ هونەرمەند و نووسەر دیاری بکەم. یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی زۆر رووڕوونی هونەر، لایەنی جۆراو جۆر بوون و فرە چەشنییەتی. ئەگەر وا نەبێت هەموو بەرهەمە هونەرییەکان وەک یەک دەبن. ئەم پۆلین بەندییانە هەڵەیە. هونەرمەند دەتوانێ لە ژیانیدا بە پێی دۆخ، باری رۆحی، هاندەر و ئەو رووداوانەی رووبە ڕوویان دەبێتەوە دەست بداتە خولقاندنی بەرهەمی هونەری جیاواز و نەناسراو. ئەوەی کە پێ بەند بیت بە سنوور و ڕیز پەڕەکن لە هونەردا دروووست نییە.

پرسیار: لە بەرهەمەکانتاندا خۆتان بە قەرزداری واقیعی دەردکی دەزانن؟

وەڵام: بۆ وێنە "بی بی" لە "ساڵە هەورییەکان" بێنەوە بیری خۆتان. رەنگە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی دەربارەی بی بی هێناومە راست نەبیت بەڵام من بە درێژایی ژیانم زۆر پیرە ژنی کرماشانیم چ لە گوند و چ لە شاردا دیوە. کە وایە بۆ ئەوەی بی بی لە لای خوێنەر وەر بگیردرێ، بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بە نزیکایەتی بکات لە گەڵی رەفتار و خوو و خەدەی ئەو تەمەنەم لەو دەورەیەدا بۆ پێرسۆناژەکان بە قەرز وەرگرتووە بۆ ئەوەی کەسێتی بی بی لێ دروووست بکەم. واتە کارەکتەرێک دروست بکەم کە خەڵک وەری بگرن.

پرسیار: لەکارەکتەری ناو چیرۆکەکانتدا کام کارەکتەر بە کەسێتی خۆتانەوە نزیکە یان لە کەسێتی خۆتانەوە وەرگیراوە؟

وەڵام: زۆریان. لە "ئابشووران"، "لەم ویلایەتەوە" و لە زۆر چیرۆکیتردا خۆم بوونم هەیە. شەریفی "ساڵە هەورییەکان" خۆمم.

پرسیار: لە کاتی نووسیندا تا چ رادیەک پرسە تەکنیکییەکانی چیرۆک لە بەرچاو دەگری؟

وەڵام: راستت دەوێ دەربارەی تکنیک و شێوەی چیرۆک نووسین دەکرێ بڵێم کتێبی نییە نەمخوێندبێتەوە، بەڵام

کاتێک کە دەنووسم نوسین خۆی ڕێگای خۆی بە من نیشان دەدات و لەو ساتەدا لە بیری ئەوەدا نیم کە فلانە تکنیک بە کار بهێنم. نازانم زۆربازێک لە کاتی زۆران بازی دا بیر لەوە دەکاتەوە ئەو ساتە بەرامبەرەکەی "فتێڵە پێچ" بکات یان " سەگەک ببەستێ"؟ یان ئەوەی بێ پێی جووڵەو حەرەکەتی پێش بینی نەکراوی بەرامبەر دەجووڵێتەوە. لە هونەریشدا لام وایە پرسەکە هەر بەم شێوەیە. تۆ و بابەتەکەت. جووڵە و پەرچەکرداری بابەتە کە ناچارت دەکات فلانە تکنیک بە کار بینێ.

پرسیار: نووسەر بۆ خۆی دەنووسێت؟

وەڵام: هەمدیسان دەڵێمەوە کە هونەرمەند، شاعیر و نووسەر ئازادە لەوەی بۆ دڵی خۆی کار بکات و بنوسێت. بەڵام من ئەو شتانە دەنووسمەوە کە لە جیهانی دەوروبەرمدا دەمخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوەو مەبەستم وشیار کردنەوەی خوێنەرە بە رووداوەکانی دەوروبەری. ئانتوان چێخۆف وتەنی، چێخۆف یەکێک لەو نووسەرانەیە کە زۆرم خۆش دەوێ:(هەموو ئەو شتەی دەمویست ئەوە بوو کە بێ درۆ بە خەڵکی بڵێم) "چاو لە خۆتان بکەن. تەماشا بکەن چەن ژیانێکی خراپ و تاڵتان هەیە" ئەمە گرینگترین شتە کە خەڵک دەبێ بزانن. ئەو کاتە بە دڕووستی بەم شتەیان زانی و لێی تێگەیشتن بێگومان ژیانێکی نوێ و باشتر دەخولقێنن... مرۆڤ ئەو کاتە باشتر دەبێت کە بەو شێوەی کە هەیە نیشانی خۆی بدەینەوە.)

پرسیار: بۆ چی دەنووسیت؟

وەڵام: بۆ ئەوەی کاریگەریەکی هەر چەن کەمم لە سەر جیهانی دەوروبەری خۆم هەبێت.

پرسیار: تا چەن باوەڕت بە داهێنان هەیە لە ئەدەبیاتدا.

وەڵام: باوەڕم بە داهێنان هەیە لە ئەدەبیاتدا بەڵام نەک بەو ڕادەیەی خەڵک لە ئەدەبیات بێزار بکات. هەندێ کەس دەڵێن ئێمە بۆ دڵی خۆمان دەنووسین. ئەمە درۆیەکی ترسنۆکانەیە، ئەگەر بۆ دڵی خۆت دەنووسی کە وایە لە سووچی ژوورەکەت داینێ. بۆ بڵاوی دەکەیتەوە؟ بڵاوی دەکەیتەوە کە خەڵک بیخوێننەوەو بزانن تۆ چۆن هەست بە جیهان دەکەی.

پرسیار: ڕاتان چییە دەربارەی کۆمەڵگای نووسەران لە وڵاتی خۆماندا؟

وەڵام: نووسەرانی ئێران بە تایبەت لەم دەورەیەدا ڕووبەڕووی زۆر کێشە و گرفت دەبنەوە بەڵام هەر درێژە بە هەوڵی خۆیان دەدەن لە باری داهێنانی جۆرازجۆرەوە.

پرسیار: کام یەک لە نووسەرانی ئێرانی یان بیانی کاریگەرییان بوە لە سەرت؟

وەڵام: لە ماوەی ژیانمدا زۆر نووسەرم ئەزموون کردوە. لە ژێر کاریگەرییاندا بووم و دواتر هەوڵمدا لە سەر پێی خۆم ڕاوەستم و ڕێچکەی خۆم بدۆزمەوە. لە پەراوێز نووسانی بڵاو کراوەکانی ڕابردووەوە بگرە تا دەگاتە نووسەرانێکی پێشەنگ وەک جەماڵزادە، هیدایەت، چووبەک، عەلەوی و هتد.

پرسیار: لاتان وایە چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان کەسێکی نووسەر و خەڵکانی عاددی دا؟

وەڵام: هیچ جیاوازییەک نییە. جگە لەوەی ڕەوتی ژیان ئەوانی بەرەو نووسین بردوە. زۆریان خوێندوەتەوە. ساردی و گەرمی ڕۆژگاریان چێشتووە و بە ڕۆحێکی هەستیار و حەساسەوە نەیانتوانیوە لە بەرامبەر زڵم و زۆر دا بێدەنگە بکەن.

پرسیار: داهاتووی ڕۆمان و کورتە چیرۆک لە ئێران چۆن دەبینی؟

وەڵام: بە هەموو ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕوویان دەبینەوە، لە گەڵ ئەوەی پێشوازی لە کتێب ناکرێ، بە لێکدانەوە سانسۆردا و بە سەختی ئیزن دان بە بڵاو بوونەوەی کتێبەکان، بە گرانی و بێکاری و هەزار و یەک کێشەی تر کە هەیە، داهاتووی کتێب داهاتوویەکی ڕوون نییە و بە پێچەوانەوە نائومێد کەرە.

پرسیار: لە نووسیندا تا چەن کەڵک لە دەروونناسی وەردەگری؟

وەڵام: من لە زانکۆی تاراندا ماستەری دەروونناسی فیرکردن و لە کالیجی مامۆستایەتیشدا ماستەری راوێژکاریم خوێندوەو بە دڵنیاییەوە ئەم خوێندنانە کاریگەرییان دەبێ لە سەر کارەکانم.

پرسیار: نووسەرێک تا چەن دەبێ بیەرژێتە سەر کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەردەمی خۆی؟

وەڵام: نووسەر وەک ئەندامێک لە ئەندامەکانی کۆمەڵگا ناتوانێ بە دەر بێت لە هەموو ئازار و رەنج و مەینەتی و خەباتەکانی نەتەوەکەی خۆی.

پرسیار: جیاوازی چییە لە نێوان نووسراوە بازاڕی و نووسراوە جیدییەکاندا؟

وەڵام: جیازای نێوان فیلمی "گەنجی قاروون" و فیلمی "گا"ی میهرجوویی لە چیدایە؟ جیاوازی فیلمی "دە پیاوی خراپ" لە گەڵا "حەوت سامۆرایی" بەرهەمی "کوروساوا"یان فیلمی "ئەم تاقمە تووڕەیە"ی سام پکین لە چیدایە؟ هونەری بازاڕی زەوق بینینی جوانیناسی لە مرۆڤدا دەکوژێ و لە دەیمرێنێ، هەر بۆیە بوونەوەرێکی سووک و بە دەر لە جوانییەکانی جیهان لە دایک دەبێ و هونەری پێشەنگ و بە هێز، مرۆڤ بەرەو گەورەیی و پلەی بەرز دەبات.

پرسیار: ئەرکی رەخنەگر بە چی دەزانی؟

وەڵام: بە بێ هیچ رق و دوژمنی یان دۆستایەتییەک رەخنە لە بەرهەمەکە بگرێ، رێنوێنی هونەرمەند بکات بەرەو باش بوون.

پرسیار: هەڵوێستت لەرامبەر بە رەخنەی تۆند لە بەرهەمەکانت چییە؟ رات چییە دەربارەیان؟

وەڵام: لە بەرامبەریاندا بێدەنگەم کردوە. تا ئەو ئاستەی لە توانامدا بوو دانیشتم و خوێندمەوەو نووسیم. تا ئاستی ماندوو بوونی خۆم خوێندمەوە. نووسیم و فێر بووم هێشتا پێویستە فێر بم. بە زۆری لەو رەخنانەدا، لۆمەیان دەکردم کە تێکنیکەکانی چیرۆکنووسین لە بەرچاو ناگرم و بە راستی یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی کاری

من ئەوەیە کە نامەوێ شێوەی کاری دیتران دووپات بکەمەوە هیچ شێوازێکی دیاریکراو لە ناپارێزم و ئەوەی پێم خۆش بێت دەیڵێم.

پرسیار: ئایا شێواز و یاسایەک هەیە کە بکرێ بە لە بەرچاو گرتنیان ببی بە نووسەرێکی باش؟

وەڵام: سامرست موام دەڵێ:" یەک لە سەدی نووسین توانایی و حەزەو نەودو نۆ لە سەدی نوسین هەوڵ و کۆششە" منیش لە سەر ئەو باوەڕەم.

پرسیار: لە ئێستادا چی دەنووسیت؟

وەڵام: لە ئێستادا خەریکم لە سەر دابو نەریتی خەڵکی کرماشان کار دەکەم. هەروەها خەریکم "بیرەوەرییەکانی سەفەر خان"یش تەواو دەکەم. کۆمەڵە چیرۆکێکیشم هەیە کە هێشتا ناوم لێ نەناوە.

پرسیار: هیچ وتەیەکت هەیە بۆ نووسەرانی تازە کار؟

وەڵام: داوایان لێ دەکەم دەفتەرێکی بیرەوەریان هەبێت. لە هەر هەلێ کەڵک وەربگرن بۆ خوێندنەوەی کتێبە باشەکان. لە ناو کۆمەڵگا و خەڵکدا بن بۆ ئەوەی هەر دەم بەرهەمەکانیان تازە بێت. کە من "سالە هەورییەکان"م تەواو کرد ٣ کارتۆن یادداشت و نووسینم هەبوو کە بە پێی ئەوانە رۆمانە ٢٤٠٠ لاپەڕەییەکەم نووسی. گرینگتر لە هەمووان عەشق و هۆگری بە کارە کە ئەگەر مرۆڤ ئەم شتەی نەبێت بە هیچ کوێ ناگات.

پرسیار: سپاست دەکەم لەوەی کە وەڵامی پرسیارەکانت دامەوە.

وەڵام: منیش سپاسی هەوڵ و زەحمەتەکانی ئێوە دەکەم. سەرکەوتوو بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

دیمانە گەڵ عەلی ئەشرەف دەرویشیان چیرۆک نووس، نووسەر و پسپۆڕی ئەدەبی فولکلۆری ئێران

هەڤپەیڤین: عادڵ محەمەدپوور

دەرویشیان:

"مەجبووریە کە ئینسان فارسی نووسێ، ئەگەر توانستام کوردی نووسام. کوورە توانستم کە کرماشان چاپخانەی کوردی نەیاشت، کوورە چاپخانە پەیا بکەم یا حرووف چینی کوردی، لە تەرەفێتر ئەلان «یاشار کەمال» کوردە وەلێ تورکی نووسێ، «احمد محمود» بە هەرحاڵ نژادەن کوردە وەلێ بە فارسی نووسێ... "

عادڵ محەمەدپوور: *وێڕای ڕێز و حورمەت بۆ مامۆستای بەڕێز عەلی ئەشرەف دەرویشیان حەز ئەکەین سەرەتا لە خۆتەوە دەست پێبکەین، ئێستا خەریکی چ کارێکی ئەدەبی و فەرهنگیت؟ بەرهەمی تازەتان چیە؟ وەزعی کانوونی نووسەرانی ئێران لە چ ئاستێک دایە؟*

دەرویشیان: من بیچک ئێوە عەلی ئەشرەف دەرویشیان سال (۱۳۲۰ک.ه) وە دونیا هاتمە وە کرماشان، خۆب سەرگۆزشتی داشتمە بە هەر حاڵ دانش سەرای مۆقەدەماتی کرماشان، بەعد دانشگاە تاران و دانشسەرای عالی خوێندمە بەعدیش زیندان و مەسائل ئی جووڕە، بەعد ئەز ساڵ (۵۷) لە ماڵ نیشتمە وە کارەیلە فولکلۆرو فەرهەنگ و ئەو چشتەیلە کە عەلاقە داشتمە دەر مەورد فەرهەنگ کوردی و چیرۆک یلەی نووسامە، ڕۆمان، یانە

گەشت، لە ناو ئی کارانە گشت عەلاقە و عەشق منە وە زوانی کوردی و مەردم کورد کاملّەن دیارە. ئەوەختە سۆئالّی تر کە من کارە یلە جەدیدەم چەس، من جەدیدەن ئی کارەی کە ئەوەلّ دەفەس لە ناو ئێران ئی کارە ئەنجام ئەویّت یەک کۆمەلّەچیرۆکیک لە نووسەرەیل کوردستان فەراهەم کردمە کە یانە وەرگێڕامە وە فارسی دەر حدوود(۲۵) نویسەندەی کوردن ئەزقەبیل "رئوف بێگەرد، شێرزاد حەسەن، حەمە فەرێق حەسەن، حەسەن قزلّ جی، فەرهاد پیربالّ" یانە جەم کردمە (۲۵) دانە بین کە تەرجەمەی کردەمە وە فارسی کە ئومیدوارم چاپ بێت. و یەک موقەدەمەی موفەسەلێک دەر مەوردی ئەدبیات و هونەر کوردی وموعەرەفی ئی نویسەندەیلە کە ئومیدەوارم ئەمسالّ چاپ بێت. کاری جەدیدم لە ناو نومایشگاە ئەمسالّ هەس یادمان "سەمەدبێهرەنگی" و بەعدیش یەک سری کار من کردمە وە گەرد "ڕەزا خەندان مەهابادی" کە دەر مەورد فەرهەنگ (افسانەهای مردم ایران) کە یش پەنج جەلّدە و لە ناو چشت دەرهاتیە بە هەر حالّ کارەیلە وەی سورەتە کەم و بیش مەشغوولّم.

عادلّ محەمەدپوور: بەشێک تر لە پرسیارەکەم ئەوە بوو: ئێستا وەزعی کانوون لە چ ئاستێکدایە؟

دەرویشیان: کانوون نویسەندەگان ئێران - خوب در این سالّەیلە ئەخیر لەتەمات فرەی دییە. ئەفراد واقعەن فرە خاس و بەرجەستە وەک: "محمد جعفر پوینده"، "محمد مختاری" بەو سوورەتە لە دەست چوونە، بەعد "احمد میرعلایی"، "غفارحسینی"، یانە لەتەمات فرەی دییە، ئەلان کانوون عومدەی فەعالیەتی وەبان فەعالیەت "سنفی و فەرهەنگی" یە. ئێمە ئەغلّەب توانستنە ئەنگ سیاسی بیەن و لەی بابەتە نابوودمان بکەن، ئەما ئێمە تەئکید کردیمە کە کانوون یەک مەرکەز سنفی فەرهەنگیە. مەنشوور ئێمە بیشترین تەئکیدی لە بان یەسە کە تەرەفداری لە ئازادی ئەندیشە و بەیان و مخالفەت شەدید وە گەرد سانسور، یە دوومادەی عومدەی مەنشوور کانوون نویسەندەگان ئێرانە. ئەساسنامەی ئیمە، چەن مانگێکە کە دایمەسە "ئیرشاد" و ئیرشاد دایەسە "ئیتلاعات" کە ئیستعلام بکات دەر مەورد ئەفراد کانوون. کاری کانوون مەنیە، تا ئیسە جواو نیانە. ئەگەر ئی جواو بسەنیم باد مەحەلێ ئەڕای کانوون داشتیمە، ئیمە مەحەلی نیەرم ئی وەسایلمان ئەورە دابنیمە و بەعد فەعالیەتەیلە فەرهەنگیمان شرۆع بکەیمن، ئی مەکانە ئەلان نیەرم دەر حالیکە ئەلان فرەتر لە (۲۵۰) نەفەر عوزو دیریمن. بەهەرحالّ هەر مانگ جەلەسەیلە مەشوەرەتی بەرقەرار ئەکەیمن ناو مالّەیلە ئەعزا فیّعلەن بە دەلیل نە داشتن "مجوز" نیەتوانین فەعالیەت عەلەنی بکەیمن.

عادلّ محەمەدپوور: "عەلی ئەشرەف" ی کوردی فارسی نووس چ زانیاریەکی لە کەلتوور و ئەدەبی کوردیەوە هەیە؟

دەرویشیان: وەلا یە مەجبووریە کە ئینسان فارسی نووسێ، ئەگەر توانستام کوردی نووسام. کووڕە توانستم کە کرماشان چاپخانەی کوردی نەیاشت، کووڕە چاپخانە پەیا بکەم یا حرووف چینی کوردی، لە تەرەفێ تر ئەلان "یاشار کەمالْ" کوردە وەلێ تورکی نووسێ، "احمد محمود" بە هەرحالْ نژادەن کوردە وەلێ بە فارسی نووسی.

عادل محەمەدپوور: مامۆستا، مەبەستمان ڕەخنە لە کەسایەتی جەنابت نەبوو، تەنیا مەبەستم دەرخستنی ڕادەی زانییاری ئێوە لە بارەی فەرهەنگ و زمانی کوردی بوو.

دەرویشیان: من تا ئەو حەدە کە نەشریات کوردی وە دەسم بڕەسێ، خۆب دوست دێرم موتالەعە بکەم وە کومەک دوستەیلە کە کوردی سۆرانی زانن وەگەردیان مەشوەرەت بکەم و دەر این مەورد ئیتلاعات کەسب بکەم، خەیلێکیش عەلاقە دیرم کە هەرچە کتاو کوردیە تەهیە بکەم و موتالەعە بکەم، نەهایەت عەلاقەی من هەر ئەو کتاوە: " ئەفسانەها و مەتەڵهای کوردی بەعد گەمە و بازی یەلە کوردی جەماوەری کردمە. یا کتاو دیرم دەر بارەی عەقاید و رسووم مردم کرماشان کە نزیکە وە کوردی. یەکسەد متر وە کرماشان ئەو لاتر بچن تواو دیهاتەکانی کوردن. ئیمە گشت خۆمان کورد بینە هاتینەسە ناو کرماشان، مونتەها دەوڵەتەیلە مەرکەزی تواستنە وە زوور زوان کوردی وە فارسی کەن کە بتوانن سیاسەتەیلە خۆیان عەمەلی بکەن و یە زبانە قەدەغەن بیە. من باوکم کورد بی و دانگم کرماشانی بی، وەلێ دانگم وەتیە فارسی قسە بکەن و باوکم وەتیە باد کوردی قسە بکەن، دایمەن مرافعە بیە بان ئییە. ئەو وەتیە ئەگەر بچن مەدرەسە نیەتوانن فارسی قسسە بکەن. دەوڵەت مەرکەزی تەئکید داشت کە ئیمە باد فارسی بخوونین، منیچ وەختێ شرووع کردم کە چشت بنووسم، ناچار بیم فارسی بنووسم چوون موسەللەت بیم.

عادل محەمەدپوور: وەک ئەزانین بەشێکی هەرە زۆری کولتووری کوردی زارەکییە و هێشتا بەتەواوەتی کۆ نەکراوەتەوە، ئەیشزانین یەکێک لەو کەسانەی هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەم مەبەستە ئێوەن، لە چاو ئەدەبی زارەکیمان ئەدەبی پەخشانمان - هونەری چیرۆک نووسی، ڕۆمان - لاوازە، بە ڕای ئێوە، چی بکەین کە ئەم کەلێنە پڕ بکەینەوە و فۆرمی ئەدەبی پەخشان گەشە بکات؟

دەرویشیان: من دەر مەورد ئی چیرۆکەیلە کوردی کە بە فارسی تەرجمە کردمە وەی نەتیجە ڕەسیمە کە نویسەندەیلە جەدید کوردی ئاشنایی وە ئەدەبیات جەهانی نەیرن، فرەیک وە ئاسار جەهانی وە زوان کوردی

تەرجەمە نەبیە وە ئەدەب کوردی ناشناختە مایە ئەو ئاسارەیلە کوردی تەرجەمە بیە وە فارسی گرتنە، فەرز " دن ارام" یە موتەرجم لە ڕووسی یا فەرانسەوی تەرجەمە کردنەسە فارسی، ئەو کوردە هاتیەسە وە فارسیەکەی تەرجەمە کردیەسە کوردی. یانێ ئیمە زوان بیانە فیر نین وە فەرهەنگ داستان نویسی جەهانی ئاشنانین، بایەد یە جوبران بوود، بایەد زوان یاد گرن کە بتوونن تەرجەمە بکەن، وەگەرد نویسەندەیلە جەهان داد و ستەد بکەن، بتوانن فەهەنگە خۆیان مونتەقل بکەن. ئەلان فەهەنگ کوردی هیچی کەمتر وە فەرهەنگ ئامریکای لاتین نیەکە ئەمسالّ وەکوو "مارکێز" و ئەو چشتەیلە وە ناویان هەڵسانە. وە قەول خۆت ئی گشتە فەرهەنگە شەفاهی و ئەفسانەیلە جەماوەری نەکردیمن باد جەماوەری بوون، باد ئی نویسەندەیلە یەک زەبت سەوت بگرن وە داد یانە بڕەسن، یە پیرە زەنەیل و پیرە مەردەیل...

عادڵ محەمەدپوور: لێرەدا پرسیارێک دێتە نێو باسەکەمانەوە، بە ڕای ئێوە هۆی چی بوە کە ئێمە تا ئێستا بە قەولی خۆتان ئێمە نووسەری جیهانیمان نەبوە یان نووسەرانمان ئاشنای دەستمایەی ئەدەبی جیهانی نین. ئایا کەمتەر خەمی لە لایەن خودی نووسەرانەوەیە یان هۆکاری تری هەیە؟

دەرویشیان: نە، عامل ئەسڵی یە بیە کە کورد ئاسایش نەیاشتیە، دایم جەنگ و موبارزە و کوشتن ئەو ئەفراد بەرجەستە کورد بیە کە گشت نابوود بینە، یان یانە نوا کەفتنە، ئایەمەیلە فەڕهیختە بوونە تڕۆر بینە، کوشتنیانە، یانە لەتمەس دی، مەگەر کورد چەنێ چەمعیەت دیری؟ جەمعیەت کورد بەین ٢٠ تا ٣٠ میلیون تەخمین دەن کە ئیشن هەس، خۆب لەناو یانە چەن ئایەمەیلە فەڕهیختە تانن هەڵکەفن کە بتانن چشت بنووسن و بخوونن؟ کورد ئاسایش نەیاشتیە، دایم وە کووچ و پەناهەندەگی بیە، ئی تەرەف و تەرەف پەراکەندە بیە، وە ناو ئوروپا و جەهان ئایەمەیلە بەرجەستە، پزشکەیلە عالی مەقام دیرن.

عادڵ محەمەدپوور: مامۆستا با بڕۆینە ناو جەرگەی باسی رۆژنامەنووسی کوردیەوە، بزانین لەم بوارەدا، جەنابتان تا چ ڕادە زانیاریتان هەیە؟

دەرویشیان: من ئیتلاعاتێک دیرم دەر مەقالەیک لە موقەدەمەی "کومەڵە چیرۆکەیلە کوردی" لەم بارەوە نووسامە. دەربارە فەرهەنگ و ئەدەبیات کوردی وە سابقە و قێدمەت یە، مەسەلەن: رۆژنامە نووسەیلە کورد وە لوبنان و {میسر} پەناهەندە بینە و لە ئەورەدا فەعالیەت کردنە و رۆژنامە هاورد نە سە بان دەس، ئەو مەقالە هەس

حەتمەن ئەو مەقالە موتالەعە بکەن.

عادل محەمەدپوور: *بۆ بەرگری لە پاشاگەردانی و ئاڵۆزکاری و گەیشتن بەو ئیدەئالانەی کە جەنابت ئاماژەت پێکرد کە بگەینە ڕادەیەکی بەرزی ئەدەبی نێو نەتەوەیی، ئایا لەم پێوەندییەدا هەست بە پێکهێنانی کانوونی نووسەرانی کورد ناکەی؟*

دەرویشیان: من فکر ئەکەم عێجالەتەن وەقتی ئی کارە نیە، خاسترە نویسندگان کوردلە ناو کانوون نویسەندەگان ئیران، موتەمەرکز بوون، چمان هەر ئیسە لەناو کانوونا ئەعزای کورد دیریم: عەتا نەهایی و ناسر وەحیدی عوزو کانوون نویسەندەگان ئێرانن. ئەما دەر مەورد کوردستان عێراق خووب نیو، یانە بایەد تەشکیلات خۆیان داشتۆ. دەر مەورد کوردستان ئیران، ئەلان زووە ئەڕای ئی کارە، چوون فێعلەن ئیمە ئی وەزنە نەیریمن، ئیمە ئەو ئەنازە کە نویسەندەی کورد داشتیمن ئەنگوشت شوماڕە کە لە ناو ئیران فەعالیەت بکەن.

عادل محەمەدپوور: *حەز ئەکەین بزانین ئایا "عەلی ئەشرەف" خۆی بە نووسەرێکی کورد ئەزانێ؟*

دەرویشیان: کاملەن، ئیفتخار ئەکەم کە کوردم، ئەڵبەتە ئەگەر کوردەیل من بپەزێرن وە عنوان بیچک خۆیان.

عادل محەمەدپوور: *ئێوە لە ناو کوردەکاندا هەست بە چ کەسایەکتیەک ئەکەن؟*

دەرویشیان: وەلا، نازانم، ئاخر ئایەم دەر مەورد خۆی ناتانێ چشت بیشێت، بە هەرحاڵ منیش یە بیچک ئیوەم، وەلا چشتێک نەیرم، من شەخسیەتێک گەورە نیم.

عادل محەمەدپوور: *ئێستا ئەدەبی کوردی لە ناو ئەدەبی جیهانیدا لە چ پلەیەکدایە؟*

دەرویشیان: من جەدیدەن شنەفتمە کە بەختیار عەلی ڕۆمان نویساس کە ئەم ڕۆمانە مەورد تەوجۆە قرار گرتیە، وە مەحافڵ خارجی، ڕۆمان سەبک نوێ دیری و فیلم دروووست کردنە، بەهمەن قوبادی، زمانی برای مستی اسب ها ساختیە، یانە گشتی نیشانەی یەسە کە فەرهەنگ کورد توانایی و ئیستعداد جەهانی دیری، مونتەها ئەو ئاسایش

فیکری کە بایەد داشتۆ، مللەت کورد نەیرێ، ئییەسە کە واقێعەن کەمن، وە یانەیش یەواش یەواش دێرن ئەلان زاهر ئەون.

عادڵ محەمەدپوور: دواییں وتەو پەندت بۆ ئێمە چیە؟

دەرویشیان: زرێبار موتاڵەعە کردیمە، مەجەلەی خووبێگە وە خۆشحاڵم کە مەربووت بە گشت ئەقشار میللەتە، وە زانم کە وە پیل شەخسی دەرچی، بەخاتر زەعف ماڵی مونەززەم دەرنیەچی کە یە نیەتوانێ لە ئەرزش مەجەلە کەم بکات، ئاخرین پەندم یەسە: هەر وەی جووڕە کە هەس ئنحسار تەڵەبی نەکەن، ئیجازە بیەن کە تەفەکورەیلە موختەلف لە ناو رۆژنامەکە بوون، جوانەیل بیشتر تەوەجۆە وە پێیلن بکەن. بەهەرحاڵ خەیل خووبە.

عادڵ محەمەدپوور: مامۆستا، زۆر سپاست ئەکەین بۆ بەشداریت لەم وت و ێژەدا، سەرکەوتووبیت.

دەرویشیان: سپاس بۆ ئێوەش.

* گۆڤاری زرێباری، ژمارە (١٨ - ١٧)، جۆزەردانی (١٣٨٠)ی ک.ە

و لە کتێبی دیمانە هاوینی (٩٦)، چاپ و بڵاوکراوەتەوە

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - (٤ی خەزڵوەری ١٣٩٦) ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

عەلی ئەشرەف دەرویشیان: تا کاتێک شتێکی لەو گرنگتر نەخوڵقێت کتێب هەر دەمێنێتەوە

وشە - سەلاحەدین بایزیدی

عەلی ئەشرەف دەرویشیان، نووسەر و رۆمان نووسی ناوداری کورد لەو چاوپێکەوتنەدا باس لە ژیانی ئەدەبی و نووسەری خۆی دەکات و لەبارەی ئەوەی بۆچی بە کوردی نەینووسیوە دەڵێ: *"یەکەم چیرۆکی خۆمم بەناوی "رۆژێک" بەکوردی کرماشانی نووسی، واتا زاراوەی کەڵهوورِی. بردمە لای باقر موئمینی کە یەکێکە لە رۆشنبیرە دیارەکانی کرماشان بوو، کە چیرۆکەکەمی خوێندەوە، گوتی ئەگەر بتەوێ ئەو چیرۆکە چاپ بکەی، ئەگەر بتەوێ لە کرماشان چاپی بکەی، ئەوا چاپخانەیەکی وامان نییە، پاشان هەموو خەڵکی ئێران ناتوانن سوود لەو زمانە ببینن، پێی گوتم بە فارسی بنووسم باشترە"*، هاوکات تیشک دەخاتە سەر دۆخی ئەدەبیات لە ئێران و ئەدەبی کوردی و بە نووسەرانی کورد دەڵێ: *" وەک نووسەرەکانی ئێران مەکەن کە چاوەڕێن یەکێک خەڵاتی نوبڵ وەربگرێت و پاشان لە چەند لاوە لاسایی بکەنەوە. لە ئێرانـدا لانیکەم دەتـوانم نموونەی دەیان رۆمان بێنمەوە کە لاسایی (سەد ساڵ تەنیایی)یان کردووەتەوە و هیچ کامیشیان سەرکەوتوو نەبوون".

پرسیار: ئێوە لە ڕیزی ئەو نووسەرە گەورانەدان کە کوردن و ناتوانن بەکوردی بنووسن، لەو وڵاتانەی کوردی بەسەردا دابەش بووە، چەندین نووسەری ئاوا هەن کە بە کوردی نانووسن، یەشار کەمال، سەلیم بەرەکات و .. لەمبارەیەوە لێکدانەوەی جیاجیا هەیە، بەڵام حەز دەکەم لەزاری خۆتەوە ئەم حاڵەتە لێک بدرێتەوە؟.

وەڵام: من پێم وایە مەسەلەی من جیاوازە لەگەڵ ئەواندا. چونکە یەشار کەمال و سەلیم بەرەکات ئەگەر بەزمانی خۆشیان نووسیبایان، بەهۆی بەربڵاوبوونی زاراوەکەیان لە تیراژی بەرهەمەکانیاندا تووشی تەنگ و چەڵەمە نەدەهاتن، بەڵام من لە بیرمە یەکەم چیرۆکی خۆمم بەناوی "رۆژێک" بەکوردی کرماشانی نووسی، واتا زاراوەی کەڵهوورِی. بردمە لای باقر موئمینی کە یەکێکە لە رۆشنبیرە دیارەکانی کرماشان بوو و ئێستە لەفڕەنسایە و کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی باشی هەیە، کە چیرۆکەکەمی خوێندەوە، گوتی ئەگەر بتەوێ ئەو چیرۆکە چاپ بکەی، لە کوێ چاپی دەکەی، ئەگەر بتەوێ لە کرماشان چاپی بکەی، ئەوا چاپخانەیەکی وامان نییە، پاشان تۆ ئەمە بە چ تیراژێک بڵاو دەکەیتەوە؟ دیاربوو بەتیراژێکی کەم بڵاو دەبووەوە و خوێنەرێکی زۆر کەم دەیانخوێندەوە. چونکە هەموو خەڵکی ئێران ناتوانن سوود لەو زمانە ببینن، پێی گوتم بە فارسی بنووسم باشترە، ئەگەر کەسێک پێی خۆش بوو با بیکاتە کوردی، دەنا کوردی نووسین کێشەت بۆ دروست دەکات. ئەمە گرفتی سەرەکیی من بوو. سەرنج بدە، کۆمەڵە چیرۆکی سادق هیدایەت، ساعدی و.. ئەوکات لە کرماشان ٥٠ دانەی لێ دەفرۆشرا، لە کاتێکدا هەموو کەس تێی دەگەیشت، جا ئەگەر بە کوردی نووسیبام ئەم تیراژە کەمتریش دەبووەوە. ناچار بووم بەفارسی بنووسم.

***پرسیار:** رەخنەی ئەوەتان لەسەرە کە خزمەتی ئەدەبیاتی فارسیتان کردووە و کارەکانتان ناکەوێتە خانەی ئەدەبی کوردییەوە، ئایا لە بەرنامەتاندا هەیە لە داهاتوودا بەکوردی بنووسن؟*

وەڵام: نا ئیتر تەمەنم بەسەرچووە. بەرهەمەکانم بە نزیکەی ١٥ زمان وەرگێڕدراوە، ئەگەر بەکوردی نووسیبام، تەنانەت بەزمانێکش وەرنەدەگێردرا، ئەگەر (یەشار کەمال) خزمەتی بە زمانی تورکی کردووە، ئەگەر (بەرەکات) خزمەتی بە زمانی عەرەبی کردووە، کەواتە منیش خزمەتم بە زمانی فارسی کردووە، دیارە جیاوازیشیان نابینم هەر ئەوەی کە کوردێک چیرۆکەکانم دەخوێنێتەوە، وەریان دەگێڕێتەوە و تەنانەت مامۆستا (عەبدولا حەسەنزادە) کە زۆربەی بەرهەمەکانی منی کردووەتە کوردی و خەریکی وەرگێڕانی رۆمانە گەورەکەم "سالەهای ابری"یە، هیچ جیاوازییەکی نییە، وەک ئەوە وایە خۆم بە کوردی نووسیبێتم، با ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە زاراوەی کەلهوری کاری لەسەر نەکراوە.

مەگەر ئێستە لاوەکان بەو (N G O)یانەی دروستی دەکەن، دانیشن و سەرچاوە کۆ بکەنەوە و کار بکەن

لەمبارەیەوە، ئەو وشانەی نیمانە، بیاندۆزنەوە یان دروستیان بکەن، چ لە روانگەی شیعر و چ لە ڕوانگەی چیرۆکەوە دەوڵەمەند بین و بناسرێن. بەم جۆرە دەکرێ بە کەلهوڕی بنووسین و شتەکانمان بکرێنە فارسی.

***پرسیار:** ئەی چارە چییە، ئەو زاراوەیە هەروا دەمێنێتەوە، ئەوانەی کەڵهوڕن هەر دەبێ بەفارسی بنووسن؟*

***وەڵام:** مەگەر ئێستە لاوەکان بەو (N G O)یانەی دروستی دەکەن، دانیشن و سەرچاوە کۆ بکەنەوە و کار بکەن* لەمبارەیەوە، ئەو وشانەی نیمانە، بیاندۆزنەوە یان دروستیان بکەن، چ لە روانگەی شیعر و چ لە ڕوانگەی چیرۆکەوە دەوڵەمەند بین و بناسرێن. بەم جۆرە دەکرێ بە کەلهوڕی بنووسین و شتەکانمان بکرێنە فارسی.

***پرسیار:** ئەو رۆمانەی خۆت (سالهای ابری) کە ئێستە باست کرد، دەکرێ وەک ژیاننامە و سەربوردەی خۆتان هەژمار بکرێ، وەک هەندێک کەس دەڵێن؟*

***وەڵام:** بەڵێ دەتوانین بڵێین سەتا ٩٥ی ژیاننامەی خۆمە، بەڵام لە هەندێ شوێندا لەوانەیە خەیاڵ رۆشتبێ و لە ژیانی خۆم دوور کەوتبێتەوە، ئەگینا بەگشتی ژیانی خۆمە.*

***پرسیار:** لەبارەی کاردانەوەی ژیانی نووسەر لە رۆماندا، ئایا پێت وا نییە تێکەڵکردنی ژیان و بیرەوەرییەکانی خۆت کاریگەریی لەسەر رەوتی رووداوەکان دانانێیت لەناو رۆمان یان چیرۆکێکدا؟*

***وەڵام:** زۆربەی نووسەرانی جیهان تەنانەت ئەوانەی خەڵاتی نۆبڵیشیان بردووەتەوە وەک (گابریەل گارسیا مارکیز و ساراماگۆ و ئۆرهان پامۆک) هەموویان لە وتوێژەکانیاندا دان بەوەدا دەنێن کە سەرەتا ژیانی خۆیان دەنووسن و لە هەموو بەرهەمەکاندا ژیانی خۆیان رەنگدانەوەی هەیە. تەنانەت ئەو کەسایەتییانەی لە رۆمانە جیاوازەکاندا دەیانخوڵقێنن، ئەوانەن کە لە ژیاندا ڕووبەڕوویان دەبنەوە وەک باوک و دایک، بابە گەورە و خزم و خوێش، ئەمانە ئەو سیمایانەن کە دروستیان دەکەن. تەنانەت رۆماننووسێکی گەورەی وەک (میخایل شولۆخۆف) لە"دۆنی ئارام"دا بۆ زۆربەی کەسایەتییەکان کەڵکی لە سیمای بنەماڵەی خۆی وەرگرتووە و بەشێوەیەکی تر لە رۆمانەکەی خۆیدا دروستیان دەکاتەوە.*

پرسیار: *بەگوێرەی ئەو فەزا پڕ لە سانسۆرەی کە لە ئێران هەیە و بەم دواییانە تەنانەت گەیشتووەتە لووتکە، ئایا پێت وایە هەموو شتێکت گوتبێ و هیچ شتێکت لەناو خۆتدا نەهێشتبێتەوە و تووشی خۆسانسۆری نەهاتووی؟*

وەڵام: لەبارەی کارەکانم، لە کتێبی (سالهای ابری)دا هەموو شتێکم گوتووە و ئەم کتێبە لە ماوەی ساڵێکدا گەیشتە چاپی دووەم، هەر بەو نرخ و قورساییە، بەڵام لە چاپی سێیەمدا تووشی کێشە هاتین و گوتیان پێویستە ٧٠٠ لاپەڕە لەو رۆمانە ٣٤٠٠ لاپەڕەیە، واتە یەک لە سێی رۆمانەکە سانسۆر بکرێت. من پەسەندم نەکرد تا ئەوەی سیستەمەکە گۆڕدرا و هەندێک کرانەوە دروست بوو، هەرچەندە زۆر جێگەی پەسندیش نەبێت. من بەردەوام پێداگر بووم لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕێکوپێک، بەپێچەوانە گوتم با بڵاو نەبێتەوە، ئەگەر ٧٠٠ لاپەڕەی سانسۆر بکرێت هیچی نامێنێ، ئەم سانسۆرە دەگەڕایەوە بۆ دوو هۆی دەستەواژەیی، یەکەم پێویستە دایە گەورە لە دیمەنی یەکەمدا لەکاتی سەماکردن خۆی بانەدات (بەپێکەنینەوە) و ئەوی تریشیان سەما بکەینە هەڵپەڕکێ، دیارە پاشان وەک خۆی چاپ کرا، بەڵام زۆربەی کتێبەکانم دوای ساڵی ١٩٨٠ چاپ نەکران، "ازاین ولایت" و "اب شوراب" و "همراه با اهنگ بابام" و "فسل نان" کە دوای ٣٥ ساڵ سەر لە نوێ چاپ کرانەوە کە "اب شوران" و "ازاین ولایت" چاپی بیست و پێنجەمیان کرایەوە دوای ئەو هەموو ساڵە.

پرسیار: *هەر لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵین ئێستە بزاڤێکی دژی سانسۆر لە ئێران لە ئارادایە بەپێشەنگی نووسەران و ڕووناکبیران؟*

وەڵام: بێگومان ئەم بزاڤەی باسی دەکەیت تووندوتۆڵ تر بووە، چونکە جیهانی ئەمڕۆ جیهانێکی تەنانەت سەعاتێک لەمەوبەر نییە، لە ماوەی چەند چرکەدا دەتوانین ئاگاداری هەموو هەواڵەکان بین لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، جیهان یەکپارچە بووە و گۆڕانکارییەکان کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن، خەڵک ئیتر دەیەوێت لەم گوندە بچووکەدا بگەنە مافەکانیان. نەک تەنیا نووسەران، بەڵکو کرێکاران، مامۆستایان، پەرستاران و تانەت خاوەن کتێبەکانیش خەریکە ناڕەزایەتی دەردەبڕن، دەیانەوێ ئازادی هەبێت، ڕۆژنامەنووسان نایانەوێ هەموو ڕۆژنامەکان یەکڕەنگ بن وەک ئەو تەنگژەیەی ئێستە لە گۆڕەپانی ڕۆژنامەنووسیی ئێراندا دەبینرێ، بۆیە ڕۆژنامە نافرۆشرێت. ڕۆژنامە حکوومییەکان بە پشتگیریی دەوڵەت ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبن، ئەوانیش چونکە بابەتێکی تایبەتیان نییە و دووپاتەن نافرۆشرێن. ئەگەر سانسۆر هەبێ سەربەخۆ نین، بۆ سەربەخۆیی هەر ئەوەیە ولاتی خۆمان بەدەستی خۆمانەوە

بێت؟ درۆیە ئەم سەربەخۆییە. سەربەخۆیی لە دنیای ئەمڕۆدا واتە سەربەخۆیی ئازادی، کاتێک نەتوانی ئەفراندن بکەی، ئەو تڕۆمبیلەی پێتە هی خۆت نییە، کاتێک نەوتەکەت هەرزان دەکرێت، چونکە پالاوتگەی پێشکەوتووت نییە، کەواتە تۆ سەربەخۆ نیت و وابەستەی، وابەستەیت بەهەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەرتن و تۆ دروستت نەکردوون.

***پرسیار:** ئەگەر کەسێک ڕۆمانەکانی تۆ بخوێنێتەوە دەچێتە ئەو شوێنانەی کە خۆت لێیان ژیاوی و کرماشان لە مێشکیدا وێنا دەبێت، وەک چۆن لە ڕۆمانەکانی (یەشار کەمال)دا چوکورئۆڤا و لە هی (مارکیز)دا ئەمەریکای لاتین وێنا دەبن، شوێن چ ڕۆڵێکی هەیە لە فەزای چیرۆکدا؟*

***وەڵام:** بەبڕوای من شوێن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە (ویلیام فاکنەر) بەو هەموو نوێگەرایی و شێوازە نوێیەی هەیەتی، زۆر پابەندی شوێن بوو، شوێن بیرەوەری گرنگ لە مێشکی مرۆڤدا زیندوو دەکاتەوە. ئێستە ماوەیەکە لە (کەرەج)م و زۆر شەو خەو بەکرماشان دەبینم، خەونی کۆڵانەکانی، هەمیشە بەگریانەوە لە خەو ڕادەچەنم وەختێک بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە، هەرگیز ناتوام بیرەوەرییەکان لە مێشکمدا بسڕمەوە، ئەوەش نیشانەی پابەندبوونی لە ڕادەبەدەرمە بەو فەزایە، پێم وایە "دۆنی ئارام"ی شۆلۆخۆف نەیدەتوانی بێ ئەو شوێنە دۆنێ ئارام بێت هەر ناوی کتێبەکە ناوێکە کە لە شوێنێکی تایبەت وەرگیراوە.

***پرسیار:** کەرەستە و ناوەڕۆکی زۆربەی چیرۆکەکانی ئێوە ڕەنج و مەینەتی خەڵکی فەقیر و بەلەنگازە، پێت وانییە دووپاتەن و پێویست دەکات کار لەسەر فەزای تریش بکەیت؟ چونکە ئەدەبیاتی فەقیرانە تایبەت بوو بە سەردەمێک لە سەردەمەکان و ئێستە کۆمەڵگەیش لەو تەنگژەیە دەرباز بووە؟*

***وەڵام:** من لەناو ئەوانەدا ژیاوم، خۆم ڕەنج و مەینەتیم چێشتووە. منداڵێکی پێنج ساڵە بێنینە پێش چاو کە پێویستە یاری بکات، بەڵام لەبری یاری کار دەکات و باوکی ناچاری دەکات مل بداتە بەر ئیشی قورس و زۆر کات تەنانەت کارکردن لە بەردەم خوێندنیشدا دەبووە ئاستەنگ، زۆر کاری جۆراوجۆرم کردووە، لە ژێر قرچەی هەتاودا کە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر پێستم دانا، نەمدەتوانی جگە لەم فەزایە فەزایەکی تر دروست بکەم، لە "ساڵهای ابری"دا نووسیومە کە بنەماڵەکەم هەموویان کرێکار و زەحمەتکێش بوون، تەنانەت ژنانی ماڵی ئێمەش جگە لە ماڵداری و کابانی کاری تری وەک دروومانیان دەکرد.

پرسیار: *یانی بە بڕوای ئێوە ئەدەبیات باشترین ئامرازە بۆ دەربڕین و هێنانە زمانی ئەو دەرد و ئازارانە، دەبێ بنووسرێن تا لە بیر نەچنەوە؟*

وەڵام: ئەدەبیات و موزیک و تەنانەت هونەرەکانی تریش بۆ نموونە نیگارکێشی.

پرسیار: *خۆتان تا چەند کەڵک لە هونەرەکانی تر وەردەگرن، بەتایبەت موزیک؟*

وەڵام: موزیک رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە نووسراوەکانمدا. من لە کتێبی "فێل نان" و کتێبی "اب شوران"دا باس لە شمشاڵژەنێک دەکەم، باس لەو هەڵپەڕکێیانە دەکەم کە دایکم و ئەوان لە ماڵدا ئەنجامیان دەدا. لە"ساڵهای ابری"دا دیمەنێکی گرنگم هەیە لەسەر هەڵپەڕکێی دایکم لە شایی کوڕەکەیدا. ئەمانە و سەرجەم ئەو دەنگانەی کە لە چیرۆکەکانمدا، هەم لە مەلەکان و هەم لە مرۆڤەکانەوە وەک ئاوازێک دەگاتە گوێ.

پرسیار: *با زیاتر باسی ناوەرۆکی چیرۆکەکانت بکەین، سووژەی زۆربەی چیرۆکەکانی ئێوە ئەفسانە و کولتوور و دابونەریتی خەڵکە کە ئەمەش خۆی جۆرێکە لە ڕەسەنایەتی، هەڵبەت بەدەربڕین و خەیاڵێکی نوێ، ئێوە چۆن مامەڵە دەکەن لەگەڵ دابونەریت و فۆلکلۆر لە دەقدا؟*

وەڵام: من بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی کەسانێکی وەک خوالێخۆشبوو ئەحمەدی شاملوو ئەوەندە لە شیعرەکانیاندا سەرکەوتوون. ئینجا بەو ئەنجامە گەیشتم کە ئەحمەدی شاملوو بەر لەهەر شتێ بەسەر کولتووری خەڵکدا زاڵ بوو. بەرهەمی ئەمەش ئەو کتێبانەی هەفتە بوون کە لە سەرەتای شەستەکانی زاینیدا چاپ و بڵاو دەبوونەوە و ئەوەش بوو بە سەرەتایەکی باش. شاملوو هێندە زاڵ بوو کە تەنانەت بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانیشی بۆ نموونە وەک "پابرهنەها"ی "زاهاریا ئیستانکۆ" دەخوێنیتەوە، بۆت دەردەکەوێ بەڕاستی شاملوو توانایەکی زۆری هەبووە لە بەکارهێنانی هەندێک دەستەواژەدا کە پێشتر لە وەرگێڕاندا بەکار نەهاتبوون. هەڵبەت نووسەرێکی تریش هەوڵی دا لە وەرگێڕانەکانیدا شتی ئێرانی بەکار بێنێت، ئەویش محەمەد عەلی جەمالزادە بوو، بەڵام بەو جۆرە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا کە شاملوو تیایدا سەرکەوتوو بوو. یانی تەنانەت دەتوانین بڵێین شاملوو لە جەمالزادە زیاتر زاڵ بوو بەسەر کولتوور و دابونەریتی خەڵکدا. من پێم وایە نووسەر یان شاعیرێکی لاو دەبێ

بەسەر کولتووری کۆمەڵگەکەیدا زاڵ بێت. ئەم زاڵبوونەش بەخۆیندنەوە یا گەڕان بەناو خەڵک و دێهات و شوێنە جیاوازەکاندا دروست دەبێت. پێویستە نووسەرێکی لاو وتوویژی خەڵک لە دەفتەرێکدا بنووسێتەوە و هەمیشە پێی بێت، بۆ ئەوەی لە بیری نەچێتەوە، چونکە رەسەنایەتییەکی سەیر لەم گفتوگۆیانەدا هەیە. ئێمە ئەگەر زۆریش فشار بۆ خۆمان بێنین و بیر بکەینەوە، لە کاتی نووسیندا ناتوانین بگەینە ئەم رەسەنایەتییە. بۆیە من بەڕەو لای ئەفسانە و پەندی پێشینان چووم. کتێبی ئەفسانە و پەندە کوردییەکانم بۆ یەکەمین جار لە کرماشان کۆ کردەوە. دەڵێم یەکەمین جار چونکە بەڕاستی بەر لە من کەس نەیکردووە، پاشان ئەو فەرهەنگە گەورەیەم بەیارمەتی ڕەزا خەندان (مەهابادی) ئامادە کرد کە ٢٠ بەرگە. ئەم کارەم تەنیا لەبەر ئەوە کرد کە سەرنجی نووسەرانی لاو بۆ ئەوە رابکێشم کە جگە لە خوێندنەوەی کارەکانی شاملوو کە زاڵیان دەکات بەسەر کولتوور و زمانی فارسیدا، ئەفسانەکانیش بخوێننەوە.

پرسیار: هونەری ڕۆمان هونەرێکی مۆدێرنە، بەڵام لەناو ئێمەدا زیاتر ئەقڵییەتێکی وەرزێڕی و کشتوکاڵی زاڵە، پێت وا نییە نووسراوەکانی ئێوەش لەم چوارچێوەیەدان، ئایا هیچ هەوڵدانێک هەیە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە؟

وەڵام: سەیرکەن زۆربەی فەزاکان هی گوندە، بەڵام "اب شوران" فەزایەکی شاری هەیە، من جیاوازم لەو کەسەی لە گوند لە دایک بووە، چونکە من لە شار لە دایک بووم، ئەو چیرۆکانەی کە پەیوەستن بەگوندەوە، دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ساڵانەی لە(گیلانغرب) مامۆستا بووم. من گوندەکانی گیلانغەربم لە نزیکەوە بینی هەڵبەت ژیان و بەرهەمی سەمەدی بهرەنگی و چاوپێکەوتنم لەگەڵیدا بووە هۆی ئەوەی ڕوو بکەمە کێشەکانی گوند و بیرەوەرییەکانم لە گوند بەشێوەی کورتە چیرۆک بنووسمەوە. لە (سالهای ابری)یشدا هەم فەزایەکی دێهاتییانە هەیە و هەمیش فەزایەکی شاری، لە شارەوە دەست پێ دەکات، بەڵام لە یادگارییەکانی باوکم و باپیرم و ئەوانە دەچینەوە ناو گوند.

پرسیار: بۆچوونێک هەیە دەڵێت ڕۆمانی درێژ چیتر خوێنەری نییە و ناتوانێ کاریگەری هەبێت، بەتایبەت دوابەدوای دەرکەوتنی سەتەلایت و ئینتەرنێت، لە کاتێکدا ئێوە لە چیرۆکی کورتەوە ڕووتان کردووەتە ڕۆمانی درێژ؟.

وەڵام: لە دنیادا کەسانێکی کەم هەن تەنیا کورتە چیرۆک بنووسن. چیخۆف، ئیدگار ئالەن پۆ و لەم دواییانەشدا

رایمۆند کارڤێرە کە ئەمانە رۆمانیان نەنووسیوە و تەنیا کورتە چیرۆکیان هەیە، بەڵام با ئەوەمان لە بیر نەچێت کە زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی دنیا بۆ نموونە گابریەل گارسیا مارکیز، لە کورتە چیرۆکەوە دەستیان پێ کرد، هەڵبەت مارکیز بەرۆژنامەوانی دەستی پێ کرد و پێشی وابوو هەر گەنجێکی نووسەر پێویستە ماوەیەک سەرقاڵی کاری رۆژنامەنووسی بێت و ئینجا کورتە چیرۆک و رۆمان. ئەمە بەگشتی چارەنووسی هەموو نووسەرێکە. منیش کورتە چیرۆکم دەنووسی و پاش ماوەیەک بیرم کردەوە کە ئەو بابەتەی هەڵمبژاردووە بۆ رۆمانێک دەست دەدات، بەڵام لەبارەی ئەو بۆچوون و بەیانانەی کە سەردەمی فلان و فیسار بەسەر چووە یا ئەم شێوازە لە ئەدەبیات باوی نەماوە، بە بڕوای من لەجێدا نین و دوورن لە ڕاستی. بەر لەوەی "دۆنی ئارام"ی میخائیل شۆلۆخۆفیش خەڵاتی نوبڵ وەربگرێت، ئەم جۆرە قسانە دەکرا و دەیانگوت (مەرگی رۆمان) و ئیتر هەموو شتێ تەواو بوو. وەلێ دیتمان درێژەی هەیە. تا کاتێک ژیان بەردەوام بێت، بەرهەمە هونەرییەکانیش بەردەوامن. دیارە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت چونکە هەستی خەڵک دەچێتە سەر. لە رۆژی ئەمڕۆدا بەڕاستی نووسین زۆر ئەستەمە. ئەگەر نووسەرێک خۆی نوێ نەکاتەوە، بەردەوام موتاڵای نەبێت، ناتوانێ لەگەڵ ئەم ڕەوتە نوێیەدا هاوئاهەنگ بێت و شت بنووسێت. من نائێم شتێکی ئاڵۆز بنووسێت کە خەڵک لێی تێنەگەن، نا، بەتایبەت وەک نووسەرەکانی ئێران مەکەن کە چاوەڕێن یەکێک خەڵاتی نوبڵ وەربگرێت و پاشان لە چەند لاوە لاسایی بکەنەوە. لە ئێراندا لانیکەم دەتوانم نموونەی دەیان رۆمان بێنمەوە کە لاسایی (سەد ساڵ تەنیایی)یان کردووەتەوە و هیچ کامیشیان سەرکەوتوو نەبوون لە ڕیالیزمی جادوویبدا. ئێستە بۆ نموونە ئۆرهان پاموک لە تورکیا کە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە، بۆ بەیانی دەبینین لە ئێران لاسایی دەکرێتەوە، یانی داهێنان ناکەن. هۆکاری ئەوەی ئەدەبیاتەکەمان نابێتە جیهانی و لە لایەن جیهانییانەوە پێشوازی لێ ناکرێت و ئەوەی تەرجومەش کراوەتەوە، هەر ئەمەیە. چونکە خوێنەرێکی بیانی دەیەوێ ئەفراندنێک لە بەرهەمەکەدا ببینێ. کاتێک بینی ئەمە هەمان شتە کە مارکیز نووسیویەتی، دیارە پێشوازی لێ ناکات. جگە لەمانە بڵاوکەرەوەیەک چ ئێرانی بێت یان بیانی، بەتایبەت بڵاوکەرەوە بیانییەکان کە بواری ئابووری بەلایانەوە زۆر گرنگە، نایەن سەرمایە لەسەر کتێبێک دابنێن کە ٤٠٠ تا ٥٠٠ دانەی لێ بفرۆشرێ و ئەوی تری بمێنێتەوە. بۆیە کتێبەکانی ئۆرهان پامۆک کە دوانیان کراونەتە فارسی واتە (قلعە سفید) و (زندگی نو) و سەرجەم ١٠ رۆمانی هەیە، وەرگێڕاونەتە سەر ٤٠ زمانی بیانی، بەتیراژی لانیکەم ٥٠ هەزار بڵاو کراونەتەوە و پێشوازی زۆر بەرفراوانی لێ کراوە، بڵاوکەرەوەیەکی بیانی پارەکەی فڕێ نادات، دەزانێ چی بکات. بۆیە پێداگری دەکەمەوە کە سەردەمی رۆمانی درێژ تێنەپەڕیوە و ئەو ڕەقیبانەی بۆ بەرهەمە نووسراوەکان دروست بوون وەک ئینتەرنێت، سەتەلایت و کۆمپیوتەر هیچ کامێکیان نەیانتوانیوە کاریگەرییان هەبێت لەسەر میراتی گوتەنبێرگ.

پرسیار: هۆکارەکەی چییە؟

وەڵام: چونکە کاتێک کتێبێک دەگریتە دەست بۆ خوێندنەوە، خۆت دەرهێنەری فیلمێکی کە لە بەردەستی خۆتدایە، هەر کە ماندوو بوویت وازی لێ دێنی، بیر دەکەیتەوە جارجارە کتێبەکە وێک دەنێیت و دەچیتە دنیای بیرکردنەوە. فیلم یا شتی بینراو ئەم قازانجەی نییە. ئێمە بەشتی نووسراو راهاتووین چونکە پێویستە بیری لێ بکەینەوە، بەڵام دەمانەوێ هەموو شتێک ببیستین، بۆ نموونە بیرت دێ فڵان چیی کرد، چی بوو.. هەندێکیشی دەخەینە سەر و پێوەی دەنێین. ئەگەر سەیری فیلمێک بکەین، بەدەم گوتەبەڕۆژە تروکاندنەوە نازانین سەرنجمان لەسەر گوتەبەڕۆژە بێت یان دیمەنەکانی فیلمەکە. خێرا لە پێش چاومان تێدەپەڕێت و لەوانەشە رۆژێک بەبیرماندا بێت و تەواو، بەڵام کتێب ئەو تایبەتمەندییەی نییە، بە بڕوای من تا کاتێک شتێکی لەمە گرنگتر نەخوڵقێت هەر دەمێنێتەوە، کەواتە رۆمان هەروا خوێنەری هەیە بەتیراژێکی زۆرەوە. نموونەی ئۆرهان پامۆک دێنینەوە چونکە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە، ئەوەی کە رۆمانەکانی بەتیراژی ٥٠ هەزار و ١٠٠ هەزار بڵاو دەبنەوە، باش پێمان دەسەلمێنێ رۆمان هێشتا زیندووە.

پرسیار: لەبارەی ئۆرهان پامۆک پێت وانییە بەجیهانبوونی ئۆرهان پامۆک و بەخشینی خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵ بەو نووسەرە، بەجۆرێک پەیوەست بێت بەهەندێک بێنە و بەرەی سیاسییەوە؟ وتی:

وەڵام: ئەم قسانە بۆ (پاسترناک)یش هەڵبەستران، بەتایبەت بۆ کتێبەکەی "دکتۆر ژیڤاگۆ". تەنانەت لەبارەی شۆڵۆخۆفیش هەمان بۆچوون هەبوو، چونکە (دۆنی ئارام) ئەو کتێبە بوو کە دواتر لایەنگرانی ستالین رەخنەیان لێ گرت. بۆ زۆر کەسی تریش گوتراوە، نا، من وابیر ناکەمەوە، زۆر نووسەر لە دنیادا بەدی دەکرێن کە بەرهەمەکانیان لاوازە و نارەزایەتیی سیاسی دەردەبڕن، بەڵام دواجار خەڵاتی نۆبڵ لەسەر هەندێک بنەما پێشکەش دەکرێت. ئەگەر ئەو دوو رۆمانە وەرگێڕدراوەی پامۆک بخوێنیتەوە کە باسم کرد تۆش دێیتە سەر بۆچوونەکەی من و دەبینی حەقی خۆیەتی. بەڵام بیرمان نەچێت دنیا پێویستی بە نووسەری نارازییە. واتە هەموو دنیا دەڵێن ئەو نووسەرە کە رۆمانناووسە نابێت لە بابەت و گرفتەکانی کۆمەڵگەی خۆی دوور بێت. لە بەرامبەر بێ مافی و زوڵم و سێدارە کە رادەوستێ، کە لە دژی کوشتوبڕی ئەرمەن و کورد دەوەستێتەوە، ئەوە نووسەرێکی هەستیارە. لێرەدا دەڵێن سیاسییە، بەڵام دیارە ئەو مەسەلانە لە بەناوبانگکردنی ئۆرهان پامۆک و هەروەها ئەوەی کە خەڵک لە

کتێبەکانی بگەڕێت و تیراژی کتێبەکانی بچنێتە سەر، کاریگەریی هەیە و لە ئەنجامیشدا راستەوخۆ کار دەکاتە سەر وەرگێڕانی کتێبەکانی بە زمانی تر.

پرسیار: *ئێوەش نووسەرێکی خاوەن هەڵوێستن و لە بەرامبەر زۆر شتدا هەڵوێستی شەفاقتان نواندووە و ناڕەزایەتیتان دەربڕیوە، ئایا تا ئێستە لەمبارەیەوە رووبەڕووی هەڕەشە و گوڕەشە نەهاتوون هەروەک زۆربەی نووسەرانی خاوەن هەڵوێست؟*

وەڵام: بۆچی من هەمیشە رووبەڕووی هەڕەشە بوومەتەوە، بەتایبەت ساڵی ١٩٩٨ کە نووسەرانی ئێران دوو هاوڕێی خۆشەویست و بیرمەندم لەسەر شەقام گیران و خنکێندران، ئەوە بەرنامەیەک بوو کە منیش تێیدا بووم و دەبوو کوژرابام. بەردەوام بانگ دەکرێم، لێپێچینەوەم لەگەڵدا دەکرێت، بە تەلەفۆنی بێزار دەکرێم، سووکایەتیم پێ دەکرێت، هەر ڕێگەنەدان بە کانوونی نووسەرانی ئێران خۆی جۆرێک هەڕەشەیە، ڕێگە نادەن ئەم ناوەندە چالاکی هەبێت و لە ماڵێکی بچووکدا و بەژمارەیەکی کەمەوە کار بکات. گرنگ تر لەوانەش کتێبەکانم بەردەوام سانسۆر دەکرێن، بەرپرسانی سانسۆر لە لێدوانەکانیاندا ڕاشکاوانە گوتوویانە کە هەر کتێبێ بگاتە دەستمان سەرەتا سەیری ناوی نووسەرەکەی دەکەین بۆ ئەوەی بزانین کێیە، دەنا لەوانەیە هەر کتێبەکانی من بەناوی کەسێکی تر مۆڵەتیان پێ بدرێت، بەڵام چونکە ناوی منی لەسەرە گرفتی بۆ دروست دەکەن. ئەو هەڕەشانە هەن و لەو جۆرە کۆمەڵگایانەشدا ناکرێ ئاسوودە بژیت، هەمیشە سێبەری ترست لەسەرە.

پرسیار: *وەک کەسی یەکەمی کانوونی نووسەرانی ئێران، پێت وایە بۆچی ئاستەنگ لە بەردەم کانوونی نووسەرانی ئێراندا دروست دەکرێت، بۆ مۆڵەتی پێ نادرێت؟*

وەڵام: چونکە کانوونی نووسەرانی ئێران گرنگترین دروشمی دژایەتی سانسۆر و هەروەها خەباتە لەپێناو ئەندێشە و ڕادەربڕیندا، هەر ئەم دووانەش مەترسین بۆ سەر ئەو ڕژێمانەی سەرەتا بەڵێنی هاوکاری و بەڵێنی باشکردنی دۆخی بژێوی خەڵک دەدەن و پاشان بەڵێنەکە نابەنە سەر و هەر جۆرە ناڕەزاییەک بەم جۆرە کارنەکردن و پەیمان شکاندنیان سەرکوت دەکەن، کانوونیش یەکێکە لەو دەزگایانەی نایەوێ بێ دەنگ بێت لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا. سەردەمانێک خوالێخۆشبوو (شاملوو) کە لەوتوویژێکدا لەبارەی پرسیارێکی بەم جۆرە گوتی: "ئەگەر مۆڵەت بدەنە کانوونی نووسەران، ئەمە دەبێتە سەرەتایەک بۆ سەرجەم سەندیکا و ڕێکخراوە سنفییەکان". کانوون پێش هەموو

شتێ دەزگەیەکی سنفییە، دەمانەوێ لەم کانوونەدا مافی نووسەر لە بەرچاو بگرین چ لە روانگەی سانسۆری بەرهەمەکانی و چ لە روانگەی ئازادی ئەندێشە و قەڵەم. هەروەها هەندێک بڵاوکراوە هەن مافی نووسەر پێشێل دەکەن، ئێمە چونکە بە قەڵەم کار دەکەین، بتەوێ و نەتەوێ دزە دەکەینە گۆڕەپانی ئەندێشەوە، چونکە ئەوە کاری ئێمەیە. سەروکاری ئێمە لەگەڵ کاری ئەندێشە و رادەربڕینە. کاری مە ئەوەیە سانسۆر نەبێت بۆ ئەوەی خوێنکار بێن، ئێمە سیاسی نین، بەڵام هەندێک جار ناچار دەبین بکەوینە ناو ئەو سنوورانەوە، بەڵام ئەوەش بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات نییە. نامانەوێ ببینە سەرۆک کۆمار. من لە وتووێژەکانمدا گوتوومە دەتوانم پۆلێکی ٣٠ کەسی بەڕێوە بەرم، بەڵام ناتوانم قوتابخانەیەکی ٥٠٠ کەسی بەڕێوە ببەم. زۆربەی هاوڕێیانی تریشم بەم جۆرەن. ئەوانە وەک چۆن (هاوێل) لە چیک دێتە سەر کار کە نووسەرێک بوو، دەترسن لە ئێرانیش شتێکی بەم جۆرە بێتە ناراوە. بەڵام ئەمە روو نادات، جارجارەش کە بەناچاری مودا‌خەلەی کاروباری سیاسی دەکەین، بۆ ئەوەیە دەمانەوێ کاری کۆمەڵایەتی بکەین. دەمانەوێ کۆمەڵگە ئازاد بێت، بۆ دەسەڵات ئەم ئیشە ناکەین و دژی هێز و دەسەڵاتین.

پرسیار: تا چەند ئاشنان لەگەڵ ئەدەبیاتی کوردیدا؟

وەڵام: وەک دەزانن من لە شوێنێک ژیاوم کە ئەدەبیاتی کوردی تیایدا قەدەغە بوو و هیچ کتێبێکی کوردی نەدەگەیشتە دەستمان یان بەجۆرێک لە جۆرەکان سانسۆر دەکرا. لەوکاتەوەی کە هەندێک کتێبی کوردیم بەدەست گەیشت، دەستم کرد بەخوێندنەوەیان و بەراستی زۆر زوو توانیم پێوەندی ببەستم لەگەڵ ئەو ئەدەبیاتەدا. ئەو کتێبانەم لەڕێی قاچاغەوە بەدەست دەگەیشت، دوای خوێندنەوەی هەندێک لە چیرۆکە کوردییەکان، بۆ یەکەمین جار نزیکەی ٢٥ نووسەری کوردم بەکۆمەڵگەی فارسی ناساند، بەمە ناڵێن خزمەتکردن بەزمانی کوردی، بەڵام چونکە بەفارسی دەنووسم، دەڵێن خزمەتە بەزمانی فارسی. باشە کام لەو نووسەر و شاعیرانەی کرماشان ئەوانەی بانگەشەیان هەیە، هاتوون بەرهەمی کوردییان کردووەتە فارسی کە بەتیراژێکی باش بڵاو ببێتەوە؟ ئەو کتێبە خەریکە چاپی دووەم دەکرێتەوە، دەتوانم بڵێم دوای ساڵی ١٩٩١ ئاشنای ئەدەبیاتی کوردی بووم.

پرسیار: بەپێی ئەو ئاشناییەتان، بەبڕوای ئێوە ئەدەبیاتی کوردی چۆن دەتوانێ ببێتە ئەدەبیاتێکی جیهانی؟ ئایا ئەو ئاستەی هەیە؟

وەڵام: ئەدەبیاتی کوردی خەریکە دەبێتە ئەدەبیاتێکی جیهانی. هەندێک نووسەری باش وەک شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی و فەرهاد پیرباڵ و زۆر نووسەری تر هەیە. ئەمانە لەژێر سێبەری دیکتاتۆریەتی سەدامدا نەبوون و لە دەرەوەی وڵات کاریان کردووە، واتە زەمینەی فەرهەنگیان هەبووە و لە دەرەوە پتەوتریان کردووە بەشێوەیەک کە ئێستە بەرهەمی باش پێشکەش دەکەن. بەرهەمەکانیان وەردەگێڕدرێ، ئەدەبیاتی کوردی خەڵاتی نێونەتەوەیی وەرگرتووە، با لەبیرمان نەچێت لە ئێراندا جگە لەسادقی هیدایەت، هیچ کەسێک خەڵاتی نێونەتەوەیی وەرنەگرتووە. ئەوەش خۆشبینم دەکات. ئۆرهان پامۆکیش سەرەتا خەڵاتەکانی بەر لە نۆبڵی بردووەتەوە، کوردیش زۆر قۆناغی بڕیوە. دەمەوێ بڵێم تەنیا بەرهەم رۆڵ نابینێ بەڵکو خەڵاتەکان ڕێگە بۆ خەڵاتی گەورەتر لە خۆیان خۆش دەکەن. خەڵاتی وەک بۆکێر، پۆلیتزێر، بونکوور و پاشانیش نوبڵ. من زیاتر ئومێدم بە ئەدەبیاتی کوردی هەیە تا فارسی، چونکە سیمای نوێیان تێدا دەبینرێ و رۆژانە خۆیان نوێ دەکەنەوە. بەڵام نووسەرانی لاوی کورد بەداخەوە لەگەڵ کێشەی جۆراوجۆردا ڕووبەڕوون. من ئەم رۆژانە بیستم کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا داستایفسکی وەرنەگێڕدراوە و تازە بەتازە تاوان و سزا دەکرێتە کوردی، ئێمە لە ئێراندا ٤٥ ساڵ لەمەوبەر تاوان و سزامان خوێندووەتەوە، ئەمە زەبرێکی گەورە لە نووسەری لاوی کورد دەدات. شەڕ و ئاشتی تۆڵۆستۆی نەکراوە بەکوردی، ئەمە کارەساتێکی گەورەیە. بەبڕوای من دەبێت هەموو کوردێک یەک دوو زمان فێربێت بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بەرهەمی کلاسیکی جیهانی و بەرهەمەکانی نۆبڵ بخوێننەوە ئەمە کێشەی سەرەکییە کە هیوادارم چارەسەر بکرێت، بەڕپرسانیش دەبێ دەزگەیەک دروست بکەن بۆ ئەوەی بەرهەمە بیانییەکان وەربگێڕدرێت، سەرمایەگوزاریی لەسەر بکرێت و ئەو کەسانە کۆ بکەنەوە کە لەگەڵ زمانە جیاوازەکاندا ئاشناییان هەیە.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان

* ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە کرماشان لە دایک بووە.
* ماوەیەکی زۆر مامۆستا بووە.
* هاوینی ١٣٥٠ بەهۆی چالاکیی سیاسی و کۆمەڵەچیرۆکی "از این ولایت" گیراوە و ٨ مانگ لە گرتووخانەدا ماوەتەوە.
*٣ ساڵ دواتر دیسان گیرایەوە و بە ١٥ ساڵ زیندان حوکم درا لە کاتێکدا ٣ مانگ بەسەر زەماوەندەکەیدا تێپەڕی بوو.

* دوابەدوای شۆڕشی ئێران لە گرتووخانە ئازاد کرا.
* بەرهەمەکانی بۆ ١٥ زمان وەرگێڕدراون.
* هەندێک لە بەرهەمەکانی بریتین لە: "از این ولایت"، "ابشوران"، "فصل نان"، "قصەهای بند"، "سالهای ابری"، "درشتی"، "روزنامەدیواری مدرسە ما"، "افسانەها و متلهای کردی"، "فرهنگ گویش کرمانشاهی"، "فرهنگ افسانەهای مردم ایران"، "نقدو بررسی ادبیات کودکان و نوجوانان".

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ١٠ی ئەپریلی ٢٠١٥

گفتو گۆییک دەگەڵ ئەلی ئەشرەفی دەرویشیان



وەرگێڕ بۆ کوردی: ڕێناس جاف

ئەنجامدانی: کەوبوتەر ئەرشەدی

چەن پەیڤی پێویست:

ئەلی ئەشرەفی دەرویشیان ڕۆژی سێی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی (١٩٤١ی زایینی) لە کرماشان دیدەی لە ڕووی ژیان هەڵێنا. پاشی تەواوکردنی خوێندنەکەی لە فێرگەی مامۆستایان، ڕووی کردە پیشەی مامۆستایی

قوتابخانان و لە فێرگە و قوتابخانەکانی ئاوایی و گوندەکانی گیلانی ڕۆژاوا و شاباد خەریکی وانە وتنەوە بوو کە دۆخی تایبەتی ئەو ناوچانە و هەژاری و دەستکورتی خەڵکەکەی ئەو مەحاڵە، بوو بە هەوێنی چیرۆکەکانی دەرویشیان.

بۆ وتن دەشێ مامۆستا دەرویشیان دەرچووی بەشی دەروونناسی پەرەوەردە و هەروەها بەشی ڕاوێژکاری خوێندن بە پلەی بەکالۆریۆس و ماستەرە.

دەرویشیان پاشان لە بەشی وێژە و ئەدەب لە زانستگەکانی تاران درێژە بە خوێندنی خۆ دەدا. چەن بەرهەمێکی وەک "هەورە سالان" و "چیرۆکی وان سالان" چەندین جار لە چاپ دراونەتەوە.

دەرویشیان فەرهەنگی ئەفسانەکانی گەلانی ئێرانی ئامادەی چاپە کە هەڵبەت هەتا ئێستا ١٠ بەرگی بڵاو بۆتەوە،ئەم بەرهەمەی مامۆستا دەرویشیان وەکی ئاگادار بین، نزیکەی ٢٠ بەرگە. هەروەها ئاواتی قاقەزین، بەرهەمێکی دی نووسەرە کە پەخشکاری "چەشمە" ئەرکی لەچاپدانی وەئەستۆیە.

لە بەرهەمەکانی دی دەرویشیان دەکرێ ئاماژە بکەینە: "لەم هەرێمەوە"، پەڕەموچ، کە داگری نزیکەی ١٢ - ١٠ کورتە چیرۆکێکە،"ئاوشووران"، "فەسڵی نان" و " هاوڕێی گۆرانییەکانی باوکم" کە گەلێ جاران لە چاپ دراونەتەوە.

هەروەها چەندێ لە بەرهەمەکانی دەرویشیان دەچنە خانەی وێژەی منداڵان؛ لەوانەش دەکرێ ئەم بەرهەمانە نێو بەرین: هەوری ڕەشی هەزار چاو، ڕەنگینە، ڕۆژنامەی دیواری قوتابخانەکەی مە، کاکە گیان کەی دەگەڕێیتەوە و گوڵ تەڵا و کڵاشی سوور و کۆمەڵە کتێبێ بۆ منداڵان و مێرمنداڵان.

مامۆستا دەرویشیان بەم سالانە خزمەتێکی شیاوی زمان و وێژەی کوردیشی کردووە و بە لە چاپدانی چەن بەرهەمێک، ئەوپەڕی دڵسۆزی بۆ گەلەکەی بە ئەنجام گەیاندووە. مامۆستا دەرویشیان بە وەرگێڕانی هەڵبژاردەی کورتە چیرۆکی هاوچەرخی کوردی، هەستی نیشتمانپەروەری خۆی بەو چەشنە لای هەمووان دەسەلمێنێ. ئەم نووسەرە کۆڵنەدەرە خاوەنی چەندین بەرهەمی توێژینەوەییشە، لەو بەرهەمانەشی دەکرێ ئیشارەتێک بەمانە بدەین: کۆمەڵە وتار، چلۆن و بۆچ، کورتە چیرۆکەکانی لەبەردڵانی لام لە ٨ بەرگدا بە هاوکاری ڕەزا خەندان،

بیرەوەرییەکانی سەفەرخان، یادەوەری سەمەدی بێهڕەنگی، قامووسی کوردی- فارسی(کەڵھوڕی)، کتێبی بێستوون و سەمەد چووە ڕیزی نەمران. جێی خۆیەتی ئاماژە بەو خاڵەش بکەین ماوەستا دەرویشیان لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوییەوە دەکەوێتە زیندانی ڕژێمی شا بەڵام بە سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران، ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە بەندیخانە بەر دەبێ. ئەوەی دەخرێتە بەردەس و بەرچاوتان وتووێژێکە دەگەڵ ئەم کەسایەتییە پایەبەرزە کە لەسەر ئەدەبی زارۆکان دەدوێ.

پرسیار: چلۆن پێناسەی ئەدەبی زارۆک دەکەی؟ مێژینەی وێژەی زارۆک لە ئێراندا ئەگەڕێتەوە بۆ کەی؟

وەڵام: ئەدەبی منالان ئەو بەرهەم و نووسراوانەی دەگرێتەوە کە یارمەتی گەشە و پشکووتنی بەهرەی منداڵ دەدا، بۆ بەرەو ڕووبوونەوە دەگەڵ تەنگ و چەڵەمە و گیر و گرفتەکانی سەردەمی گەورەساڵی ئامادەی بکات، پەرسڤ و وەرامی هەستی پەیجۆری و وشیاری بداتەوە، ڕەهەند و لایەنی بەخۆوەسەرقاڵکردنی تێدا ڕەچاو بکرێ، هەڵگری پەیامێکی مرۆڤانی و ئاشتیانە بێت، بتوانێ هاسان پێوەندی بە منداڵەوە بگرێ و وەڵامی نیاز و پێداویستی بداتەوە.

وێڕای پەروەراندنی هەستی خەیاڵ و داهێنان، ڕاستییەکانی ڕوون و بەرهەستی ژیان و گیر و گرفتەکانی وی، وەپشت گوێ نەخات، لە هەمان حاڵیشدا هەڵگری باری ئایدیۆلۆژیکیش نەبێت. زۆر حەز دەکەم بە دەنگی بەرز هاوار بکەم: " گەورەترین یارمەتیمان بۆ زارۆکان، ئەوەیە وازیان لێ بێنین منداڵ بن و سەرقاڵی یاری و کایە و لاساریەکانی تایبەتی ژیانی منالی خۆ بن." بەڵام لە نێو کۆمەڵگەیێکدا هەموو شتێکی تەنانەت خوێندن، هەڵگری باری جیاوازی چینایەتییە، وا هاوارێک بە کوێ دەگات؟ ئایا دەگاتەوە گوێچکەی ئەو دایک و باوکەی بۆ وەدەس خستنی بژیوی ژیان، منداڵەکەی خۆ بۆ سوالکردن بە کرێ دەدەن و وێڵی نێو کووچە و کۆڵان و شەقامانی دەکەن و گەر لەو هاوارە تێبگەن دەبێ وەرامیان بۆی چ بێت؟

لە حاڵێکدا پرسی سەرەکی لای ئەوان، هەوڵ بۆ گوزەرانی ژیان و دەربازبوون لە برسیەتییە، پرسی مەرگ و ژیانە، ئایا دەگاتەوە بەر گوێچکەی کەسانی مینالک هیتلەر و سەددام کە منالان دەکەن بە نێو کوورەکانی مرۆ سووتاندن و گۆڕی بە کۆمەڵدا؟

دەمەوێ ئەدەبی منداڵ لە دووی کایە و یاری، شادی و خۆشحاڵی و خوڵقاندنی دونیای جوان و خەیاڵاوی بۆ وی بێت؛ بەڵام لە کامە جیهاندا؟ لەو جیهانەی ئێستا ئێمەی تێیداین، هەڵبەت من هێشتا دەگەڵ بۆچوونەکەی سەمەدی بێهرەنگی (م).

ئەو ئەدەبەی دونیای دوور لە واقیع و دەستکرد و ئاڵوودەی درۆ و مەرایی لە دوورەوە پیشانی منداڵ دەدا، لە ڕاستییەکانی ژیان دووری دەکاتەوە و وا منداڵێک ئەخاتە نێو گۆمی بێ بنی مەینەت و چەرمەسەری و تەنگ و چەڵەمەوە.

ئایا ڕەوایە منداڵانمان وەک بەرخێکی خشپیلانە و خرپن بار بێنین کە تەنێ دەبێ بیانلاوێنین و بەس؟

کاتێ لە تەلەقۆزیۆنەوە، منداڵانی وەبەر بوومەلەرزەکەوتووی "بەم" پیشان دەدرێن؛کاتێ کارەساتەکەی سۆنامی و منداڵانی برسی و نەخۆش و ڕەقەڵە و باریکەڵەی ئەفریقی بەرچاو دەخرێن، ئایا دەبێ نەهێڵی منداڵ ئەو دیمەنانە ببینێ؟

لەبەرچی بەیانان منداڵانمان بۆ نان کڕین نانێرین هەتا چاویان بە هەرمان و هەوێر شێلانی کرێکاران لە تەنیشت کوورەی گەرمی نانەوایی بکەوێ؟

دروستکردنی ئەمنیەت و هێوریيەکی دەستکرد و درۆینە بۆ منداڵان، جگە لە بەخشینی کەسایەتییەکی لەرزۆک بە منداڵ، چ دەستکەوتێکی دی نابێت. دەبێ منداڵ فێر بکرێ چلۆن چاو لە دونیای چوارتەنیشتی خۆ بکات. دەبێ فێر بکرێ دڵی بە شتێ خۆش بکرێ و تووی هیوا لە دڵیدا بچێندرێ هەتا لە سەردەمی گەنجی و گەورەساڵیدا ، تووشی بێ هێوایی یان هیوا بڕوایی نەبێت.

دەبێ لە حاند حەق و مافی خۆ، ئاگادار بکرێتەوە، ئەدەبی منداڵان جێی مرۆی مەرایی کار، کاسبکار، هەڵپەرست و کوڕی ڕۆژ و بانگەشەکارانی ئایدیۆلۆژیا نییە.

پرسیار: لە ئێراندا لە کامە ساڵانەوە بە شێوەییکی هەرەقەتی "ئەدەبی منداڵ" وەک پرسێکی تایبەت و ڕوون لە

نێو ئەدەبی ئێمەدا سەری هەڵدا؟ پێشەنگەکانی ئەو بەستێنە کێیا بوون؟

وەڵام: ئاوڕدانەوە لە "ئەدەبی منداڵ" ئەگەڕێتەوە بۆ سەرنجدانی هەرەقەتی بە شوناس و کەسایەتی منداڵ لە نێو کۆمەڵگە دا و لاکردنەوە لە بوونی منداڵ، واتە پێویستی ناسیاری و ئاگاداری لەسەر منداڵ، هەستی پێ بکرێ، ئەو سەرنجدانەش، فەیلەسووف و خەڵکی نێو هەمان کۆمەڵگە بەرەو لای خۆ ڕاکێشێ.

گەر وێژەی منداڵان لە ڕۆژاوا ئاوڕێکی تایبەتی لێ دەدرێتەوە و گەلێ بەرهەم دەخوڵقێندرێن کە لە دونیادا پێشەنگ و بە شاکار دەناسرێن، لەبەر بوونی فەیلەسووفانی وەک ڕۆسۆ و جان پیاژە و هەوڵی مرۆڤە تێکۆشەرەکانە.

سەرهەڵدانی دەروونناسی منداڵ کە دەرەنجامەکەی هەوڵی ئەو کۆمەڵگەیانەیە، بوو بە مایەی ئەوەی لەسەر وردەکارییەکانی دونیای دەروونی منداڵ، لێکۆڵینەوە بکرێ و پێگەی وی، وەبەر سەرنج بکەوێ. ئایا لە ئێراندا هەوڵی لەو چەشنە دراوە؟ لە کەیەوە منداڵ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆ بوو؟

ئەدەبی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە.

یەک لەو کەسانەی پەی بە لەباربوونی نیوەچڵی وا دۆخ و پێگەییێک برد، نەمر "جەباری باخچەبان" بوو،ئەو لە دایکبووی ساڵی ١٢٦٤ بوو، ساڵی ١٣٤٥ هەتاویش کۆچی دوایی کردووە.

ئەو بناغەدانەری باخچەی ساوایان لە ئێران و یەک لە نووسەرانی وریا و پێشەنگی ئەدەبی منداڵانە.

پاشی ئەو چەندین نووسەری دی لەو بوارەدا هاتنە نێو مەیدانەوە، هەندێ کەسیش بۆ خۆسەرقاڵکردن، لە بەرهەمی خۆدا ئاوڕێکیان لە منداڵان داوەتەوە؛ بەڵام ئەو کەسەی بە شێوەی بەکردە و تیۆری لای لە ئەدەبی منداڵان کردەوە، سەمەدی بێهڕەنگی لە دایکبووی ساڵی ١٣١٨ هەتاوی بوو کە ساڵی ١٣٤٧ هەتاوی لە ڕووبارەکەی ئەرەس دا خنکا. ئەو تەنیا ٢٩ ساڵ ژیا، لەو ماوە کورتەدا ئەوەندە لەسەر ئەدەبی منداڵان شوێن دانەر بوو کە لە میژووی ئەدەبی ئێراندا بێ وێنە بوو .

هەژمار و تیراژی کتێبەکانی لە ساڵی ١٣٤٦ هەتا ١٣٥٨ بە پێنجسەت هەزار گەیشت. پاشی ئەو ساڵە هەتا بەم ساڵانەش، بەرهەم و کتێبەکانی، ئیزنی بڵاوبوونەوەیان پێ نەدرا،کاتێ ئەو ئیزنە درا(سی و دوو ساڵ پاش مەرگی) فرەتر لە ١٠ دەزگەی چاپ و پەخشی کتێب، بەرهەمەکانی ئەویان بە هەژماری فرە و بان بڵاو کردەوە، ئەو کارە هێشتا هەر بەردەوامە. پاشی سەمەدی بێهڕەنگی، بەرهەمەکانی نەمر ئەحمەدی شاملوو بۆ منالان ، وەبەر پێشوازی کەوتن، پێویستە (جێی خۆیەتی) لە نووسینەکانی دڵسۆزانەی مەهدووختی کەشکۆڵی بۆ منالان، یاد بکرێ.

سەمەدی بێهڕەنگی، دەسپێکەری خولێکی نوێ لە ئەدەبی منالْ و مێرمنالْ بوو. ئەو خولقێنەر و داهێنەر بوو.

سەمەد سەربەخۆیی و شوناسی بە ئەدەبی منداڵ بەخشی. نووسین بۆ منداڵ لای ئەو، ئامانجیکی کۆمەڵایەتی لە پشتەوە بوو. پێش سەمەدی بێهڕەنگی ، ئەدەبی منداڵانی ئێران، لەباری تیۆرییەوە بنەماییکی ئەوتۆی نەبوو؛ بەڵام سەمەد بەردی بنەمای بۆ دانا و پێوەری نوێی بۆ ئەو چەشنە ئەدەبە دەس نیشان کرد.

تیۆری و پێوەرەکانی سەمەد، شۆڕشێکی بەسەر دۆخی ئەدەبی منداڵاندا هێنا. ئەو گۆڕانگارییە، ،گەشەی ئەدەبی منداڵانی لێکەوتەوە.

پرسیار: ئایا ئەدەبی منالْ و مێرمنالْ بنەماکەی لەسەر تەوەری پەروەردەیی- فێرکاری بوو یان لەبن کارتێکەری بزاوتی دیکەدا بوو؟

وەڵام: دیارە ئەم ئاوڕدانەوە لە ئەدەبی منالان، لەسەر تەوەری پەروەردەیی - فێرکاری بوو.

جەباری باخچەبان وەک وتم، بناغەدانەری باخچەی ساوایان لە ئێران دا بوو. چیرۆکەکانی ئەو، هەڵگری باری فێرکاری و پەیامی ڕوونە. هەم لە کتێبی "منیش لەم دونیا ئاواتم هەیە" و هەمیش لە "باوکە بەفرینە" دا؛ بەڵام سەمەدی بێهڕەنگی مامۆستای قوتابخانەی گوندەکانی دووڕەدەستی ئازەربایجان بوو، ئەو سات و کاتی خۆی دەگەڵ منالانی ڕەنجبەری گوندی کە زۆربەیان لە بنەماڵەی نەدار و دەس کورت بوون، بەسەر دەبرد. ئێوە لە دونیادا نووسەر، شاعیر و تۆێژەرێک نابینن ڕووانگەی فەلسەفی و ئەزموونی ژیانی تاکی و کەسێتی خۆی نەگۆێزتبێتەوە بۆ

نێو بەرهەمەکانی. گەر نووسەرێک بێژێ من بێ لایەنم، بە دڵنیاییەوە درۆ دەکات.

ئایا هانس کریستییەن ئەندرسن لە چیرۆکی: "کچەی شقارتە فرۆش" و " جلی نوێ بۆ ئیمپراتۆر" دونیا بینی و فەلسەفەی خۆ پێشکەش ناکا؟ ئەو بەڕاستی لە بەرهەمەکانیدا بێ لایەنە؟

ئەو نووسەرەی لە فێرگەکانی نادەوڵەتی باکووری تاران ١ وانە دەڵێتەوە دەگەڵ ئەو نووسەرەی لە شەقامی خەییام و باشووری شار دەرز دەڵێتەوە، دەرحەق بە قوتابیان یەک بۆچوونیان هەیە؟

ئایا قوتابی ئەو دوو شوێنە بە یەک جۆرە دەژین؟

سەمەدی بێهڕەنگی لە بەرهەمەکانیدا ئاوڕی لە ڕاستییەکانی کۆمەڵێتی دەدایەوە، بۆیە بەرهەمەکانی وەبەر سەرنجی منداڵ و مێرمنداڵ و تەنانەت گەورەکانیش دەکەوت.

دوابەدوای بڵاوکرانەوەی بەرهەمەکانی وی، تەنانەت منداڵ و مێرمنداڵی دەوڵەمەندیش دەگەڵ گوندییەکان ئاشنا بوون، لە دەرد و چەرمەسەری و ڕەنج و کوێرەوەری ئەوان ئاگادار بوون و زۆرێ لەوان بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بێهڕەنگی، بۆ نەهێشتنی ئەو سیستەمە نارەوایە دەستیان دایە خەبات.

پرسیار: لە دەیەی چلدا کە ئەدەبی منداڵان بە شێوەی فەرمی سەری هەڵدا و نووسەرانی بواری منداڵان لەو ساڵانەدا، چالاکانە بۆ منداڵ و مێرمنداڵیان دەنووسی، لە ژێر کارتێکەری کامە بزاڤدا بوون؟

وەڵام: دیارە هیچ هونەرمەندێک بێ هەڵوێست نازی. هیچ هونەرمەندێکی پێشەنگ، دوور لە سیاسەت نابێت. لێرەدا مەبەست لە سیاسەت، ناسیاری و ئاگاداری و هەستیاری دەرحەق بە پرسەکانی دونیای چوارتەنیشتی هونەرمەندە، ئەگینا ئەدەب و هونەر لە بەرامبەر دەردە سیاسەت دەوەستێ.

ئەو بزاوتەی وای لە سەمەدی بێهڕەنگی کرد ڕوو بکاتە نووسین، جگە لە سەرنجدان و هەستیاربوونی لە حاند منداڵانی هەژار و دەس کورتی لادێی، شتێکی دی نەبوو، هەڵبەت بە هۆی موتاڵا و خوێندنەوەی هەمەلایەنەی،

هەموو بواریکی لەباری بۆ دەسپێکی کار و چالاکی، ڕەخساندبوو.

لە لایێکی ترەوە ئەو وەک هەموو نووسەر، شاعیر و هونەرمەندێکی بەرپرس و دڵسۆز و خودان بەڵێن جگە لە پێشکەشکردنی بەرهەمەکانی، بیری لەوە دەکردەوە چۆن دەتوانێ بەرەنگاری ڕژێمێکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری پڕ چەک کە لاگرێکی گەورەی وەک ئەمریکای لە پشتەوە بوو و هۆکاری چارەڕەشی و چەرمەسەری خەڵک بوو، بێتەوە. ئەو ڕژێمەی ڕووناکبیر و زانا و بیرمەندانی دەخستە کونجی زیندانەوە، ئەشکەنجەی دەدان و لە سێدارەی دەدان.

لە هەمبەر وا ڕژێمێکدا کە بەکرێ گرتە و کاسەلێس و ئەڵقەلەگوێ، دەورەیان دابوو، زۆر نووسەر کە کۆشک نشین نەبوون و داخوازی خۆیان بە داخوازی جەماوەر دەزانی، دەستیان دایە خەبات. وێنە و نموونەی ئەو خەباتکار و تێکۆشەرانە لە بەرهەمەکانی لێکۆڵینەوەیی و چیرۆکی ئاخر و ئۆخری دەیەی چلدا بەرچاو دەکەوێ. بۆ نموونە لە بەرهەمەکانی سەمەدی بێهڕەنگی دا، بێهروز دێهقانی، سەعید سوڵتانپوور، عەلی ڕەزا نابەدڵ، حەمید مۆمنی و غوڵام حسێنی ساعیدی دا.

لە نێو نووسەرانی دەیەی چلدا کەم نین ژمارەی ئەوانەی لە هەردووک بواری سیاسەت و ئەدەبدا دەوریان دەبینی. ئەدەبی بەرپرسی دەیەی چل و پەنجا، شانۆی ئەدەبی بزاڤی سیاسی بوو و تایبەتمەندییەکانی ئەو بزاڤەی (بە پارتیزانی و هتدەوە) لە ناخدا بوو.

سەمبول و هێما، خوازە و درکە، بەر لەوەی جەوهەر و ماکی ئەدەب بن، پەناگە و ناوەندی "چالاکی" هزر و وتەی یاساخ کراو بوون.

دەکارگرتنی نازناو لە لایەن هەندێ نووسەرەوە کە کاری سیاسییان دەکرد، گەلێ بڕەوی هەبوو، لەو نێوانەدا سەمەدی بێهڕەنگی فرەترین نازناوی بوو.

پرسیار: بەرهەمەکانی سەمەدی بێهڕەنگی چۆن دەنرخێنی؟ ئایا سەمەد وەک چەکێ یان کەرەستەیێک بۆ خەبات یان کردەی "ڕقی چینایەتی" سەیری منداڵی کردووە؟ تۆ هەتا چەندە تووشبوون بە دەردە سیاسەت لەو بەرهەمانەدا دەبینی؟ تایبەتمەندی جواناسانەی ئەدەبی لە کامە بەرهەمی ئەودا پتر بەرچاو دێ؟

وەڵام: من سەمەدی بێهڕەنگی بە دەسپێکەری خولێکی نوێ بۆ ئەدەبی منداڵ و مێرمنداڵ دادەنێم کە پێش ئەو تەنانەت پاش ئەویش، نووسەرێکی وا دڵسۆز، بەجۆش، تێکۆشەر، کارا و بەرپرسم لا شک نایە. لەسەرانسەری مێژووی ئەدەبی ئێمەدا کەس شک نابەم بەرهەم و پاڵەوان و کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکانی، ئەوەندە ناوبانگیان دەرکردبێت. گەر سەمەدی بێهڕەنگی نەبوایە،. ئەمڕۆ ئەوەندە لا لە ئەدەبی منداڵان نەدەکرایەوە.

ئەمڕۆکە لەسەر مۆسیقای منداڵان، کاری ئەوتۆ ئەنجام نەدراوە چونکە سەرەڕای کۆسپەکانی سەرێی، لە بواری مۆسیقاشدا کەسایەتییەکی وەک سەمەدی بێهڕەنگی دەرنەکەوتووە.

هەڵبەت بەرهەمەکانی وی، دەکرێ وەبەر ڕەخنە و لێکدانەوە و نرخاندن بخرێن، بەڵام لە بیر نەکەین ئەو بناغەدانەرە. ئەو بە نووسینەکانی، لە پرێک سەرنجی گەلێکی خودان مێژینەی پرشنگداری ئەدەبی و هونەری، بەرەو لای تۆێژێکی لەبیرکراو ڕاکێشا. گەر ئەدەبی منداڵان ئەمڕۆکە ئەوەندە گەشەی کردووە، لەبەر سەرهەڵدانی سەمەدی بێهڕەنگی لە بواری ئەدەبی منداڵ و مێرمنداڵدایە. هەندێ دەیانەوێ بە ناوی لادانی ئایدیۆلۆژیکی لە ئەدەبی منداڵان، پێگەیێک بۆ ئایدیۆلۆژی و هزری دواکەوتووانەی خۆ وەدەس بخەن. ئەمانە دەڵێن تۆ مەنووسە هەتا من کە چوومەتە ژێربـاری ڕەوشی ئێستا، بنووسم. ئەوەی ڕاستی بێت زۆر کەسان، نووسین یان بەرهەمێک دەگەڵ ڕووانگە و بیر و هزری خۆیاندا نەیەتەوە، بەسیاسی لە قەڵەم دەدەن هەتا مەیدانی پێ چۆڵ بکەن.

بە کورتی بێژم، ماسییە ڕەشەی چکۆڵە، ناسراوترین بەرهەمی ئەدەبی بۆ مێرمنداڵانی سەرانسەری دونیایە.
هیچ بەرهەمێکی ئێرانی هەتا ئێستا نەیتوانیوە ئەوەندەی ئەو بەرهەمە بەرز بێت.

تایبەتمەندییەکانی جواناسانە لە ماسییە ڕەشەی چکۆڵە، پیرەژن و جووجەڵەی زێڕین و کوڕەی چەنەوەرفرۆشیدا، زێتر لە بەرهەمەکانی دی بەرچاو دێن.

پرسیار: پاشی شۆڕش، بە تایبەت لە دەیەی ٧٠ دا،ناوە دیارەکانی بواری ئەدەبی منداڵان لە ئێراندا کامانەن؟

وەڵام: دەتوانم لە بەرهەمی ئەحمەدی شاملوو بۆ منداڵ و مێرمنداڵ و هەروەها لە مەهدووختی کەشکۆڵی، ڤیۆلێت

ڕەزاق پەنا، پەرۆیز دەوایی، بەهرام خائیفی، شەهرام شەفیعی و محەممەد ڕەزا شەمس ناو ببەم.

پرسیار: "هەری پاتێر" ت خوێندۆتەوە؟ ئەمڕۆکە منالْ و مێرمنالّی ئێرانی چی دەوێ؟ پڕفرۆشترین بازاڕی کتێبی منالّان دەتوانێ شوێنێ لەبار و سەنگی مەحەکێ بۆ دەس نیشانکردنی ئەو پرسە بێت؟

وەڵام: کتێبەکانی خاتوو جی.کەی.ڕۆلینگ(م) خوێندۆتەوە. ئەمە بەرهەمێکە ئەچێتە خانەی نوێگەری و داهێنانەوە.

کاتێ هزر ئاسوودە و سەربەست بێت، دەتوانێ ڕێی نوێتر ببڕێ و پەی بە جیهانی تازەتر ببات و داهێنانی تیا بکات. ئەمە زۆر سەرسوڕهێنەرە چوارهەزار منالْ و مێرمنالْ لە شوێنێکدا خڕ بنەوە هەتا خاتوو ڕۆلینگ چەن لاپەڕەی کتێبەکەی خۆی بۆیان بخوێنێتەوە.

بە جیهانیکردنی ئەدەبی کۆمەڵگەیێک ئا بەو چەشنەیە. دەبێ ئاوڕ لەوە بدرێتەوە بەرهەمێک لە چ هەل و مەرجێکدا فرۆشی زۆر دەبێ. گەر هەلی پڕۆپاگەندە، ڕەخنە و ناساندن بۆ هەموو بەرهەم و کتێبێک یەکسان و بەرانبەر بێت و نووسەریش قسەی تازەی بۆ وتن پێ بێت، هەڵبەت لە سەرێ بوونی هەژمار و تیراژی بانی بەرهەمێک، سەنگێکی باشە بۆ دیاری و دەس نیشانکردنی ئەو بەرهەمە.

پرسیار: بزوتنەوەی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئەدەبی منالْ و مێرمنالْ،دەرد یان دەرمان و چارەسەر؟ ئایا وەرگێڕانی بەرهەمەکانی بواری منالْ و مێرمنالْ، توانیویە ڕۆحی ئاشتیانە، ڕوانینی ڕەخنەگرانە، بە پەرۆشبوون بۆ دێمۆکراسی و چێژبردن لە هەڵمژینی هەوای ئازادی، بە وەرە و ڕۆحی منالْ و مێرمنالّی ئێرانی ببەخشێ؟

وەڵام: وەرگێڕانی بەرهەمەکانی بیانی هەمیشە یارمەتییەکی فرەی ئەدەبی ئێمەی داوە. ئەم یارمەتییە هەڵبەت لە سەر بواری ئەدەبی منالّانیش شوێن دانەر بووە و ئێستا بە گوێرەی ئەو ئامارەی لەوەردەستدایە سەتی هەفتای بەرهەمی ئەدەبی منالّان، وەرگێڕانی بەرهەمی دەرەکییە. سەتی سی بۆ بەرهەمی نووسەرانی ئێرانییە، کاتێ نووسەرانی منالْ و مێرمنالْ بە هاسانی ناتوانن سیمای واقیعی ژیان و داواکاری منالّانی ئێرانی بەدەستەوە بدەن و بۆ ئەوان بنووسن، کاتێ کاری نیگارکێشی و وێنەی نێو کتێبی منالّان بە دەگمەن نەبێت، لە ئاستێکی باندا نییە،

دیارە ئەو کەلێنە بە کتێبی دەرەکی پڕ دەکرێتەوە.

بەم ساڵانە گەلێ بەرهەمی نووسەرانی سەرانسەری دونیا بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێڕدراون. هەڵبەت ئەم بەرهەمانە گەر بە زمانێکی سادە و ساکار و بێ گرێ و گۆڵ لەباری ڕێزمانییەوە وەرگێڕدرێن، زیانیان بۆ کەس نابێت، بگرە لەبەر ئەوەش نووسەرانی نوێی ئەدەبی منااڵن دەتوانن زۆر شتان لەو بەرهەمە وەرگێڕدراوانەش فێر بن، پڕ بەدەستکەوتیش دەبێ؛ لەو الشەوە خوێندنەوە و بینینی ئەو کتێبانە، ئاستی چاوەڕوانی و ئینتیزاری خوێنەری ئێرانی، بەرز دەکاتەوە کە هەر وا سووک و هاسان وەرگری هەر بەرهەمێکی گۆترە نەبێت.

ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا ناوی ئەو نووسەرە دەرەکییانەی بۆ منااڵن دەنووسن، نائاشنا نین. خوێنەری ئێمە، ئەمڕۆکە چاک ئەم ناوانە دەناسێ: هانس کریستییەن ئەندرسن، الفۆنتێن، برایانی گریم، ڕۆڵد داڵ(زەبەالحە لەبەر دڵانەکەم)، ڤالدێمیرسۆتەیف(چیرۆک و وێنە)، میکاییل ئەندە(چیرۆکی بێ کۆتایی)، ستریدلیند گێرن(پی پی گۆرەوی زل)، ژێ - کریستان(زاڵبوون بەسەر شەودا)، یاشار کەماڵ(سوڵتانی فیالن)، ئێریش ئێزر(چیرۆکەکانی من و باوکم)، ڤالدێمیر بۆگۆ مۆلۆف((منداڵیی ئیوان)، دۆمینیک هالەوی(ئەستێرە و منداڵ)، مامین سیبریاک(قەلە ڕەشە) و جی.کەی.ڕۆلینگ(هەری پاتێر).

ئەو کتێبانەی ئاماژەم پێدان بە تایبەت لە پێک هێنانی وره و ڕۆحی ئاشتیخوازی، گەلسالاری، ئازادیخوازی و دادوەریخوازی لەسەر هەست و نەستی منااڵ و میرمنااڵ، گەلێ شوێن دانەرن.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی شەرق، یەک شەممە، ۳ی گوالنی ۱۳۸۵ی هەتاوی

چەن سەرنجێک لە الیەن وەرگێڕەوە:

* ناوی دوو بەرهەمی عەلی ئەشرەفی دەرویشیان

۱ باکوور و باشووری شاری تاران، هەڵگری دووبارە تەواو جیاوازی چینیایەتییە و ئەوەی دانیشتەی باکووری شارە لە تۆڕێ دەوڵەمەندی نێو کۆمەڵگەیە و لەباری ژیان و گوزەرانەوە لە ئاستێکی باڵنتر و باشترداید کەچی خەڵکی باشوور نشینی شار لە دۆخێکی نزمتری ژیاندا دەژین و ئەوەی لە تۆڕێ دەستکورت و هەژار یان مامناوەندی نێو کۆمەڵە، نیشتەجێی باشووری شارە. ئەم پێناسە تەنێ بۆ ئاستی داهات و دەرامەتە و ڕەنگە گەلێ ڕەهەند و

لایەنی کەسایەتی و هزری نەگرێتەوە. چونکە ئەمڕۆکە بە چاوی خۆ دەبینین زۆرن ئەو کەسانەی لە گەڕەکەکانی خواری شار دەژین کەچی زۆر ڕووناکبیر و مرۆڤی خودان هزریان تێدایە بەڵام لەبەر گیرۆدەبوونی کۆمەڵ بە گەلێ دەردی کاری وەک مەرایی کاری و گەندەڵییەوە لە هەموو بارێکەوە ئەو مەودا هەتا دێ فرەتر دەبێت. لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەم خاڵە دیارە بۆ خۆ پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە و من تەنێ ویستم سووکە زانیارییەک لەو پێوەندییەدا بە خوێنەری ئەم بابەتە ببەخشم.

** ئەم بابەتە نزیکەی دوو مانگ لەمەوبەر ئامادە کراوە بەڵام داخەکەم لەبەر ژیانی کرێ نشینی نێو شاران و کۆسپەکانی سەر ڕێی ژیان، پێم نەکرا و بۆم نەلوا زووتر لەمە بۆ بڵاوکرانەوە ڕەوانەی لای ماڵپەڕەکوردییەکانی بکەم. ڕەنگە هەندێ زانیاریشی بە ڕۆژ نەبن، هەر لێرەدا داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکەم؛ بەو حاڵەوەش هەوڵم داوە لەسەر مامۆستا دەرویشیان زانیاری فرەتر بە خوێنەری کورد ببەخشم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣٠ی پووشپەڕی ٢٧٠٦ ی کوردی

وتووێژ لەگەڵ ئەلی ئەشرەف دەرویشیان

ڕۆژنامەی "شەرق

ئێوارەی ڕۆژێکی زستان پاش وتوویژ، لەگەڵ بەڕێز "ئەلی ئەشرەف دەرویشیان" لە ماڵ دەردەکەوین. ئەڵێ حەزی لە بینینی بەفرە، هەتا جادەی "چالووس" دەچین و بۆ کاتژمێرێک لە شوێنێک لا ئەدەین و لەوێ دەس دەکات بە گێڕانەوەی زۆر یادەوەریی بەتایبەت سەبارەت بە سەربردەی بە مامۆستا بوونی خۆی لە گوندو ئاواییەکانی شارسانی گێڵانی ڕۆژاوا.

پرسیار: ڕەنگە دووپاتکردنەوە بێت بەڵام ئەتۆ زۆر زێتر و باشتر لە هەموو کەسێکی دی سیمای تاڵی هەژاریت خستۆتە بەرچاو، باشە پێت وایە لە ڕاستیی لات نەداوە و زۆر لق و پۆت بۆ دروس نەکردووە؟

وەڵام: نەخێر، بەهیچ لەونێک، چوونکە ئەم منالانە قوتابی خۆم بوون لە گێڵانی ڕۆژاوا و زۆر هەژار بوون، کە زۆر جارچێشتانگا لەسەر پۆلی وانەوتنەوە لەهۆش دەچوون وئاگایان لە دونیا نەدەما،ساڵ دوانزە مانگ ،چێشتیان بۆ لێ نەدەنرا و خواردنێکی سەر ئاوریان نەدەخوارد. لەساڵا چاویان بە گۆشت نەدەکەوت،بەهیچ لەونێک. هەمووی ڕاستە و ڕەنگبێ من بەقەدەر پێویست نەمتوانیبێت خودی واقیع و ڕاستییەکە بنووسمەوە. هیچم پێوە زێدە نەکردووە هەمووی ڕاستیی ڕووتە و بەس و پاشانیش نۆرە دەگاتە "ئاوشۆران" کە بنەماڵە وخێزانەکەی خۆم بوو،بۆ خۆمان بووین، من و براکانم.

پرسیار: نووسەرانی گەورەی میناک بەڕێزت و ئاغەی "دەوڵەت ئابادی "بە چەشنێک چیرۆکەکانتان کۆمەڵایەتی و باسی هەژاریی نێو کۆمەڵگە دەکەن. پێت وایە ئەم شێوازە نووسینە هێشتا قسەی بۆ وتن پێیە و هێشتا هەر خوێنەری هەیە؟

وەڵام: هەتا ئەودەمەی کە نادادگەریی و هەژاریی لە کۆمەڵگەدا بمێنێ، ئەم چەشنە نووسینەش هەر بەردەوام دەبێت،خوێنەری خۆی دەبێت، مەگین ئەوانەی کەئەم جۆرە کێشە و گرفتانەیان بەلاوە گرینگ نەبێت. تائەودەمەی کە هەژاریی و چەوساندنەوە درێژەی بێت، ئەم شێوازە نووسینەش هەرخوێنەری خۆی دەبێ و بەردەوام دەبێت و منیش ژیان، ئەمانەی بە ناومەوە نووسی، لەبەر بنەماڵە وخێزانەکەم، خاڵم، کرێکاری کۆمپانیای نەوت بوو، ئەندامی حیزبی "تووده"ش بوو، کتێبەکانی "مەکسیم گۆرگی" و نووسەرانی دی دەهێنایەوە ماڵ و بۆ ئێمەی دەخوێندنەوە، من هەر لە منالییەوە کەوتبوومە بن کارتێکەری ئەو چەشنە پرسانەوە.

پرسیار: ئەتۆ چلۆن سەیری ئاوێتەبوونی ئەدەب بە سیاسەت دەکەی،ئایا ئەمەت پێ باشە؟

وەڵام: نەخێر، سیاسەت خۆی بەسەر ئەدەبدا دەسەپێنێ، ئەدەب، قەت دوای سیاسەت نەکەوتووە، هەڵبەت بە وتەی "شاملوو" گەر ئێمە لەبەرهەمی خۆدا جەوهەری ئەدەب ڕابگرین، ئەوە زۆر چاک دەبێت و بەرهەمەکەشمان، بەرهەمێکی گرانبایی وچاکی ئەدەبی دەرئەچێ کە دیارە ئەرک و ماندووبوونی دەوێ، بەڵام کاتێک ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەسەر سیاسەت نانووسن، ئەو ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی نووسەر، پێشت بڵێم ڕاس دەکەی، بەڕێز "دەوڵەت ئابادی" و من. ئەرێ، دەوڵەت ئابادی، مامۆستای منە، دەوڵەت ئابادی بەڕاستیی نووسەرێکی زۆر گەورەیە بەڵام من نا، لە بەرامبەر ئەودا نا.

پرسیار: ئەمە گەورەیی و خاکەڕابوونی بەرێزت دەنوێنێ، هەر دووکتان نووسەری زۆر گەورەی ئەم وڵاتەن.

وەڵام: بۆ دەوڵەت ئابادی ڕاستە، بەڵام من نا، (بە پێکەنینەوە)، ئەمەش دیسان هەر جۆرە سەپاندنێکە.

پرسیار: ڕۆمانی "هەورە سازان" ڕۆمانێکی چوار بەرگییە کە هەم ئۆتۆبیۆگرافییە و هەمیش بەشێکی مێژووی کرماشان و ئێرانی تێدا نەخشە. باشە بۆچ ئەم ئۆتۆبیۆگرافییە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩) دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕش کۆتایی دێ؟ باشە درێژەی هەیە؟ ئیشت لەسەر کردووە یان بەنیازی درێژەی پێ بدەی؟

وەڵام: من بەنیازم درێژەی پێ بدەم بەڵام هیوام بە لەچاپ درانی نییە.

پرسیار: مەبەستت ئەوەیە هێشتا دەستت نەکردووە بە نووسینەوەی؟

وەڵام: نەخێر، بەڵام زۆرم بیر لەسەر کردۆتەوە، هەموم لە مێشکدایە.
پرسیار: لە ڕۆمانی هەورەسازان دا لام وابێت چەن بەشێکی بەرگی سێیەم و چوارەم لەسەرگرتن و ئەشکەنجەدان و لەبەندکرانە، بەشێوەیەکی زەقتر، جیاوازتر، وردتر و تەنانەت جوانتریشە لە بەشەکانی دی، یان نەخێر من بەهەڵە بۆی چووم. باشە گەر ئاوایە، لەبەرچی؟

وەڵام: هەر وایە، لەبەر ئەوەی زێتر هەستم پێکرد، فرەتر لێی گەیشتم، گوشار و زەحمەتی زۆرتری خستە سەرشانم، زیندانی کرماشان بەڕاستیی دۆزەخێکی ڕاستینە و ترسناک بوو، هەتا یەکێک بۆ خۆی پێنج دەقەقەیەک لەوێ نەبووبێت، تێناگات من دەڵێم چی و چلۆن دۆزەخێک بووە.

پرسیار: ئەتۆ دوو جار ڕەوانەی زیندان کراوی، یەکەمجار لەکرماشان.

وەڵام: سێ جار

پرسیار: ببووردە،جاری یەکەم لە کرماشان تۆماکەر و ڕێکۆردەرێکت (زەبتی سەوت) پێ بوو کە دەتویست...

وەڵام: ڕاستە،خەریکی کۆکردنەوەی چیرۆک و ئەفسانەکان بووم.

پرسیار: دیارە جاری یەکەم تووشی ئازار و مەینەت و گوشاری زێتر هاتی هەتا جارەکانی دواتر؟

وەڵام: زۆر زۆر. دواتر من لە زیندانەکانی "تاران"،"قەسر" و "ئیڤین" دا لە گەڵ زیندانییەکانی سیاسیدا بووم، ئاشنای زۆرکەسایەتیی ناودار بووم، قسە و باس دەکرا،کاتمان کەم دێنا، خوێندنەوەمان هەبوو. بەڕاستیی کاتمان بۆ خوێندنەوە زۆر کەم دەمایەوە. بەڵام زیندانی کرماشان نە کتێبی تێدا بوو و نەش کەسایەتییەکی ناسراوی سیاسی، تاقمێکی داماو و بێکار و لاعار و قاچاخچی بوون، زیندانییەسیاسییەکانی جیابوون. ئەمانە هەموو بەڕاستیی لەسەرم کاریگەر بوون.

پرسیار: بەگوێرەی سەربردەی ناو هەورەسالان ئەتۆ لە زیندان دا خۆت بە برسی ڕادەگرت، بەڕاستیی وابوو؟

وەڵام: ئەرێ، من ئەوەندە کز و لاواز بووبووم کە بەندۆخێنی پانتۆڵەکەم زۆر بەزەحمەت بۆ دەبەسترا(گرێ دەدا)، بەجۆرێک کە یەک لە دۆستان دوای مانگێک هاتە لام و وتی: ئەرێ کورە ئەلی ئەشرەف بۆ واتە لە خۆ کردووە. چیان بەسەردا هێناوی، خۆ هیچت لێوە نەماوەتەوە.

پرسیار: بمبووردە گەر زۆر لەسەر کەش و هەوای ناو ڕۆمانەکە پرسیارت لێدەکەم و لەخودی ئەدەب دوورت دەکەمەوە بەڵام وەکی عەرزم کردی هەورەسالان ،مێژوو و ئۆتۆبیۆگرافیشە. هەندێ وێنەی کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژت خستۆتە بەرچاو کە زۆر لە ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەی تاران دەچن. خۆپیشاندانی جەماوەر و پارت و حیزبەکان و "شەعبان بێ مێشک"ەکانی ئەو سەردەمە. بەڕاستیی ئەودەمانە کرماشان کەش و هەوایەکی ئەوتۆی بەسەردا زاڵ بوو یان ئەتۆ کۆپی ڕووداوەکانی تارانت کردووە؟

وەڵام: نەخێر، ئەم ڕووداوانە لە کرماشاندا ڕووی داوە. کرماشانی پەنجا ساڵ لەمەوبەر، زۆر پێشکەوتووتر و

پێشەنگتر لە ئەمڕۆ بوو، لە بیرمە، ئەودەمانە شۆنێکیان دانابوو کەبەسەر دەرکەکەیەوە نووسرابوو "خانەی خوێندنەوەی کرماشان"، خەڵک دەچوون لەوێ ڕۆژنامەیان دەخوێندەوە، هەر لەوێ کتێبیان دەخوێندەوە.من دواتر چەن ساڵێک لەمەوبەر بینیم لە "تەجریش" دا شارەوانی، شۆنێکی لەهەمان جۆرەی داناوە، پێشتر گۆڤارێک هەبوو ناوی "خواندنی هاَی لەسەر بوو کە لە حەوتەدا دوو جار بڵاو دەکرایەوە، ڕۆژانی دووشەممە و چوارشەممە و هەر جارە سێ عەرەبانەی گەورە گۆڤاریان دێنا بۆ کرماشان و بەڕاستیی چاکێشی لێ دەفرۆشرا، بزووتنەوەی جەماوەریش زۆر بەگوڕ و بەپلان کاروباری خۆی ڕادەپەڕاند و هەر چەشنە بزاوتێک، دەسبەجێ لەسەر کرماشان کاریگەر دەبوو.

پرسیار: ئەتۆ لە شۆنێکدا وتووتە کە ئەوە نەنکت(دایە پیرە) بوو کە یەکەمین بڕووسکەی نووسینی لە مێردمنداڵیدا خستە مێشکتەوە، وادیارە نەخوێندەواریش بووە بەڵام چیرۆکێکی "سادق هەدایەت"ت بۆ دەگێڕێتەوە؟

وەڵام: ڕاستە، چیرۆکەکە ناوی "داوای بەخشینی" لەسەر بوو کە لای چین و تونژی هەژاری کۆمەڵگە هۆگری زۆر بوو، دیارە یەکێکی خوێندەوار ئەم چیرۆکەی بۆ نەنکم خوێندبووەوە و ئەویش لەبەری کردبوو و بۆ منی گێڕایەوە. دواتر کە هەمان چیرۆکم لە نێو بەرهەمەکانی "سادق هەدایەت" دا خوێندەوە، تێگەیشتم ئەمە هەمان چیرۆکە. چیرۆکی زۆری لەبەر بوو. نەنکم چوونکە مێردەکەی ئێراقی بوو و زۆر دەمێک لە ئێراق ژیابوو، ئاشنای هەموو داب و نەریتی کوردستانی ئێراق تا بەخودی کرماشان بوو و چیرۆکەکانی بۆ دەگێڕامەوە. هەموو شەوێک، چیرۆکێکی بۆ دەگێڕاینەوە، ئێمە دەمانگوت مەتەڵ، دەمانگوت نەنە،چیرۆک و مەتەڵمان بۆ نەقڵ بکە، ئەیوت مەتەڵ ڕۆڵە گیان وەختی زۆری دەوێ، ئەمشەو لێمگەڕێن با بنووم. پێش قۆڵبەست کرانم بەم خانمەم "شاناز"م وت تۆمارکەر و ڕێکۆردەرێکت بۆ پەیدا دەکەم، بچوو لا دەستی نەنکم دانیشە و چیرۆکەکان تۆمار بکە کەڵکیان زۆرە. شاناز، تا ماوەیەک ئەم کارەی کرد. ئێستە بە دەنگی خودی دایەپیرەم ماونەتەوە. منیش چیرۆکەکانم کۆ کردەوە و کتێبەکەشی کەوتە بازاڕ و لەچاپ درا. کەسایەتییەکی زۆر خۆشەویست بوو لام گەر دایە گەورەم نەبووایە، بەڕاستیی من پێم نەدەکرا، بەرهەمەکان بەم شێوە پڕناوەرۆکە لەباری فەرهەنگ و داب و نەریتەوە کۆ بکەمەوە. باپیریشم، کەسێکی وریا و لام خۆشەویست بوو، ئاشنا بە تەواوی مێژووی خەباتی کرماشان بوو، هەمووی بۆ دەگێڕامەوە، بۆن و بەرامەی سینەمایی پێ دەبەخشی.

پرسیار: ئەتۆ لە کرماشان لەدایک بووی و چیرۆکنووسیشت هەرلەوێوە دەس پێکردووە. سرووشت و داب ونەریت و

بەتایبەت مۆسیقای دەوڵەمەندی ئەو ناوە تاچەند لە بەرهەمەکانتدا ڕەنگی داوەتەوە؟

وەڵام: زۆر زۆر، چوونکە لە ماڵی ئێمەدا کەسێکت لا شک نەدەهات کە دایمە گۆرانییەکی کوردی لەسەرزار نەبێت یان ڕۆژ نەبوو گۆرانییێژێک، بەوەبەر ماڵدا تێنەپەڕێ یاخۆ دەهۆڵ و زورناژەنێ، خەڵک ئەچوونە ناو کووچە و کۆڵان، شایی و زەماوەند و خەتەنەسوورانیش کە دەبوو، ئەمانە دەهاتن، هەندێ شایەر وچەرچی هەبوون کە پێمان دەگوتن "دەلۆ" کە کت و پڕ و دەسبەجێ دەستیان دەکردبەشێعرگوتن، هەرکە ناو و ئیش و کاری خۆت پێ گووتبایەن، شێعریان پیا هەڵدەگوتی، ژن و پیاو لەدەوری کۆ دەبوونەوە و گوێیان بۆ شل دەکرد، ئێستاش بۆتە دەستەواژە، هەرکەس قسەی زۆر بکات یان شێعری لەم جۆرە بێژێ، پێی ئەڵێن:ئەرێ کابرا ئەتۆش بۆ بوویتە دەلۆ، خۆ مێشکت بردین. مۆسیقا بەو چەشنە ئاوێتە و تێکەڵی ژیانی خەڵک بووە. ماوەیەک لەمەوبەر کۆنسێرتێکی مۆسیقای کوردی بوو کە منیش چووم بۆ کۆنسێرتەکە. بەڕاستیی چێژم لێ برد زۆر زۆرم پێ خۆش بوو تابەوێ گەر کۆک بووایەم تەندروستیم باش بووایە، هەڵدەستامەوە سەرپێ و دەستم دەکرد بە هەڵپەڕین.

***پرسیار:** زۆرێ لەوانەی چاوەڕوانی دەکرێ ڕووبەرهەمەکانت بکەن و کتێبەکانت بخوێنەوە، دەبێ هەستیان بە ژان و ئازار لە ژیاندا کردبێت بەهەمان چەشنە تۆ نووسیوتە یان بە وتەی خۆت زۆر تاڵتر لەوەش. بەڵام ئەمانە یان نەخوێندەوارن یانژی بەلای خوێندن و خوێندنەوەدا ناچن. لەڕاستیدا خوێنەری بەرهەمەکانت زێتر تووژی دارا و دەوڵەمەند،ڕووناکبیر و مامناوەندیی کۆمەڵگەن. بەلای بەڕێزتەوە باشە ئازاری کوشندەتر و گەورەتر ئەوە نییە کە کەسایەتی و قارەمانەکانی ناوچیرۆک و بەرهەمەکانت نەخوێندەوارن و بۆ خۆ خوێنەری بەرهەمەکانت نین؟*

وەڵام: بۆ نا،هەروایە، هونەری هەرە گەورەی "سەمەدی بێهڕەنگی" ئەوە بوو ئەدەبی گوێزتەوە بۆ نێو جەماوەر، زۆرێ لە خەڵکی ئێمە نەخوێندەوار بوون بەڵام "سەمەد"یان دەناسی و هەر لەبەر خۆشەویستیی "سەمەدی بێهڕەنگی" دەچوونە پۆلی خوێندنی شەوانە. دایکم نەخوێندەوار بوو بەڵام چاکی دەناسی. لەبەر خۆشەویستیی سەمەدی بێهڕەنگی چووە پۆلی خوێندنی شەوانە و فێرەخوێندن بوو. تەواوی هەوڵ و تەقەلاو بیر و زەینم بەلای ئەوەوە بوو کە بتوانم کەش و هەوای ناو بەرهەمەکانی سەمەدی بێهڕەنگی و بۆ نموونە بەرهەمەکانی نەمر"هوشەنگی گوڵشیری" کە لە ئاستێکی باندا بوون، بگوێزمەوە بۆ ناو نووسینەکانم تا خەڵک لێرەوە بگات بەوێ. خوێنەر لام گرینگ بووە و بەڕاستیی بایەخی بۆ دادەنێم. ئاستی خوێندەواریی کۆمەڵگە لام زۆر گرینگە. من زۆر جار وتوومە لە سەردانێکم بۆ ئەنقەرەی تورکیا، ئەوەم بەچاوی خۆ بینی دوو ڕۆژنامەی "میللییەت" و "جمهوورییەت" لە ڕۆژدا هەژمار و

تیراژیان نیو ملوێنە،تۆ بۆ خۆت یری لێ بکەرەوە بزانە تیراژی ڕۆژنامەکانی ئێران چەندەیە، هەر ئەم پێنج شەش ڕۆژنامەیەش کە دەردەچن، دەجا لەوێندەرێیە کە "ئۆرهان پەمۆک" سەر هەڵدەدات و دێتە مەیدانەوە و خەڵاتی نۆبێڵ دەباتەوە، لەوێندەرێیە کە کتێبەکانی تا چاپی دەهەم دەچن، چوونکە ئەوەندە ناکەونە بەر کۆنترۆڵ و سانسۆر و قرتاندن،خەڵکیش حەزی لە خوێندنەوەیە، بەیانی زوو هەمووان لە نێو مێترۆدا ڕۆژنامە و کتێبیان بەدەستەوەیە.

پرسیار: ژمارەیەک خەڵات و گرووپی سەربەخۆی ئەدەبیی بە پاڵ پشتێکی کەمی داراییەوە چالاکن، بەڵای بەڕێزتەوە ئایا لە بنەڕەتدا شتێکمان هەیە ناوی ئەدەبی حوکوومی و ناحوکوومی یان وابەستە وسەربەخۆ بێت؟

وەڵام: ئەدەب،تەنیا یەکە و ئەویش سەربەخۆیە و ئەوانەی کە سەربەخۆن،کاتێک خەڵاتێک دەبەخشنە بەرهەم و کتێبێک، هەمان کتێب دەسبەجێ تا چاپی چەندەم دەچێ،بە چاپی حەوتەم و هەشتەم دەگات. بۆ نموونە نێوەندی "گوڵشیری" نێوەندێکی سەربەخۆیە،ئەوانەی هاریکاریی ئەم نێوەندە دەکەن، کەسانی سەربەخۆن و ڕوانگە و بۆچوونیان لەسەر کتێب و بەرهەمە هەڵبژێردراوەکان، وەبەر پێشوازیی دەکەوێت.

وەرگێڕ و چەن ڕوونکردنەوەیەک بۆ ئەم وتوویژە:

لەم گفت و گۆیەدا ئیشارەت بە گەلێک ناو و کەسایەتی و شوێن دراوە کە ڕەنگە بۆ ژمارەیەک خوێنەری کورد ئەوەندە ئاشنا نەبن، بۆیە ئەم پاشکۆیەم بۆ دانا تا خوێنەری خودان ڕێزی کورد باشتر لە کاکڵ و ناوەڕۆکی وتوویژەکە بگات.

گۆڤاری "خواندنیها":

گۆڤاری "خواندنیها" یەکێکە لە کۆنترین گۆڤارەکانی ئێران کە ساڵی ١٣١٩ی هەتاوی (١٩٤٠) یەکەم ژمارەی بڵاو بووەوە و تا هاوینی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٨٠) بەردەوام بوو و نزیکەی سانّ و نیوێک بەر لە ئیعدامکرانی خاوەن ئیمتیاز و بەرپرسەکەی "عەلی ئەسغەری ئەمیرانی" بەردەوام بڵاو دەبووەوە.

"خواندنیها" لە زمانی کوردییدا واتە گۆڤاریّک کە پڕیبێت لە بابەتی سەرنج ڕاکێش و جوان و شیاوی خوێندنەوە.

ئاوشۆران: گەڕەکێکە لە شاری کرماشاندا،هەروەها ڕووبارێکە کە لە باشووری شاری کرماشانەوە دەس پێدەبێ و تا بە باکووری شار دەچێ و هەنووکە بەشێکە لە شار و سیستەمی ئاوەڕۆی کرماشانی پێدا دەڕوا. ئاوشۆران ،هەروەها ناوی بەرهەم و کتێبێکی نووسەری بەناوبانگی کورد "ئەلی ئەشرەفی دەرویشیان"ە.

جادەی چالووس: جادەی ٥٩، ناسراو بەجادەی چالووس، یەکێکە لەگرینگترین وسەرەکیترین جادەکان بۆ خەڵکی تاران کە لە نێوەڕاستی شاری "کەرەج" ی ناوەندی ستانی "ئەلبورز"ەوە دەس پێ دەکات و ئەچێتەوە سەر شاری "چالووس" لە قەراخی زەریای خەزەردا. بە لای هەندێ کەسەوە، ئەم جادەیە، یەکێکە لە جوانترین ڕێگا و بان و جادەکانی جیهان.

کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژ: کۆدەتایەکە کە لە لایەن و بە پلان و پشتیوانی دراوی ڕێکخراوی نەپندی هەوالگری بەریتانیا و دەزگەی هەوالگری ناوەندیی ئەمریکاوە (CIA) لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی (١٩٥٣) دژ بە حوکوومەتی دوکتۆر "محەممەدی موسەدیق" ئەنجام بوو .ئەم کۆدەتایە لە ئەمریکادا ناودێر کراوە بە هەڵمەتی "ئەژاکس" و لە زمانی ئینگلیزیشدا پێی دەوترێ operation Ajax.

شەعبان بێ مێشک: شەعبانی جەعفەری ناسراو بە شەعبان بێ مێشک، یەکێکە لە ناوەهەراچێکەرەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران و یەکێک بوو لە دەورگێڕەسەرەکییەکانی کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی(١٩٥٣).ئەو سەرەتا خاوەنی زۆرخانە بوو و بۆ خۆش لە زۆرخانەدا وەرزشی دەکرد کە زێتر لەبەر دەوربینین لە بزاوتەسیاسییەکان خاسما لە کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ی هەتاویدا ناوبانگی دەرکرد. ئەو پاڵەوانێکی ناسراوی تارانی کۆن بووە. هەروەها داژدارێکی سەرسەختی حەمەڕەزای شای پالەوی بوو. شەعبانی جەعفەری ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٨٠)لە تەمەنی ٨٥ ساڵان دا لە شاری لۆس ئەنجلێسی وڵاتی ئەمریکا کۆچی دوایی کرد.

سەمەدی بێهڕەنگی: سەمەدی بێهڕەنگی ناسراو بە بێهڕەنگ ،چیرۆکنووس، تۆێژەر، وەرگێڕ و شاعیری چەپی ئێرانی بوو کەڕۆژی دووەمی پووشپەڕی ساڵی ١٣١٨ی هەتاوی (١٩٣٩)لە گەڕەکی "چەرنداب"ی شاری تەورێز لە دایک بوو

و ڕۆژی ٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی (١٩٦٨)لە تەمەنی ٢٩ ساڵاندا لە ڕووبارێ "ئەرەس" و لە قەراخی گوندی "شام کوانیک" یان "کاوانی" دەخنکێ. بەناوبانگترین بەرهەمی، چیرۆکی "ماسییە ڕەشەچکۆلە"یە کە وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی کوردیش. سەمەدی بێهڕەنگی خاوەنی دەیان بەرهەم و کتێبی دیکەیە.

سادقی هەدایەت: نووسەر،وەرگێڕ و ڕووناکبیری ناوداری ئێرانی ڕۆژی سێ شەممە ٢٨ی ڕێبەندانی ساڵی ١٢٨١ی هەتاوی ،ڕێکەوتی ١٧ی فێڤرییەی ساڵی ١٩٠٣لە تاران لەدایک بوو.

سادقی هەدایەت، یەکێکە لە کۆڵەکە و نووسەرانی پێشەنگی چیرۆکنووسی نوێی ئێران و ڕووناکبیرێکی هەرەگەورە بوو. بەڵای زۆربەی تۆێژەرانەوە ڕۆمانی "کوندەبەبوو"، یەکێکە لە شاکارەکانی ناو ئەدەبی چیرۆک و ڕۆمانی ئێرانی هاوچەرخ. سادقی هەدایەت، گەلێک بەرهەمی بەپێزی لە نووسەرانی هەرەگەورەی جیهان میناک "ژان پۆل سارتر"،"فرانتز کافکا" و "ئەنتوان چیخۆف" وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی. سادقی هەدایەت ڕۆژی ١٩ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی، ٩ی ئاپریلی ساڵی ١٩٥١لە پاریس خۆی کوشت و تەرمەکەی لە گۆرستانێکی شاری پاریسدا نێژرا.

چەندین چیرۆکی ئەم نووسەرە بەناوبانگە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدران.

هوشەنگی گوڵشیری: نووسەری هاوچەرخی ئێرانی، هووشەنگی گوڵشیری پاش سادقی هەدایەت، بە یەکێک لە کاریگەرترین چیرۆکنووسانی ئێرانی لە قەڵەم دەدرێ کە ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی (١٩٣٧)لە "ئەسفەهان" لەدایک بوو. ڕۆژی ١٦ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی (٢٠٠٠)لەتەمەنی ٦١ ساڵاندا لە تاران کۆچی دوایی کرد. گوڵشیری سەرنووسەری گۆڤاری ئەدەبیی "کارنامە" بوو. بە نووسینی نۆڤێلێت و کورتەڕۆمانی "شازدە ئیحتیجاب" لە کۆتایی چلەکانی هەتاویدا گەیشتە ئەوپەڕی ناوبانگی خۆ. ئەم کتێبە بە یەکێک لە گرانبایی ترین بەرهەمەکانی ئەدەبی ئێران دادەنرێ.

"شازدە ئیحتیجاب" ی ئەم نووسەرە وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی کوردی.

مەحموود دەوڵەت ئابادی: نووسەری هەرەگەورەی ئێرانی ڕۆژی ١٠ی گەلاوێژی ساڵی ١٣١٩ی هەتاوی (١٩٤٠)لە

"دەوڵەت ئاباد"ی سەر بە شاری "سەبزەوار" لەدایک دەبێت. "کلیدەر" بەناوبانگ ترین بەرهەمی ئەم نووسەرە دێتە ئەژمار. دەوڵەت ئابادی خاوەنی دەیان بەرهەمی بەپێزی تر و هەنووکەش بەگوڕتر لە جاران دەنووسێ.

جێی ئیشارەت پێدانە کە بەرهەمێکی ئەم نووسەرە پایەبەرزە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە.

ئەحمەدی شاملوو: ڕۆژی ٢١ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی (١٩٢٥)لە تاران لەدایک بوو. ڕۆژی ٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی (٢٠٠٠)لە شارۆچکەی "دێهکەدە"ی سەر بە "فەردیس"ی کەرەج کۆچی دوایی کرد. ئەحمەدی شاملوو، شاعیر، قامووس دانەر، وەرگێڕ، تۆێژەر، ڕۆژنامەنووس و یەک لە دامەزرێنەرانی یەکێتی نووسەرانی ئێران پێش و پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو. ناوبانگی شاملوو زێتر لەبەر شاعیر بوونیەتی. شاملوو خاوەنی بەدەیان دەفتەرە شێعر، بەرهەمی وەرگێڕاو، چیرۆک، ڕۆمان، فیلمنامە، شانۆنامە و بەرهەم بۆ منالانە و کاری لەسەر چەندین دەقی کۆنی ئەدەبیی کردووە.هەروەها سەرنووسەری دەیان گۆڤار بووە. کتێبی "کووچە" یەکێکە لە گرانبایی ترین بەرهەمەکانی تۆێژینەوەیی شاملوو کە لەسەر فەرهەنگی زارەکیی ئێرانە و بۆ سەر دەیان زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراوە.

بۆ وتن دەشێ شاملوو، یەکێکە لە دەگمەن نووسەرانی خودان هەڵوێستی ئێرانی بەرامبەر بە دۆزی کورد و هیچ کوردێک، هەڵوێستی ئەم کەسایەتییە بەرزە بەرامبەر مەرگەساتی "هەڵەبجە" لەبیرناکات.

شاعیر و ڕووناکبیری کورد بەڕێز "ناسری حیسامی" گوڵچنێکی شێعری گرانبایی شامڵووی کردووە بە کوردی.

تەجریش: یەکێکە لە گۆڕەپان و مەیدانە هەرەخۆشەکانی شاری تاران کە لەباکووری شاردا هەڵکەوتووە و خاوەنی بازاڕێکی زۆر کۆنی سەردا پۆشراوە کە هەمە جۆرە شمەک و خواردەمەنییەکی تێدا دەس دەکەوێ. هەروەها چەندین شوێنەواری کۆن بەدەور وبەری ئەم ناوەدایە.

ژێدەر: ڕۆژنامەی "شەرق"، پێنج شەممە ٢٨ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی،١٧ی فێبرییەی ٢٠١١

کورتەیەک لە ژیان چالاکییە ئەدبیەکانی عەلی ئەشرەف دەرویشیان

لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە

عەلی ئەشرەف دەرویشیان (لەدایکبووی ٣ی خەرمانان ١٣٢٠ی کۆچی هەتاوی (١٩٤٦) لە کرماشان - کۆچکردووی ٢٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧) نوسەری بەناوبانگی کوردی ئێران و ئەندامی چالاکی بنکەی نووسەرانی ئێرانە. دەرویشیان هەندێک لە نوسراوەکانی بەر لە شۆرشی بەهمەنی ١٣٥٧ی ئێران بە نازناوی لەتیف تەلخیستانی بڵاو کردوەتەوە. ئەو بەر و دوای شۆڕشی بەهمەن چەند کەڕەت بە هۆی چالاکیە سیاسیەکانی دەستگیر کراوەتەوە. هەندێک لە کارەکانی دەرویشیان وەرگیراونەتەوە بە کوردیی سۆرانی.

ژیان

عەلی ئەشرەف دەرویشیان لە ٣ی خەرمانان سالّی ١٣٢٠ی کۆچی هەتاوی(٢٤ی ئاگۆستی ١٩٤١)زایینی لە بنەماڵەیەکی کرێکاری لە گەڕەکی ئاوشووران لە شاری کرماشان لە دایک بوو. لەسالّی ١٣٣٧ = ١٩٥٨ زانستگای سەڕەتایی پەروەردەی مامۆستای تارانی تێپەڕاند و بۆ مامۆستایی چوو بۆ گوندەکانی دەوروبەری کرماشان و گیەڵان. لە سالّی ١٣٤٥ = ١٩٦٦ دەستی کرد بە خوێندنی وێژەی فارسی لە زانکۆی تاران و بڕوانامەی کارناسیی وەرگرت و بەدوای ئەو لە پۆلی کارناسیی بالّا دەرۆننناسیی پەروەردەی خوێند و هاوکاتیش لە زانستگای بالّای پەروەردەی مامۆستای تاران خوێندنی خۆی لە رشتەی ڕاوێژکاری و ڕێنمونی بۆ فێرکاری بەردەوام کرد.

دەرویشیان لە سەردەمی حکوومەتی محەممەدڕەزا پەهلەوی لە سالّی ١٣٥٠ تا ١٣٥٧ = ١٩٧٨ - ١٩٧١ بۆ نووسینی

کتێبی «لە ئەم ولاتە» و چالاکیی سیاسی سێ کەرەت دەستگیر و نوساندنی بۆ قێخە کرا. ئەو یەکەم جار لە کرماشان و بە ماوەی ٨ مانگ دەستگیر کرا بەڵام پاش لە ٢ مانگ دیسان و ئەم جارە لە تاران دەستگیر کرا و بە ٧ مانگ زیندان تاوانبار کرا. هەروەها بە ئەم تاوانە لە زانکۆ و هەروەها لە مامۆستاییش دەر کرا. دەستگیری سێهەمی دەرویشیان لە ١٣٥٣ = ١٩٧٤ بوو کە حوکمی ١١ ساڵ زیندانی بۆ درا و دەرویشیان لە ئەم ڕیکەوتە هەتا سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران لە مانگی ڕێبەندان لە زیندان بوو. دەرویشیان لە دواییەکانی ساڵی ١٣٥٢ = ١٩٧٣ لەگەل شاناز دارابیان ژیانی هاوبەشی پێکهێنا.

کاری نووسەری

عەلی ئەشرەف دەرویشیان لە سەردەمی لاوی دا.

بابەتی کارەکانی دەرویشیان خەڵکی بندەستن. ئەو هەروەها لە زۆربەی کارەکانی سەبارەت بە بەشەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆی دەنوسێت. دەرویشیان دەڵێت لە کاتی منداڵی و لە چیرۆکەکانی دایەپیرەکەی لەگەل چیرۆک و چیرۆکبیژی ئاشنا بووە و هەروەها بارودۆخی فەرهەنگیی دەستپێکی داسڵانی ٣٠ی کۆچیی هەتاوی لە گەشەبوونی بیری خۆی کاریگەر دەزانێت. دەرویشیان یەکمین چیرۆکی خۆی کە قەت بڵاو نەکراوە لە بەندیخانەی دیزل ئابادی کرماشان نوسیوە. ئەو لە کارەکانی هەروەها سەبارەت بە قوتابیەکانی خۆی و خەڵکی چەوساوەی شاری کرماشان و گوندەکانی دەوروبەری دەنوسێت و تۆزێک لە نەداریەکان و کێشەکانی خەڵکەکە ئاشکرا دەکات. دەرویشیان دەڵێت بەدوای مردنی سەمەد بیهرەنگی لە ساڵی ١٣٤٨ تەسمیمی گرتووە ڕێکەی بەردەوام بکات.

عەلی ئەشرەف دەرویشیان

خاک

ساڵی ١٩٤١ لەشاری کرماشان هاتۆتە دنیا. بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لەگوندەکانی ناوچەی کرماشان مامۆستای

قوتابخانەبووە. ساڵی ١٩٦٦ لەزانکۆی تاران لەبەشی ئەدەبی فارسی وەردەگیرێ و لەم زانکۆیەتا قۆناغی ماستەری بەشی "دەروونناسی پەروەردە" دەخوێنێت. هاوکات لەناوەندی زانستی باڵای تاران هەتا قۆناغی ماستەری "راوێژکاری و ڕێنوێنی وانەخوێندن" دردێژەبەخوێندن دەدات.

دەروێشیان ئەندامی بنکەی نووسەرانی ئێرانەو خاوەنی چەندین کتێب و بەرهەمی ئەدەبی بەهێزە، لەبوارەجیاجیاکانی ئەدەبیاتدا؛ بەتایبەت لەبواری فەرهەنگی خەڵکی ئاساییدا کۆمەڵێک کارو پرۆژەی بەنرخی ئەنجامداوە. جیا لەمانەش چەندین کتێبی ڕۆمان و بەرهەمی چیرۆکی بەزمانی فارسی نووسیوەکەلەم چیرۆکانەدا زیاتر گرینگیداوەبەخەبات و کێشەی گەلی کورد و بابەتەکۆمەڵایەتییەکان.

سەرجەمی کتێب و بەرهەمەنووسراوەکانی دەروێشیان کەتا ئێستا ئامادەو چاپ و بڵاوکراوەتەوە، زیاتر لە ٦٠ بەرهەمەکەبریتین لەبوارەکانی "چیرۆک بۆ منداڵان و مێرمنداڵان"، "کۆکردنەوە"، "کورتەچیرۆک و ڕۆمان" و "فەرهەنگی خەڵکی ئاسایی".

گرنگترین و بەرچاوترین بەرهەمی "عەلی ئەشرەف دەروێشیان" نووسین و کۆکردنەوەی پرۆژەیەکی گەورەیەبەناوی "فەرهەنگی ئەفسانەکانی خەڵکی ئێران لە٢٠ بەرگدا" کەبەرهەمی ٢٢ ساڵ هەوڵ و تێکۆشانی ئەم نووسەرەیە. ئەم فەرهەنگەکۆمەڵەچیرۆکێکی سرنجڕاکێش و مێژوویییەکەبەشێوەی گشتی و ئەلف بێیی سەرجەمی ئەفسانەکانی خەڵکی سەرتاسەری وڵاتی ئێرانی لە ٢٠ بەرگی جیاوازدا لەخۆگرتووە.

کتێبی "فەرهەنگی ئەفسانەکانی خەڵکی ئێران" بەهاوکاری "ڕەزا خەندان مەهابادی" ئامادەکراوەو لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی "کتێب و فەرهەنگ" لەتاران چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

شایانی باسەبۆ یەکەم جارەلەئێران فەرهەنگێکی وا دەوڵەمەند کۆ دەکرێتەوەو تا ئێستا تەنیا ٥ وڵات لەتەواوی جیهاندا ئەفسانەکانیان بەم جۆرەو بەشێوەی ئەلف و بێ ئامادەو چاپ کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاک - ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

مصاحبه منتشر نشده درویشیان: لباس واقعیت به داستان پوشاندم



عصر دهم اردیبهشت سال ۸۶ بود که خبر ضایعه مغزی «علی‌اشرف درویشیان» رابه من دادند. خبری که نه تنها من بلکه انبوهی از دوستداران این نویسنده و اهالی ادبیات، فرهنگ و آزادمنشی را متأثر ونگران کرد.

مختار شکری پور

ایران آنلاین: حالا آقای نویسنده از آن روزهای سخت گذر کرده و درآخرین دیداری که برای انجام این گفتوگو، با او داشتم؛ دیدم که به مبارکی و سربلندی روی پاهایش ایستاده و دارد قدم برمی دارد. می‌گفت «دارم بهتر می‌شوم و در این مدت چند داستان کوتاه نوشته‌ام. رمانی را نیز شروع کرده‌ام که باز حال و هوای «کرماشان»* دارد و در آن به زندگی پهلوانان آن دیار می‌پردازم. قهرمان رمان، پهلوانی است که عاشق می‌شود و...» به گمان نگارنده، این پهلوان عاشق، خود نویسنده است که حماسه و عشق را به هم آمیخته تا حماسه‌ای عاشقانه خلق کند هر چند که خود عشق بزرگترین حماسه است. همان نیرویی که در ذات «علی اشرف درویشیان» در مرتبت والایی وجود دارد و اگر غیراز این بود، عبورش ازاین بیماری سخت محال بود. صبر و تلاش واعتماد به نفس شگرفاش را شاهد بودم و با طمأنینه و لهجه شیرین کرمانشاهی‌اش می‌گفت «من باید خوب بشم». بذله گویی و طنز دلنشین این بزرگمرد دراین حالت بیماری، نشانه‌هایی تأمل برانگیز از جوشش شور زندگی در اوست. در این گفتوگو به سال‌های دور و ابری‌اش رفتیم تا چشم‌اندازی کلی به سیر زندگی، آثار، دیدگاهها و مواضع این نویسنده تأثیرگذار در جریان ادبیات داستانی و فضای اجتماعی بپردازیم.

پسزمینه‌ها و آبشخورهای نویسندگی شما چه بود و چگونه نویسنده شدید؟

*** پسزمینه‌های داستانگویی و تبلور داستان و قصه و افسانه در زندگی من به شبهای زمستانی سردی برمی‌گردد که با خانواده دور کرسی می‌نشستیم و پدرم برایمان قصه‌هایی از شاهنامه کردی می‌خواند و همسایه‌ها هم به منزل ما می‌آمدند. شاهنامه کردی شخصیتی به نام «رستم کله دست» به معنی «رستم کوتاه دست» داشت. پدرم از او بسیارمی گفت. منظومه«خورشید و خاور» و «حمزه نامه» نیز از دیگر کتابهایی بودند که پدر برایمان می‌خواند. شخصیت «حمزه صاحبقران» را خیلی دوست داشتم به طوری که درکوچه می‌گفتم من پسر «حمزه» هستم.**

در «سال‌های ابری» به نوعی به این ماجرا اشاره کرده‌اید؟

*** بله، این فضاها همچنان در زندگی ما بود تا اینکه در فضای کرماشان سال ۳۲، که آن زمان نوجوانی ۱۲ساله بودم، به کتاب علاقه زیادی پیدا کردم و شروع به خواندن کردم. در آن مقطع کرماشان محیطی کارگری بود و خانواده من نیز همه کارگر بودند اما به کتاب خواندن خیلی علاقه داشتند. «ابوالقاسم لاهوتی» شاعر بزرگ مردم کرماشان بود و اغلب مردم به‌دنبال کتاب شعر او بودند و کتابهایش را در جایی، که به قیمت گرانی کرایه می‌دادند، تهیه می‌کردند. یک معلم شیمی داشتیم که علاوه بر شیمی، شعرهای «لاهوتی» را برای ایجاد تنوع وخشک نبودن کلاس برایمان می‌خواند. یک روز شعر «داک» لاهوتی را، که درباره میهن گفته بود، با مطلع ذیل برایمان در کلاس خواند:**

«فقط سوز دلم را در جهان پروانه می‌داند
غمم را بلبلی که آواره شد از لانه می‌داند»

این شعر تأثیر زیادی روی ما گذاشت و خیلی متأثرشدیم. این گونه بود که آشنایی با شعر «لاهوتی» مرا با شعر ونوشتن آشنا و علاقه‌مند کرد. دایی‌ام نیز، که در شرکت نفت کار می‌کرد، برایمان رمان، از جمله آثار«ماکسیم گورکی» را می‌آورد. روزی یکی از معلم‌هایمان گفت که این شعر را به نثر بنویسید:

«جدا شد یکی چشمه از کوهسار
به ره گشت ناگه به سنگی دچار»

من این کار را کردم. نثر را که خواندم، همه مرا تشویق کردند. همان جا نخستین جرقه نویسندگی در ذهن من زده شد.

یک بارگفتید «قبل از نویسنده شدن، در عرصه ورزش وزنه‌برداری فعالیت می‌کردم ولی در جریان مسابقات از آن زده شدم و...» حتی جایی در رمان «سال‌های ابری» می بینیم که «شریف» راوی، به اعتبار اینکه گفته اید شخصیت «شریف» در «سال‌های ابری» خود من هستم، با «عبدالحسین کشاورز» وزنه می‌زنند و کشاورز از شعر گفتن «شریف» سخن به میان می‌آورد و... فکر کنم که این ماجرا به همان صحبت‌های شما برمی گردد؟

*** «عبدالحسین کشاورز» اسم مستعار یکی از دوستان من است و هم اکنون مهندس است. آن زمان در رشته ریاضیات درس می‌خواند و درکنکور در رشته مهندسی راه و ساختمان قبول شد. قبول شدن او درکرماشان آن سال‌ها به منزله یک اتفاق بزرگ بود چرا که قبول شدن درآن رشته خیلی سخت بود. با هم انجمنی در مدرسه راه انداخته بودیم که بعدازظهرها، وقتی که بچه‌ها مرخص می‌شدند، در یکی از کلاس‌ها جمع می‌شدیم و شعرها، داستان‌ها و انشاهایمان را می‌خواندیم. با او خیلی صمیمی بودم. هم شعر می‌گفت و هم وزنه‌برداری کارمی کرد. من هم به تبعیت از او شروع کردم به وزنه‌برداری و بعدها در کرماشان انتخاب شدم و برای مسابقات به تهران آمدم اما وقتی با روش‌های مسابقه برخورد کردم؛ زده و منصرف شدم.آن را رها کردم. معلم شدم و به گیلانغرب رفتم.**

فضای آنجا مرا به مردم نزدیکتر و آشناتر کرد و دیدم که چه رنج‌هایی دارند وبچه‌هایشان با چه مشکلاتی روبه‌رو هستند. بعدها این شناخت و دمخور بودن با آن مردم، در نویسندگی خیلی به کارم آمد. چرا که من معتقدم، نویسنده‌ای در کارش موفق است که با شخصیت‌های داستان‌هایش احساس نزدیکی بکند. البته باز هم شروع به نوشتن نکردم وبعدها در اثر فعالیت‌هایی که داشتم؛ دستگیر شدم وبه زندان کرماشان افتادم. درآنجا بود که با روستایی‌ها و مردم رنجدیده بیشترآشنا شدم و شروع به نوشتن مجموعه داستان های «ندارد» کردم. دلم از بغض و کینه پر شده بود. همین طور مجموعه‌ای از داستان‌های «ازاین ولایت» را نوشتم.

البته فضای داستان های«از این ولایت» به تجربه‌های زندگی شما در «گیلانغرب»، به هنگام معلمی درآنجا، برمی‌گردد. چطور شد که این همه بین نوشتن «از این ولایت» و تجربه‌های شما از آن فضا فاصله افتاد؟

* همیشه حوادثی هست که آدم را به جلو می‌برند. دوسال بعد ازمعلمی درگیلانغرب بود که «از این ولایت» را نوشتم. بخشنامه آمد وگفتند هرکه ۱۰ سال سابقه معلمی داشته باشد؛ می‌تواند در کنکور شرکت کند و به دانشسرای عا لی برود. درآن کنکور شرکت کردم و قبول شدم. به دانشگاه تهران آمدم و درآنجا با شخصیت‌هایی چون دکتر «آریان پور»، «جلال آل احمد» و دکتر «سیمین دانشور» آشنا شدم و آنها بودند که باز درذهن من توجه بیشتری به ادبیات را ایجاد کردند. بخصوص «آل احمد». بعدها با دکتر «محمد باقر مؤمنی» که کرماشانی بود، آشنا شدم و نخستین داستان‌هایم را پیش‌اش بردم و خواندم. درجلسه بعدی از من خیلی استقبال کرد و مرا خیلی به نوشتن تشویق کرد. این اتفاقات بودند که قدم به قدم مرا به سمت نویسندگی سوق دادند و گرنه اگر به من می‌گفتند دوستداری در آینده چه کاره شوی؟ هیچوقت نمی‌گفتم که آرزو دارم نویسنده شوم چرا که نویسندگی را دور از زندگی‌ام می‌دانستم.

قبل از این اتفاقات و آشنایی با این شخصیت‌ها، هیچ اثری از شما منتشر نشده بود؟

* خیر، فقط زیاد خوانده بودم. نخستین کتابی که از من چاپ شد «صمد جاودانه شد» بود که ابتدا درمجله «جهان نو» چاپ شد و بعد به صورت کتاب جزوه‌ای در آمد اما نخستین کتاب داستانم، مجموعه داستان «از این ولایت» بود.

یادداشت‌هایی از زندگی و خاطرات و تجربه‌هایتان در گیلان غرب برداشته بودید؟

* بله، یادداشت‌های زیادی در دفترم نوشتم و بعد نشستم روی آنها کار کردم و به صورت داستان درآوردم.

چقدر از آن واقعیت‌های محض وام گرفتید؟

* اصلا با آن واقعیت‌ها متفاوت نیستند. داستان هایم کاملا واقعیت دارند منتها لباسی داستانی تن آن واقعیت‌ها کرده‌ام.

حتی شخصیت‌ها هم همان اسم و مشخصات را دارند؟

* شخصیت‌ها موجود، زنده وقابل لمس هستند. با من دوست و رفیق بودند و با آنها سرسفره نشسته و به مسافرت رفته بودم. با خانواده شاگردانم آمد و شد داشتم و همه را بخوبی می‌شناختم.

به همین خاطر شما رابیشتر نویسنده‌ای رئالیست می‌دانند ولی اگردر آثار شما دقت کنیم، رگه‌هایی ازفضاهای انتزاعی و تخیلی، که ازطریق وامگیری از آداب و رسوم دینی، مذهبی و فرهنگی، قصه‌ها و افسانه‌های کردی وهمچنین تصویر پردازی‌های شاعرانه ایجاد شده‌اند، بخوبی مشهود است. به‌عنوان مثال، شخصیت «آل» در «سال‌های ابری» شخصیتی خیالی است که در رؤیا یا جریان سیال ذهن بر نویسنده ظاهر می‌شود. همین طور اتفاقاتی هم در آثارتان، بخصوص در رمان «سال‌های ابری» می‌افتد که شبیه رخدادهای افسانه‌ای هستند.

توصیف‌هایی که با بهره‌گیری از صور خیالی درآثارتان تبلور یافته‌اند نیز، وجهی دیگر از این دنیای غیر رئالیستی است که به شعر پهلو می‌زنند. خود شما سهم واقعیت محض بیرونی و فضاهای انتزاعی وشاعرانه در آثارتان را درچه سطح ومیزانی می‌بینید؟

* واقعیت و تخیل از همدیگر جدایی‌ناپذیر و جزئی از زندگی هستند.حتی تخیل ریشه در واقعیت دارد. تخیل در افسانه‌ها نیز نقش عمده‌ای دارد و لحظات سوررئالیستی هم هست. همان طور که در «سنگ صبور» و «حسن کچل» می‌بینیم. اینگونه است که واقعیت وتخیل را همراه هم می‌دانند. من هم سعی کردم تا حدی تخیل به داستان هایم بدهم تا خشک نباشند و خواننده راخسته نکنند.

* واقعیت زندگی پیرامون، بواسطه کارگر بودن خانواده‌ام، برایم کاملا ملموس بود اما مادر بزرگم «بی‌بی» با روایت افسانه‌های کردی، درشکل‌گیری و پرورش یک ذهن تخیل پرداز در من خیلی کمک کرد. او به افسانه‌ها خیلی اهمیت می‌داد و همیشه به ما توصیه می‌کرد که آنها را حفظ کنیم و قدرشان را بدانیم. هنگامی که در کرماشان

دستگیر شدم، ضبط صوتی به همسرم «شهناز» دادم تا آن افسانه‌ها را از زبان «بی‌بی» و دیگران ضبط کند ونگذارد که کارم متوقف شود. پرورش تخیل، برای درخشیدن ما در سطحی جهانی، خیلی مهم است و فکر می‌کنم که یکی از وظایف عمده مدارس ما، پرورش دادن تخیل بچه‌ها است.

«سال‌های ابری» ازطرفی بیوگرافی شما در جامه رمان است و از طرف دیگر می‌توان آن را، با توجه به فصل‌های آن، تاریخ زندگی پر فراز ونشیب یک ملت درسیری تاریخی عنوان کرد. انگارکه سرنوشت راوی با سرنوشت یک ملت درکوران حوادثی تلخ و شیرین گره خورده است. خود شما در این باره چگونه می‌اندیشید؟

* آنچه در «سال‌های ابری» برای من مهم و مورد توجه دیگران هم قرارگرفته است؛ صمیمیتی است که من در بیان حوادث اطرافم دارم.حتی«گابریل گارسیا مارکز» هم می‌گوید که هیچ تکنیک، فن و سبکی در نویسندگی، نمی‌تواند جای صمیمیت در روایت را بگیرد. از طرف دیگر، این رمان را براساس زندگی خود و مسیری که از کودکی تا زمان انتهای رمان طی کرده و به یادم مانده بود نوشته‌ام.

طبقه‌بندی فصل های«سال‌های ابری» موضوعی است یا براساس مقاطع تاریخی؟

* تاریخی است و این دوره از سال ۱۳۲۰ شروع می‌شود و تاسال ۱۳۵۷ ادامه پیدا می‌کند.

«سال‌های ابری»، به خاطر وقوع بیشتر رویدادها در شهر «کرماشان»، یک رمان شهری محسوب می‌شود ولی در آن روابط و مناسبات روستایی نیز موجود است و با روابط و مناسبات شهری ادغام شده‌اند. شاید این خصیصه، تا حدی به تفاوت کمترمیان روابط ومناسبات روستایی وشهری در آن زمان کرماشان برمی گردد ولی خود شما دلیل دیگری برای این امر دارید؟

* کرماشان محیطی بود که روستاییان اطراف هم به آنجا می‌آمدند و ما همیشه به روستاییان دوغ فروش و رب انار فروش و... دربازار کرماشان برمی‌خوردیم. آنها با خود فرهنگ ومناسبات روستایی را می‌آوردند و با آوازها و موسیقی‌شان نیزآشنا می‌شدیم. تجربه‌های دوران معلمی گیلان غرب و آشنایی‌ام با چهره‌های روستایی نیز در پسزمینه ذهنام بود. بنا براین تأثیر زیادی روی نوشتار من می‌گذاشت.

شما که بیشترتجربه داستان کوتاه داشتی، چطور تصمیم به نوشتن رمان بلند«سال‌های ابری» گرفتید؟

*** سال ۱۳۵۵در زندان قصربودم که رمان «پا برهنه ها» اثر «زاهاریا استانکو» با ترجمه زنده یاد «احمد شاملو» به زندان آمد و خواندیم وخیلی از آن لذت بردیم. روزی یکی از دوستانم پیش من آمد وگفت «درویشیان شما باید رمان بنویسی». ازهمان لحظه به سراغ این مسأله رفتم. سبک «پا برهنه ها» با ترجمه بسیارزیبای «شاملو» روی من خیلی تأثیر گذاشت و دریافتم که من هم باید صادقانه و روشن حرف هایم را بزنم.**

شاگردی نویسندگانی شاخص چون «جلال آل احمد» و «سیمین دانشور» تأثیراتی روی سبک وسیاق نوشتاری شما نداشت؟

*** آشنایی با این استادان در من عشق به ادبیات و نویسندگی وکتاب را افزون کرد. خانم «سیمین دانشور» به ما درس«تاریخ هنرخاوردور» و «زیبایی شناسی» می‌داد. موسیقی، فیلم‌ها و تئاترهای روز را نیزبه ما معرفی می‌کرد. «آل احمد» هم ما را ترغیب به بازدید از نمایشگاههای نقاشی می‌کرد. البته در دانشسرای عالی، درس «آیین نگارش» را هم با او داشتیم و این به کار نویسندگی می‌آمد.**

تجلی فرهنگ و آداب و رسوم و روابط ومناسبات اجتماعی کردها در آثار شما خیلی پررنگ است و از همه مهمتر تدوین و گردآوری چند جلد فرهنگ وافسانه‌ها و ضرب المثل‌های کردهای کرمانشاه و اطراف، انگیزه منحصر بفردی می‌طلبد. این پرداخت جدی و فراگیر به این فرهنگ و پتانسیل‌های داستانی آن ناخودآگاه و به خاطر تعلق شما به این فرهنگ اتفاق افتاد یا اینکه کوششی آگاهانه برای رجعت به فرهنگ غنی این ملت داشته‌اید؟

درحقیقت به خاطر توجه وعلاقه‌ای که به کردها داشته ودارم خواسته و ناخواسته وجوه فرهنگی آنها در آثار من می‌توانست بیاید، چرا که زندگی مرا مردمان کرد احاطه کرده بودند. فرهنگ کردی از خانواده گرفته تا کوچه و بازار و مدرسه، فرهنگ غالبی بود اما معاشرت‌های من با مردم گیلان غرب و مواجه شدن با ضرب المثل‌ها وگفتارهای آنان، مرا بر آن داشت که از این پتانسیل فرهنگی برای ایجاد تنوع در آثارم بهره ببرم.

چطور شد که تصمیم به ترجمه آثار نویسندگان کرد گرفتید؟

